# کوا

# فاشیست ؟




**کاوەسوور**

# ناوئاخن

١: پێشکەش :

٢: تێبینی :

٣: شەنگە و چوونە شاری :

٤: کلیلی قوتابخانەی :

٥: شەوی خو سازدان :

٦: بەیانی بەرلە شاری چوون :

٧: شەنگە و ماشێن و شەکرە :

٨: هاتنەوە لە کەتە کاروان :

٩: ئەوە دزە لە هەیوانێ ؟ :

١٠: دەرباز بوون لە ئاستەنگێ :

١١: مامميرزا و قوتابخانە :

١٢: بارو خەمی شەنگەی :

١٣: دەسەڵات وفاشیست.... شاحیزب و جەمهورپاشا :

١٤: گوردەن کەمبلی کانادایە :

١٥: تراژدیای مامخ و بزنان :

١٦: پرێسکە و بووخچەی حیزبگەلی کوردستان :

١٧: فەرەیدوون و کاوەی ئەم سەردەمە :

# پێشکەش

ئەم نووسراوە پێشکەش بێ بە:

١- پێنج دایکە سێ کورودوو کور کوژراووە و جگەرسووتاوی مەهابادی کە وەک نموونەی زور لەدایکانی کوردستانێ سەریان بە هەناسەساردی ناوەتەوە وەیان دەینێنەوە.لە بەر ئەوەی ئمن ئەو پێنج دایکانەم لەشاری مەهابادێ وەک نموونە کە لەخوارەوە ئاماژەیان بو دە کەم هەڵبژاردوە، چونکە لە نیزیکەوە لە گەڵ کورە کانیان هامووشوم هەبوە و ئاگاداری چونیەتی ژیانیان بووم .

لە سەرتاپای کوردستان سەدان دایکی ئاوا هەن کە من ناوم نەزانیون و هەروەها لە نیزیکەوە لەژیان و گوزەرانیان بەئاگا نەبووم کە بە چ ژان و ژانێک ئەو رولانەیان گەیاندوتە ئەو روژەی کە بەڵکو لە بەریان وەحەسێنەوە،بەڵام مخابن شەختەی ناوەختی پاییزی فاشیستی لێدان و لێیان بێ بەرو بووم کران.

١-١-دایکە زبێدی سیروانی ،دایکی سێ برا پێغەمبەرنەژادە کان(حوسێن و عیسا و مووسا) کە بە نیوەبێوەژنی و هەوێداری چون ئەو سێ کورانەی بە دیپلۆم گەیاند ،کە ئەو لاوە بێ تاوانە لە گەڵ سی‌وسێ و سی‌وشەش کەسە کانی پشتی پەنجاونو نەفەرە کانی مەهابادێ بەدەستی بێچوە فاشیستە کانی کوماری ئیسلامی تیرەباران کران و تەنانەت نەیانهێشت نە گورو تەرمە دابێژراوە کانیشیان ببینێت.

١-٢-ئایشێ بەنگینی کە دوو کوری(خدرو بازیدی رەنگین) کرچ و کاڵ و ئێستا بەتەواوەتی پێنە گەیشتوو لە گەڵ پەنجاونو نەفەرە کان نامروڤانە ئێعدام کران ،وە ئەو دایە ئایشیە ئە گەربزانن چون بە کارە کەری و بەنیوە بابی ئەو کورانەی دەژیاند.

١-٣-ئایشێ کەرشین،دایکی رەحمان و دیارجەناح کە دوونموونە ئازا و نەترسی پێشمەرگەی کوردستانێ بوون کەرەحمان بە دەستی جاش و پاسدارانی ئیسلامێ گیانی بەخت کردو دیاریش لە ناو خومەخومە و پێکدادانی ناوخویی حیزبی، دوو لایەنی حیزبی دێموکرات بە دەستی لایەکیان تێداچوو .ئەو پوورە ئایشیە بە کەژووگوریس کەری و تەشی‌رێسی ئاخو ئاگاتان لێبا کە بە چ هەژاری و نەدارێک لە دێی قوزلووجەی ئەو دوو کورەی گەورە دە کردن.

١-۴-فاتمە کورد. دایکی سمایل(رەزگار) و خدرە سووری، هەدووکیان چون چەلەنگانە لە بەرانبەری هێرش و پەلاماری داگیرکەران بەرەنگاریان دە کرد. وە هەردووکیشیان بە پریشکی توپ و خومپارەی ،سمایل لە شارویرانی و خدریش لە تەرەغەی موکریانێ گیانیان لە لێدان کەوت. فاتمە کوردی هەلکەوتوو شەو روژ بە قورشێلان و تەندوورکەری گەرە کو شارو دێهاتی ئەو منالانەی خودان کرد.

١-٥-پوورەفاتی هەمزەی ئارەحمانی دایکی حەسەن و حوسێن (ئاسو) ڕەحمانپوور کە ئەو دوانەش لە بوێرو نەبەزەکانی هێزی پێشمەرگەی مەهابادێ بوون کە حەسەن بە گوللەی داگیرکەرانو ئاسوش بە گوللەی لابەلای خومالّی لە پەلاماربو سەرئەو داگیرکەرانە گیانیان بەخت بوو. پوورە فاتیش هەروەک ئەو چوار دایکانەی‌تر وە هەموو دایکانی‌دیکە کە ڕولەیان لە دەس داوە بە دنیایەک هیواو ئاوات ئەو کوڕانەی گەورە کرد.

٢-لە گەرماو گەرم و دارژتنی کوتایەکانی ئەم نووسراوەیە دابووم کە لە هەواڵی بێ سەرو شوێنی دوکتور کەماڵ سەید قادر ئاگاداربووم بویە مەرجم کرد کە ئەم نووسراوە لە گەڵ ئەو پێنج دایکە هێژایانە پێشکەش بە ویشی بکەم بە دوو هۆ؟ یەکەم تا ئەو جێگایەی من ئاگادارم دوکتور کەماڵ یەکەم زیندانی سیاسی دەسەڵاتی کوردیە کە بە بێ یاساو یان باشترە بڵێن بە یاسا لە کارنەکەوتوکەی بەعس وەک گوپاڵ لە دەست دەسەڵاتدا خەریک بوو وەک زورانی رابوردوو شوێنەوونی بکەن.

دووهەم دەبوایە لەو زیندانەدا لە هەولێر بکوژانی عەبدولخالەق مەعروف و مامەریشەکان بە پێی یاسای مروڤایەتی دادگایی و زیندانی بکرێن نەک ڕەخنە گریان سکالاکارێک ئەویش بەم شێوەیە. دەبوو هەرنەبێ سەروکانی دەسەڵاتی کوردی کە جورج بووشی‌بە سەرقافڵەی دێموکراسی‌و ئازادی خویانی دەزانن وەک ئەویش لە هەمبەررەخنەگرو نەیاری خویان هەڵس‌و کەوتیان کردبایە . هەموو دەزانن کە مایکڵ مورچ بە جورج بووش و هاوریانی داکات ، نەک هەرنایگرن بەلکوو ڕێگایان پێداوە لە رادیوو تلەفیزیون وروژنامەکانیشدا بلێت جورج‌بوش و پیاوی سپی گەوج و گەمژەو کەرو گان.

*****

# تێ بی نی

وەک تێ بی نی:

.....تەق تەق....

لە هەموو بەرگر و دوواگر و لایەنگر و هۆگری ئەو هێز و حیزبانە کە لێرەدا بە رەوا یان نارەوا ، بەئاگا و یان بێ ئاگا لە راستیانرا پێمان هەڵەنگووتووە وەیان زمانمان لاڵ بووە، من و مامیرزا داواکارتانین کە پێش ئەوەی بکەوینە بەر پللارو تێرۆی ئەوان ئەوە وەک .... تۆپەڕاکردێن ، نان‌نانێن ، قان‌قانێن ، فەقێ‌فەقێن.... قانێکمان بدەنێ، قانەکەش ئەوەبێت کە پێش هەڕەشە و گورەشەی دەسەڵات و حیزبەکەتان بە چاوێکی رەخنەگەرانەوە تێمان بنوارنوو سەیری ئەم فیلمنامەیە بکەن‌و پاشان بە کیفی خوتان وەرگەرنە سەرووسەکوتمان‌و توورمان هاوێن، وە ئەگەرحەزیشتان کرد لابارمان بو راستبکەنەوە ئەمەش بە هەردووک رێدا چاکانەتان بو دەژمێرین.

....ئێوە ئۆغرو ئێمەش بێ‌وەی.....

کاوە سوور ئوکتوبری ٢٠٠٥

kawesoor@yahoo.com

# شەنگەو چوونی شاری

شەنگە دەچێت بو شاری

چیت بو بێنیٚ بە دیاری

لە کل‌و کلدان و کلتوور

لە دەرمان و مانیکوور

یان جلکی کوردەواری

شووشە:هەتیوە شەنگە دیسان چیتە و خولیای چی بووی وا گویٚ نادەیەی و گورانیت هاتووە ماڵویران، کورە سەر بەقوڕ ماوستا گویٚ لیٚ دەبیٚت.

شەنگە: نانا مەترسە کاتی پشوودانە و ماموستاش خەریکی وەرەقە چاک کردنە،بە راستیمە دەچم بو شاری. تو خوت دەزانی زور دەمیٚکە خولیای چوونە شاریمە و ئەوە ئاواتە کەم دیٚتە دی، بە دوو هو پیٚم خوشە بو شاری بچم ؟

شووشە: دا بلٚیٚ بزانم شەکرە سیٚو ،نە کەی بو نووقلٚ خواردن و چاوەچاوی بو شاری بچیت؟ بیٚتوو وا بکەی چاوە کانت لە بنەرە ترا دەردیٚنم .

شەنگە: ئەی دلٚت توقیٚ کچولٚیٚ ،ئەمن نازانم بو کیژولان هەرپیان وایە کە دوستە کەیان شەوروژیٚ خەریکی چاوەچاویٚن ،خو ماڵخەراپ تو من باش دەناسی ،من جگە لە تو لە راست هەموو کەس چاوم کویٚرە و هەستم مردووە، من بە دلٚ دلٚم داوە بە تو هەر لە باخچەی ژیانمدا وە بە تاقی‌تەنیٚ گولٚی ژین و ئەڤین لە ژوانی مندا هەرتوی و هەرتوش دەبی. گویٚ بگرە هەتا کاتی پشوودان تەواو نەبووە با بوت باس بکەم ،من قەت شارم نەدیوە .یەکەم ئاواتم ئەوەیە کە پڕ بە دلٚی خوم دیاریٚکی خنجیلانە و لەبار لە بو تو بیٚنم ، دووهەم تو دەزانی کە ماموستا زور جاران بومان باس دە کات کە لە شار بە کامپییٚوتیٚری لە گەڵ خزموو ناسیاوانی خویٚ کە لە دەرەوەی وڵاتن ئاخافتن دە کات و ئەوان دەبینیٚت وە دەشلٚیٚت کە کامپییٚوتیٚر وەک هەمبانەبورینە وایە. هەرچی بتهەویٚت تیٚ دایەو لە هەرچی بگەری هەرئەوەندە دەستی بخەیە ناوی دەیدوزیٚوە.

شووشە: دادەی دادەی خەپلی‌خەپان پیٚم بلٚیٚ بزانم تو کیٚت هەیە لە هەندەران؟نەچی چاو لە کچەتیومچەتیوی خاریجەومار

یجان بکەی ، ئەی رو سەرزل لە منت نەستێنن!.

شەنگە: شووشە گیان من بە منالّ مەزانە،من زور کەسم لە دەرەوەی ولّات هەیە و هیوایەتم ئەوەیە کە ناو کامپیێوتێرێدا بیانبینمەوەو وەدەستیان خەم.دەزانی ئەوانە کێن!؟

شووشە: کورە نە بە گیانی تو نازانم، دە سەرشین زووکە بزانم ئەو خزمانەی داهاتووی من کێنن!؟ خەی شای گولّانم .

شەنگە: ئەوانە پێشمەرگەن پێشمەرگە،زوریان گیانیان بەخت کردووە و زوریشیان ئێستا لەدەرەوەی ولّاتن. کاتێک ئەوان دەهاتنەوە،من زور جاران لە دەشتوو بەندەنێ نانوو پێخوری خوم کە دایکم بوی تێدەنام خوم نەمدەخواردوو دەمدا بە وان و هەتاکوو ئێواری زگبرسی دەمامەوە، وە ئە گەر ئێواران دە گەرامەوە بەرەو مالّێ هاوارهاوار و قورەقوری زگم رێ روژێکی دەروێشتو دایکم دەیگوت هەتیوە بو وا برسی؟ توربێنە کەت سە خواردوویە؟من بێدەنگ دەبووم و خوم لە گێلی دەدا.چونکە کورەکان دەیانگوت لای کەس نەیدرکێنم. هەروەها زور جارانیش کاتی حەسانەوەیان کە لە ناو شەغرە و گیشەو یەغنیو گالێشو کاو خویانو ئەشکەوتێدا دەخەوتن من وورياییم بو دەدان.

شووشە: باشە کاکی حاستەم و قایم پێم نالّێ ، دەبا بزانم چیدیکەت هەیە لە منت شاردبێتەوەو من پێم نەزانیبێت؟

شەنگە: دلّ و گولّم هیچم لە تو قایم نە کردووە، ئەوە توزێک جیاوازەجیاواز،تێبگەتێ. هێندێک شت نەدرکاندنی باشترە لە زراندنی، ئەوەش بە واتای بێ متمانەیی نیە، رەنگ بێ توش زور نەهێنێت لا بێ جارێ نەکوتنی باشترە لە کوتنی تا کاتی خوی دێت.

شووشە: بریا وابا، کوا ئەمن خوم رادە گرم هیچ لەتو وەشێرم.دەباشە دەی ئێستا خەریکی بە کێوانمدا بەریت ،خوتو دەزانی کە پێشمەرگەکان زوربەیان ناوی خویان نەبوو ، ئەتو چوون‌دەزانی کە ئەوان ناوی ئێرەیان لە خاریجەوماریجەش نە گوریبێت و چون دەتوانی ئەوان بدوزێوە؟خو کامپیێوتێر لە خویەوە هاوار ناکات بلّێ وەرە ئەوەتانێم ناوی‌خوت بلّێ ئەمن پێخواسم،تینووم، برسیم•هەندرێنم،هەلّگوردم،هەلّکەوتم•ئەسرینم،بەفرینم،هەورینم•بێزارم،بێکەسم،بێبەشم•سەیرانم،شوخانم، کێژانم• ئارامم،ئاسوم،ئاکوم•بەهارم، کوێستانم،زوزانم•ئامانجم،ئاکامم،ئاواتم•هێمنم،هەژارم،هیوام•شێروم،شێرزادم،شێرکوم• گورانم،ژوانم،جوانم•شورشم،هێرشم،هەلّمەتم•شەمامەم،خانەم،مامەم•تەرەغەم،قەندیلم،ئاگریم•بەنازم،بێنازم،دلّخوازم• مزگێنم،خوزگەم،خوناوم•چوپیم،شەوێنم،لاوێنم•

شەنگە: کچێ ئێستاش تو منت نەناسیوە من شەنگەم پێ دەلّێن شەنگە،خەمت نەبێ هەناوەکەم ئەوە زور بەسانیە.لە رێگای ماموستای هێژا هەمووشتێکم جێبەجێ کردووە،نیگەران مەبە خرێ گیان،سپیو سولّەکەم،چاوشینەکەم.

شووشه: ئەی سەر کەڵیچە ئەوە ئەو هەموو خۆمەخۆمە و خوشەویستی و نیزیکی لە گەڵ ماموستا هەربو ئەوەندەی بوو کە بچی بو شاری بو ماڵی ئەوان و دەست تێوەردان لە کامپیێوتێر و لە پاڵیشەوە کەچە دیاریکی بو کونە دوستت بێنی ، دەڵێم وەی نەیخوی وەی وەی چەند ترشو تاڵە.

شەنگە: کچێ چەختی نانا قوزەڵقورتە ،تفتووتاڵی چیتە، دەڵەی کە کرم بو دە نێو دوێ دە کەی. بودەمترسێنی خو بابە سواری کەری ماڵی ئاغای نەبووم وا کەوتوومە بەر شالاوی هەرەشەو گورەشەو پلاران ،خو دەبوو لە خوشی خوشیان ماچێکت دابامێ؟

شووشە: نانا خوت بو لە حەرزێش دەدەم ،وەیوەی ئەو کابرایە دەڵەی لووشەی هەڵلووشیوە.خو پیاو ناوێری زمانی لە ڕاستیرا هەڵبنگوێ وەک پشکوی سەر ئاورو بن ئاوران دە گەشێتەوەو پریشکی وە هەر کەسێک بکەوێ داێدەپلوخێ. وەرە هەتیو وازبێنەو گوێ شل بکە، دەزانی ئەم رو پێنج شەمەیە و ماموستا قەیرێکیتر دەچێتەوە بوشاری.

شەنگە: ئەی چون نازانم ئەدی لەبەیانێوە ئەمن داستانی روستەمو سورابت بو باس ناکەم وئەوە وا دیارە ئەتوش دەپرسی روستەم نێر بوو یان مێ بوو . ئەی بو لە کوێ بووی کە گوتم بەیانی دەچم بو شاری بو ماڵی ماموستای.

شووشە: گوێ مەدەرێ گوڵە کەم .شەنگە دەزانی هەموو پۆل لە دەرێ هەقلەبەقۆیە دە کەنو من و توش لێرە وا باسی ئەو کاروانە پر دەسکەوتەی تو دە کەین . هەی کەپۆم بوی کوێر بێ بو ماموستای بەستەزمان ، چونکە وا دەزانێ ئەوە شەنگە و شووشە خەریکی خوێندنو دەوام کردنن،نازانێ بە بونەی پلانی شەنگەوە ژوانێش دە کەن.

ماموستا: شەنگە کوری باش؟

شەنگە: بەڵێ ماموستا گیان!

ماموستا:چاوە کەم . دەتوانی هەڵستی بچی زەنگە کە لێ بدەی با قوتابیە کان بێنەوە ژوورەوە.

شووشە: ماموستا دەتوانم بچم بو ئاودەستێ؟

ماموستا: دە رابکە زوو وەرەوە! ئەدی دەمێکە لە گەڵ شەنگەی قریوەقریو مشتومڕی چیتانە؟

ماموستا: قوتابیە کان؟

قوتابیە کان: بەڵێ ماموستا.......

ماموستا: هەمووتان گوێ بگرن ،ئەو دەوامانەی بوم دیاری کردوون باش دەوری بکەنەوە تا شەممەی دوای نیوەرۆ دە گەرێمەوە، هەروەها هەمووتان تا ناوێکیتر خوتان خەریک بکەنو هیچوو لە بیر نەچێت. ئە گەر هەر کەسێکیش هاتاتوو شتی لە بیر چوو یان پێ خوش بێ بێتە قوتابخانە بو دەورکردنەوە ،ئەوە ئەمن هەر کاتێک لێرە نەبم هاچەرە کەی قوتابخانە لای مام میرزای بەجێ دەهێڵم دەتوانن لە وی وەر بگرن.

شەنگە: ماموستا یارمەتیت ناوێ بو سەرجادەی شتەکانت لە گەڵ هەڵبگرم ؟

ماموستا: سپاست دەکەم شەنگە گیان .بەڵام حەزدەکەم ئەگەر پێت خوش بێت بە پیاسە هەتا وێ لە گەڵم بی ،لە بەرئەوەی من هیندێک کاری پێویستم لە شاری هەیە ودەبێ زوو برومەوەو لە بەربە پەلەبوونم ناتوانم بو لای مامیرزای بچم و سەر پێیش بێت چاوێکم پێ بکەوێت هەرچەندە زوریش حەزدەکەم ، تو لە جیاتی من کلیلەکەی قوتابخانەی بو بەرە.

شەنگە: باشە ماموستا زورم پێ خوشە،ئەوە کتێبەکانم دەدەم بە شووشەی لە گەڵ خوی بوم بەرێتەوە ماڵی و زوو دەگەرێمەوە بو لاتان.

شەنگە: شووشەکەم ئەو کتێبانەم لە گەڵ خوت لە سەررێگات بوم لە ماڵێ دابنێ .من هەتا سەرجادەی لە گەڵ ماموستای دەچم.دەهانێ مەمەکەت خوم .

شووشە: فیچق نەی خوی ! بێنە هەی قەت کەست نەمێنێ ، سوورت دیت سەمات لە بیر چوو؟ لە تاو ماموستای هەرنازانێ شووشە ماوە یان نا، خو ماموستا نیزیک نەبا لێم سیخورمەیەکم لە بن هەنگڵی دەکوتای .دەبا لێت ڕەبادەم .

شەنگە: وەی وەی مەکە کچولێ ،ئوف رەبی خەپشەت بگرم

شووشە: لاوە هەتیو هەتیو لێرە نا، نەوەک کەسێک بمانبینێ .

شەنگە: بەڵی ماموستا گەرامەوە !!

ماموستا : شەنگە لە پێشدا ئەو کلیلانە بگرە با لە بیرم نەچێت و هەروەها توش لە بیرت نەچێتب لە زمانی منەوە زور سڵاو ورێز بە مامیرزا بگەیەنە و پێشی بڵی بە پەلە بووم بویە نەمتوانی لە بەردەرگاشەوە ئەم هاچەرانەی وێ بدەم .

شەنگە: ئەری ماموستا دەتوانم پرسیارێکت لێ بکەم .؟

ماموستا: بو ناتوانی !دەتوانی هەرپرسیارێکم لێ بکەی بە پی توانام بە سەرچاو وڵامت دەدەمەوە، جا با وەرێ بکەوین و بە رێگاشەوە دەس بە قسە کردن دەکەین.

شەنگە: باشە ماموستا گیان

ماموستا : دە بڵێ بزانم شەنگە پرسیارەکەت چی بوو ؟ بەڵکوو خێری پێوە بێت.

شەنگە: ئەرێ ماموستا تو بو ئەوەندە رێز لە مامیرزا دەگری و خۆشت ئەوێ؟

ماموستا : هەی لە بابی خوت کەوێ شەنگە زورم پێ خوش بوو ئەو پرسیارەت لە من کردمامیرزا مروڤێکی زور دنیا دیدە و بەئەزموونە ، من وەک ماموستایەکی لێهاتووی کومەڵایەتی سەیری ئەکەم .زور مروڤ دۆست و تێگەیشتووە ،هەرچەندە لە

زانستی ئاکادامیکی زور کەم خوێندووە بەڵام لە باری کومەڵایەتیەوەو هەروەها لە باری مێژووشەوە زوری پێە. بویە من زور حەزی پێ دەکەم و منو مامميرزا گەلێک ئالُوو گوری زانستیو کومەڵایەتی لە گەڵ یکتر دەکەین .شەوانی زور پێکەوە لە ژوورەکەی خوم لە قوتابخانە بە تایبەت شەوانی دریژی پاییزو ززتانێ پێکەوە بەتێرو تەسەلی لە هەمبەر گەلێک بابەتان ئاخاوتووێنو دەتوانم بلێم لە زوربەی زوری ژیانو تێگەیشتنی یەکتر شارەزاین و بە سەر گەلێک نەهێنی یەکتردا ئاگادارین. بەشیکی زور ئامۆژگاریو زانیاریەکانم لێ کۆ کردووتەوە ، وە هەروەها ئەویش حەشارگەیەکی زورشتی منە . منو مامميرزا بەراستی ئاوێتەی یەکتر بووین ، بویە شەنگە ئەوەت پێ دەڵێم ئەگەر من لە گورێدا نەبووم تو دەتوانی هەرپرسیارێک لە مامميرزا بکەی.بێ‌خەم بە من باسی توم بو کردووە، چ قوتابێکی ژیری !حەوجێ ناکات شکۆت لێ هەبێت بو وەڵامی هەر پرسیارێک کە لێ بکەی. لە وانەیە ئێستا ماشێنەکە بگاتە ئێرە ئەوجا دەبێ منیش بروم .بەڵام شەنگە وریا بە ئەو قسانە لای کەسێ باس نەکەی.!!

شەنگە: نانا ماموستا گیان دوردونگ مەبە لە من ، زور قورسو قایمم خوشت ئەوەی باش دەزانی .!

ماموستا: دەزانم . دەزانم . بەڵام هێندێک شت پێداگرتن لە سەریانو گوتنەوەیان پێویستە.

شەنگە: وایە ماموستا .فەرمایشتە.

ماموستا: شەنگە بەیانی بو شەوێ لە بیرت نەچێت لە گەڵ باوکت چاوەرێتان دەبم باشە؟ جا پاشان هێندێک لە کامپیوتێریش فێرت دەکەم .

شەنگە : نانا ماموستا چلون لە بیرم دەچێت ،ئەوە لە خوشیان دەفرم .

ماموستا: شەنگە ئەوە مینیبووسەکە هات تا بەیانی دەتبینمەوە بە شادیو کامەرانیت دەسپێرم .ئاگاشت لە خوت بێت.

شەنگە : ماموستا منیش هەروەها .هیوادارم بە ساغو سڵامەتی بگەیەوە ماڵێ وە دیسان سڵاورێزی هەموو لایەک دەگەیەنم .

*****

# کلیلی قۆتابخانەی

شەنگە: سڵاو ماممیرزا چون، باشی؟

ماممیرزا : ئەی بەخێری سەرچاوان کوڕەکەی پیروتی ، داوەرە پێشەوە بزانم چونە ڕێت دەوگوزەرەی کەوتووە؟ دەوەرە سەرئەو لبادە دانیشە،دەی کوڕم دەی توزێک قونت گەرم بکە .

شەنگە: سوپاست دەکەم ماممیرزا گیان زورباشە جێگام خوشە دەبێ بروم چونکە ناتوانم زورلات بمێنمەوە .بە سەری تو ماممیرزا دوای قوتابخانە ئێستا نەچوومەوە بو ماڵێ بویە بەپەلەم .دەنا پڕبە دڵ پێم خوشە، لە داهاتوودا زورم پێخوشە و حەزیش دەکەم کە زووزوو بێمە لاتانو گوێت بو ڕاگرم .

ماممیرزا : دەباشە کوڕم چاک بخوێنە ،خوێندن دەرمانی دەردی دواکەوتوویە، بە مەرجێک لە خوێندنو قوتابخانەشدا پلەی زانیاری و زانێستیەکەی بگرێ بەر ،نەک پلەی تاریکی و نەزانێەکەی. چونکە مروڤ تەنیا بە چوونە قوتابخانە ودەرس خوێندن پێشڤە ناچێت ئەگەرخوێندن بەشێوەی زانستی سەردەم نەبێو بە شێوەی حوجرانی بێت وەک کورد گوتەنی " زور بخوێنی هیچ نەزانی قوڕبەسەر، کەم بخوێنیو زوربزانی گوڵ بەسەر ". ماموستا زوری لای من باس کردووی.

شەنگە: مامميرزا گیان ئەوە ماموستا زوربە پەلە بوو و نەیتوانی خوی بو لاتان بێت و داوای لێبوردنی هەبوو و گوتی پێتان بڵێم ، شەممەی کە گەرایەوە خوی بوت باس دەکات کە بو وا بەپەلە چوتەوە شاریو منی راسپارد تا پێتان بڵێمو هەروەها کلیلەکەی قوتابخانەشتان بو بێنم.هەروەک دەشڵێن راسپاردان چیان لە سەر نیێە!!

ماممیرزا : نانا لێ بووراومو توش بەخێر هاتی، کوڕم ئەگەردەتوانی بوم لە سەرئەو تاقەیەی کە رادوکەمی لێیە دایبنێی.سڵاوی هەمینو پیروتیش بگەیەنە.

*****

# شەوی خۆسازدان

بووک هەمین : رولە ماموستات بەرێ کردەوە؟

شەنگە: ئادی دایە گیان ،ماموستا رویشتەوەو زوریشی لێ دەپرسی.

بووکهەمین: ئەی راوەستاو بێ و لە بەلای زالم و نەیاران بە دوور بێت. شەنگە ئەتوو دەزانی ئەو ماموستایە زور لە بەر دلانە و خوێن شیرنە،خو ئێمە گەلێک ماموستامان بو هاتوون شتەقیان وەک ئەو ماموستایە ئەوەندە بە دەردو خەمی ئەو ئاوایە نەبوون ئەگەر بوێ بلوێت هەموو کەچە پیریێژن و پەککەوتەی ئەو ئاوەدانیەی دەبات بو قوتابخانەی بو خوێندن و فێر کردن . ئەی چەندەمان پێوە ماندووە،بویە خەلکی بە گشتی شەو روژێ بوی دەپارێنەوە کە قەت بەردی ساردوو گەرمی وەرێە نەیەت، چوونکێ لەقەدیمەوە گوتوویانە کە مروڤی باش و دلسوز زور نین و زوریش ناژین، زوو زوو کەندوو کوسپ وە سەر ریان دێت ئەویش رەنگ بێ لە بەر ئەوەی بێت کە مروڤی پیس و سەهەندە پرن و دەسەلاتداریشن.

شەنگە: دایە زور پێ خوشحالم کە تو ئاوات ماموستات ناسیوە.بەراستی هەر چەندی لە سەر ماموستای بە باشی بلەی کەمە، چ خوش دەبوو مروڤ هەموو ئەوەندە چاک و دلسوز بایەن.

بووکهەمین: ئەی چون بەرخە کەم ئەگەر وابایە زور خوش دەبوو ، ئەوە خو دەحەساینەوەو نە شوان و نە چێلەوانمان دەویست و نە سەگیش.خو من مردووم بە دەست سەولەی سەیان ، ئەو کاتەی ئیدی گورگ و مەر پێکەوە ئاویان دەخواردەوە.

شەنگە: ئەری دایە شووشە................

بووکهەمین: ئائا بابم چا بوو باست کرد دەنا لە بیرم دەچوو،ئەوە سێبەرشورانەو کاتی ئەنگورەیەودێتوو ولات تاریک دادێت وا کتێبەکانت لە بەرهەیوانێ لە سەر سەکوکەی داینا‌ون.پریان دەیو بیانبەوە ژوورەوە. ئەوە دەمرم و لە کار کەوتووم دەبێ دەست و برد بکەم دەنا وێراناگەم شتی بونگو بپێچمەوە بو بەیانی بو شارچوونتان.

شەنگە: دەباشە دایە گیان هەر چی بلەی بوت دەکەم . دەچم بەروو سەماوەروو کەشەف وو پیالەوو ژێرپیالەکان لە ناو مالێ دەبەمە ژوورەوە .ئەگەر یارمەتی دیکەشت ویست ئەوە بانگم بکەو زوو خوت دەگەیەنمێ و یاریدەت دەکەم .

بووکهەمین: باشە تاقانە کەم وەی مەرگم  ڕەپێشت کەوێ. ئەگەر ھاتوو تەواو بووی ئەوە لە پشت سەربانیرا ڕوانەو بزانە بابت نابینیو تا بانگی بکەیەوەو بەڵکوو زوو بێتەوەو بزانین چوو پێویستە تا بوتان سازوباز بکەم.

شەنگە: دایە گیان بە سەرچاوان ئەوە خێرا دەچم دەستو برد دەکەمو بابم لە ھەرکوێ بێت دەیهێنمەوە.

بووکهەمین : پیروت ئەوە لە کوێ ماڵتانە ئەگەر دەرچووی لەماڵەوە بە زوریش وە ماڵێ ناکەوێوە ، دەڵەی لە ماڵەوە ھیچت نادەنێ بەڵام لە ھەندەران باشترت پێ رادەگەن .ئەوە شەنگە ھەرجینگڵا ن دەدات لە خوشی بەیانی. لە وانەیە بە پشتبانی داوەدووی توکەوتبێت.

پیروت : کچێ خڕوخۆڵ بووکهەمین گەورە کابانی مالی من

خۆت ساز کە بو شەوێ پیروت بەیانی دەردەکەوێ

بووکهەمین: ھەتیو پیروت چیت دەوێ بووکهەمین کراسی دەوێ

گەرپیروت خۆێ بخورێنێ بەسەرچاو شەوێ چونم دەدوێنێ

پیروت: ھەمین گیان لە حەمری منت کەوێ نانو کێشتت ساز کردووە،دەبێ شەوێ زوو نان بخوێنو زووش پاڵ کەوین .چونکە بەیانی دەبێ بەرلە کازیوەی راست بینەوە.

بووکهەمین: ئەرێ پیروت گیان دەزانم شەوێ جەژنەتە کێشتی خوشم بو لێناوی دەبێ زور ووریا بی دەنا دەستی خوتی پێوە دەخوێ. دەی ئەمن ئەوە لە دوشینە بوومەوە و توش برو تاقەتیان بکەو پاشان دەرکەکەش بە قایمی گەلا بدە. دەدەی خێرابە دەشزانم زوربەپەلەی.

شەنگە: ئەرێ دایە ئەمن ھەموو سەروبەری دێم کرد بابم نەدیتەوە ، دەڵەی بە ئاوێدا رویشتوە .ئەگەر لە ماڵە کەس قسەی گەرم نەکرد بێو بزانێ کێ حەواجی دەوێ لە شاری بویان بێنێت.

پیروت : ھەتیوە ئەوە باسی کێ دەکەی؟کورە گوێت دەردێنم .ئەوە ئەمن لێرەم ،خەریکی تاقەت کردنی ئەو پاتاڵانەم . لە ماڵانو قسەکردنی چیو حەواجی چی؟

شەنگە: ئەی دایە بوچ دەنگت نەکرد کە بابم ھاتوتەوە. دەزانی زوربەخومدا شکامەوە.

بووکهەمین : جا بڵێم چی کورم خو نەگەیشتێوە ھاوارت لێ پەیدا بوو.ئەتوش وەک بابت ئاگات لە خوت نەماوە، ئەتو لە بەرشاریو نازانم بڵێم بابیشت لە تاو چی؟بێ پشوودان رانەوەستایو خوت بە دەرکەیدا کێشا و من وێرا نەگەیشتم بڵێم

بابت هاتوتەوە . وەرە وەرە هیچ نیە ئەو شیرە بو دایکی خوت هەڵگرە.

شەنگە: بەسەرچاو دایە گیان ، دابمدەیە.ئەدی ئەوەی دی چیە بەو دەستەیترتەوەیە .

بووکهەمین: لەوی بگەرێ روڵە هەرئەوەم بو هەڵبگرە بەسە، با بروینە ژوورەوە زور هیلاک و ماندووم.

پیروت : شەنگە روڵە جل‌وبەرگی خاوێن دانێ بو بەیانی. دەبێ زور پاقژبین، نابێ بون‌و شتمان لێ بێت.ئەمن پێش کازیوەی بەیانی هەڵدەستم ئاوێک بە خوم دادەکەم. نازانم ئەتوش خوت شوشتووە یان نا کەیفی خوتە.

شەنگە: نا بابە گیان ئەمن دوای شێوخواردنێ سەرێکی دەرێ دەدەم‌و دێمەوە گورج‌و گۆڵ ئاوێک بە خوم دادەکەم.

بووکهەمین : هەی لە بابی‌خوتان کەوی، یەک دوای ژوانێ خوێ دەشوات‌و یەک دوای۰۰۰۰۰۰۰بەرلە کازیوەی بەیانی.ئەگەر وا بێ دەبی خوتان چاک داپێچن دەنا نەخوش بکەون ریسەکەو لێ دەبێتەوە بە خوری.!

پیروت : نانا بووکهەمین ریس‌و میسمان نابێتەوە بەخوری، عەترو مەتریشمان بە جل‌و بەرگاندا بکە باشە قەوەت گیان.

شەنگە: دایە تو سەری باب‌وباپیرانت ماست‌و پەنیرت بو ماڵی ماموستای لە بیر نەچێت‌و زوریش پاک‌وخاوێن بێ‌و موو ومرچی تێنەکەوێ. ئەمنیش قۆلت ماچ دەکەم .

بووکهەمین : ئەی لەو هەتیوەی ئەورو حەجمینی لێ هەڵگراوە و ئەمنی کوندەجەرگ کردووە، وا دەڵەی دەچێتە سەر داوەت‌و ژن‌هێنانێ. شەلەم نەمری بو قولتەت، دەبرو بێ‌دانگ بە دم‌پیس بە ماست‌وپەنیری هەمینێ دەڵەی مووماڵی تێدا نەبێ. ئەوە ڕوژێ هەتا ئێوارێ لەو سەرەو سەری دێ باس‌باسی پاک‌وتەمیزی بووکهەمینیە. هەی دنیا حەمروکەی نەمێنێ کوریژگە بووکم بو دێنێ.

پیروت: کورە روڵە هەزار ساڵی دیش بخوێنی ئەوە بە قەدەڕ نووکی دەرزێ لە بارەی تەڕوتەمیزی وەک بابی خوت!!!ولە سەر پاک‌وخاوێنی‌وبەرووکابانی لەچاو بووک هەمینێ نازانی . ئەتو چاوت لێ نیە ئەو شورباو لەپەیە چەن بە تام‌و بەلەزەت ساز کردووە خەریکە دەستی خومانی پێوە بخوێن دەڵەی بە ڕونی زەنگی لێ‌ناوە. کورم هەموو خەڵکی ئەو دەورو بەرەی مردووی کێشتوو دەستاوی دایکتن پێت وا نەبێ ماڵی ماموستای بە درێژایی تەمەنی باب‌و باپیرانیان ماست‌و پەنیری وایان خواردبێت.!

شەنگە : حەل‌لەلا پەکوو بابە ئەرێ پێم ناڵەی ئەوشو بو وا یەک‌و دوو بە دایکم هەڵادەلی، چ خەبەرە ئاوا پشتی دایکم بگری کەس پێ لەحەرزێ نادرێ.چ خوشە هەرئاواتان ببینم .جا دایە گیان ئەگەر کارت بەمن نیە، ئێستا دێمەوەو ئەوجا ئاوێک بە سەرو سەکوتم دادەکەم.

بووکهەمین : نا کورم برو ئەمن جل‌وبەرگیشت بو دەبەمە سەرجێ‌و بانەکەت.ئەگەر بەیانی هەستای دەبەریان بکە با

قیت و قنج و جوان بی.

شەنگە: دەسەرت گەرێم دایە گیان.بابە ئەتوش زوو لە خەو راست دە کەمەوە، باشە.؟

پیروت : نانا لێم نەبی بە مەلا وەک کەڵەبابی بەیانان بە قەولی قەلوان وتەنی دەس بکەی بەقاوەقاوێ.

بووکهەمین: هەتێ پیاوە کە بو ئاگات لە خو نەماوەو ئاوا بەرووهەڵماڵاوی هاوارت دیێت .ئێستا ئەو کورەمان گەورە بووە نابێ وا بەراشکاوی ئەو قسانە لە کن وی بکەی، با شتی وا جارێ نەزانێ.

پیرت : کچێ هیچ نیەنێ خەمداتنە گرێ ، ئەو لە خوشی شارچوونی ئاگای لە مەحموودی بێ زەوادیش نیّە بێ قەزابی هەستە برو زوو جێگاو بانە کەی لەناو ماڵێ دابخەو با بچین بوی تێبخزێن .مێشکی خوت جارێ بەو شتانە قاڵ مە کە.

*****

## بەیانی بەرلە شارچوون

شەنگە: بابە، بابە هەستە درەنگە. ئەمن سەماوەرو بەرو کەشەفەکەم حازر کردووە ، راستبەوە با نان‌و چای بخوێن و زوو وەرێ بکەوین.

پیروت: هەستە ژنەتیو هەستە، خوت خڕ کەوە وا دیارە ئەو شەو خەوی بە چاوان نە کەوتووە. دەڵەی جیوەی تێکراوە ! نازانم خو قەت نەچوتە شاری ؟ئەوە چیەو چی بیستووە لە شاری ئاواها حەجمینی لێ هەڵگیراوە.

بووکهەمین : باشە کابرا باشە! ئەتوش شەوی بو تێخزانێ بەپەلەبووی‌و ئێستاش بو دەرپەرینێ. کراسەکەی منتان لە بیر نەچێ هاه ، دەنا رێگای ماڵێتان نادەمەوە حاڵی بووی یان نا............

پیروت: هەی ماڵت بە قوڕێ گیرێ خو ئەو کراسەی هەرلەبیر نەچوتەوە . ئەرێ دەڵەی چی هەموو روژێ کراسێکت بەو قیمەتە بو بکڕم چش لە وەی ماڵی پیروتی خاپوور دەبێت.

بووکهەمین : جا کوا ئەوە لە دەست دیێت ؛ دەڵێ کوێرە چت دەوێت، دوو چاوی ساغ . دادەی بێنە قولیشت ما چ دەکەم بەو مەرجەی قسەی خوت نەخوێەوە . کورە برو ئاوێک بەخوت داکە بونی سەی توپیوت لێ دێت باشترە تا تووشی خەسارەی زورتر نەبووی، هەتا ئەتوش تەواو دەبی جێ‌وبانەکەی خڕ دەکەمەوەو بەرەبەیانیش دەبەمە ئەو دیو.

بووکهەمین : شەنگە کورم .

شەنگە: بەڵێ دایە گیان.

بووکهەمین: هانێ روڵە ئەومەجووعمەیە بەرە بو ئەو دیوی، ئەوە بابیشت دێت تا ماشێن نەهاتووەو بەجێ نەهێشتوون نانەکەو بخون‌و سازبن.

شەنگە : باشە ئەتو راست دەکەی، ئەگەر بابیشم برێک دەست‌و بردی بکردبایەو خێرا باو ئەوەندە قونەقونی نەکردبا زور

باش دەبوو.

بووکهەمین : هیچ نیە زێدەکەم ،مەی کە هەڵەهەڵ و پەلەپەل خو دەس نیە لە گوزەی‌دا مابێ ئەو ماشێن نا ئەوی دی.

شەنگە : نانا دایکە بابم هان دە با بە یەکەم ماشین بچین .خو ئەمن هەموو روژێک ناچم بو شاری. ئەوە دەمێکە خوم سازداوە دەبا برێک زورلەوێ بم .

بووکهەمین:خەم مەخوکورم ئەگەرتو هەتاسەربە هیوای خوێندن بی ئەوە دەچی بو شاری‌و لەوێش زیاتر دەخوێنی وپێ دەگەی‌و لەوانەشە نەماننا‌سێوەو پێت شوورەیی بێ کە ئەمە دایکت‌و بابتین .

شەنگە : دایە ئەوە لەگەڵ کێتە،دەزانی ئەوەی تو دەی‌لێی لە شەنگەی ناوەشێتەوە.ماموستا ئاوای‌فێر نەکردووم‌و بار نەهێناوم، لە بەرئەوەی ماموستا دایکی زورلای بەرێزو بەقەدرە .بریار بێ ئەمنیش وابم.

بووکهەمین: ئاخو ئەو روژە کەی بێت دەک بریا ئەمن نەمردبام‌و ئەگەر هەردووک چاویشم کوێر با قەیدی نەبوو ئەو روژەم دیبایە کە تو پێگەیشتووی‌و قریوەو جریوەت لە دەورو بەری هاتبایە.

شەنگە:دایە گیان خەم‌مەخو ماموستا زورجاران دەڵێ ،مروڤ بو ئەوەی بیهەوی بە ویستی‌خوی بگات‌دەبێ پشوو درێژو لە سەرەخو بێت بویە ئێمەش دەبێ ماندوونەناس بین تا پێ‌بگەین.

پیروت: شەنگە سازی روڵە جل‌و بەرگت دەبەرکردووە ، با پاروێک نان بخوێن‌و رێ بکەوین.

شەنگە: ئەرێ بابە ئەمن وەک توپێ وام سازو بازم. دەڵەی نانیش نەخوین‌و بروین، ئەگەرماشێنیش نەبوو بەپیان ملی پێوە دەنێن.

بووکهەمین:هەڵڵاهەڵلا دەڵەی دەچن بو پڵاوخواردنێ وا وە پەلەپەل کەوتوون ،بەشتان ناخورێ نا.ئەو شارچوونەی ئێوە بو وا دەنگوی داوەتەوە.

پیروت: چاێکی تێکە چا هەمین،ئەو نانەش بێنەپێشێ . خەمت نەبێ بە سەری بابت کراسەکەی توشمان لە بیر ناچیت. کورە شەنگە لەو سەرەوەت پێ دەڵێم ئەگەرمنیش لە بیرم نەما ئەوە تو دەبێ وەبیرم بێنێوە ،دەنا هەمین رێگای ماڵێمان ناداتەوەو دەبێ بچین لە پشت بانی بوێ وەرکەوین.

بووکهەمین: ئەی بابەرو ئەوە بێتوو کەسێک نەی‌ناسێ دەڵێ وای لە هەناسەرد کاک پیروتی ناوێرێ دەست لە ئاوی سارد بنێ لە ترسی بووکهەمینێ !!

شەنگە: ئەمن تێربووم دڵم هیچی‌دی نابات.نازانم بو ئەورو ئیشتیام زورنیە. دایە ئەوە سەرێکی دەرێ دەدەم

و بزانم ماشێنە کە نەهاتووەو دە گەرێمەوە.

بووکهەمین: ئەوە کوری من بو وا ئاراو قارات لێ هەڵگیراوەو هەدادانت نیە دەڵەی دیاری بو دوستو دەسگیرانێ دێنی.جا روڵە بابت کراسی بو بووک هەمینێ دێنێ! ئەدی ئەتو؟ چ ؟بو؟ کێ ؟ دێنی.؟

پیروت : دەباشە برو روڵە دەزانم شەوی ئەو شو خەوت بە چاوٚاندا نەچووە.هەتا ماشێن دە گاتێ ئەتو برکو ژان دە کەی.

بووکهەمین : کورە کابرا دەستم بە دامێنت ئاگات زور لە شەنگە بێت بەرەڵڵای نە کەی بێرو بەوێدا. کورە کەم لە شاری لێ وون نە کەی و وەبەر دەستی پاسداران نە کەوێ ، ئەی دایکت کوێو بێو زمانم لاڵ بێت. هەی قەت کەسم نەمێنێ و روژێکی وا نەبینم .

پیروت : کچێ نانا ژنە کە، نەخشەی وا لەو کورەی مەدە خو من منداڵ نیمو پێت وایە قەتم شار نەدیوەو دوایش خو شەنگە بێ زمان نیەو زور زیتو ووریاشە، ئەو وە کوو دیلمانج و چاوساغیشە بو من .ئەتو مشووری ماڵێت لە بەر بێو خەمی مەت نەبێت. ئەوە شەنگە بەهەناسەبرکە هاتەوە.

شەنگە: بابە ماشێنە کە هاتووەو بە کاک شە کرەشم گوت جێگامان لەریزی پێشەوە بو رابگرێ. ئەویش کوتی بە بابت بڵێ جێگاتان بورادە گرم.

پیروت: دەباشە کورم تو دەزدە ئەو دیزەو گوزانە تا منیش لەو دیو کێفە کەم لە دایکت وەردە گرم .خو بێ دراوو کارتی سکوونەت لە بەرپاسدارماسداران نا کرێ بچین بو شاری .

شەنگە : دایە ئەمە ئەوە دەروێن کارت نیە خو. سەغڵەت مەبە بەیانی دە گەرێنەوە .

بووکهەمین : نا روڵە گیان سەرهەردووک چاوانم ئاگات لە خوت بێ ، لە بابت هەڵنەبرێ هاها.....زور رێزو سڵاویشم بو ماڵی ماموستای بە تێکرایی هەیە.

*****

## شەنگەو ماشێن و شەکرە

شەکرە : چونی کاکپیروت بەیانیت باش ئەوە جێگاشم لە ریزی پێشەوە بو داناون . کاپشینەکەی خوم لە کورسێکە داناوە تا کەس لەوێ دانەنیشێت .با شەنگە تێر سەیری وڵاتی بکات.

پیروت : هەی برا ماڵت ئاوەدان بێ و کورت نەمرێ کاکشەکرە گیان وە هەروەها تو بو مە هەر راوەستابی و ماشێنەکەشت لە بەڵاو موقەدەران بە دوور بێت.

شەکرە : ئەی سپاست دەکەم کاکپیروت گیان، لەگەڵ هەموو لایەک لە بەڵای لابەلا بەدوور بین.دە سوار بن تا ماشێنەکەی توزێک گەرم دەکەم جا وەرێ دەکەوین . ئەمنیش ئەوە چاوێک لە تەگەرەکان دەکەم تا بزانم پەنچەرنین یان بایان کەم نیە.

پیروت : دە روڵە گیان ئەتو لە لای پەنجەرەکە دابنیشە با جوان سەیری دەرەوە بکەی خەی. چاکە شەنگە ئەورو لە سوێگەی تووە منیش هەموو وڵات بە باشی دەبینم .

شەکرە : شەنگە؟

شەنگە : بەڵێ کاکشەکرە گیان .!

شەکرە : هەی گیاندارت خوش بێ کوری قوز. دەبێ هەتا شاری گورانیم لەبەر بگێریوە ، هەرئەمن دەیلێم و ئەتوش لەبەرم بسێنەوە.باشە بابیلە.

شەنگە : بە سەرچاو کاکشەکرە ،بەڵام ئەمن گورانیان باش نازانم . ئەگەرشێعر بڵەی دانامێنم .

شەکرە : ئەی قور وە بان سەرم خوم رەسوڵ نادری و خەجەدوم نیم شەرە شێعرت لە گەڵ بکەم بابە هیچمان لە هیچ بڵێ بزانم گورانی کێت پێخوشە تا سیدێکت بو بخەمە سەرێ .

شەنگە :  ئەتو سەرپشک بە کاکشەکرە هەرچی تو پێتخوش بێ ئەوە بەزیاد بێت. بەڵام ئەگەر سیدی رەزازی یان مکایلت  هەبێ ئەوە زور خوشە .

شەکرە : شەنگە  کورە قوشمە لە سابڵاخێ دوستو  موستت  نەگرتبێ ، ئەوە بە خوشی تووە  کیژەجوانەکانی سابڵاخێت بووە سەر دەخەم. جا منو توش لەبەرخومانەوە لە گەڵی دەڵەینەوە .

پیروت : ئەها روڵە ئێرووکانێ ئەوە بەندەنی هەمزاوایە پێ دەڵێن  کە زووتر بە  چواربەردە مەنشوور بوو. چونکە ئەوکات هەمزاوا لە رێگای سەدێ بوو و لە گەڵ قازیواو داشتەمرەکان وەبن ئاوێ کەوتن .ئینجا هەمزاوایان لێرە سەرلە نوێ  ئاوەدان کردەوە. هووو  ماڵانە لەدوورەوە دەرکەوتن ئەوە پشتەپ و باخیشایەگانین، برێک واوەتریش شوێنی دابەزینمانە .روڵە دەبێ  وشیاربین ئەو ماوەیە  هەڵڵاهەڵڵا و بگرەو بەردەی زوری تێدایە .

شەنگە :  بابە ئەگەر وابێ  زوو دەگەینێ .

پیروت :  ئائا  روڵە بە دە پازدە بیست  دەقیقەی دی  دەگەینێ . با برێک خومان خرو کوبکەینەوە. با هەر  لە پێشەوە  کرێ خومان بدەین  بە کاکشەکرەی روح سووک. ها  کاک شەکرە گیان بێ موزەرەدبی .

شەکرە :  کاکپیروت کورە لێگەرێ لێ  ئەوجارە میوانی خوم بن، بەسەری  بابم  بەراستیمە جا  بەیانیش لە گەڵ خومتان  دەبەمەوە.

پیروت :  نانا دەبی  هەڵیگری ئەوە رسقی  منداڵەکانتە .گەڵێک ماڵت ئاوەدان بێتو زورچاکە بەیانیش خوت دەگەێنمە. دەی کورم ئەتوش خوت گورجو گوڵ بکە  ئێستا دەگەینێ و  دەبێ دابەزین  گوێت لێ  بووبابیلە شەنگە؟!

شەنگە :  بەڵێ بابە  گیان  دەزانم لەگەڵ منتە.

پیروت :  خو ناونیشانی ماڵی ماموستات لە بیرنەچوتەوە ؟ لە بەرئەوەی  ماستوپەنیرەکە  زور نەشەمزێ و کەون نەبێ  دەچین  وە  ماڵی  ماموستایان  دەدەین.جا خومان بە شێنەیی  دەچین  بو ناو شاریو حەواج مەواجان  جێبەجێ دە کەێن.

شەنگە :  نانا بابە خەمت نەبێ ماموستا چونی لە لێنووسەکە بو نووسیوم هەر وا دەقاودەق  لە گیرفانم دایە  ئەوە تانێ .ئەدی بابە  هەتا لە بیرم نەچووە ئەدی ئێرە کوێیە  کە لێ دابەزین .؟

پیروت :  ئێرە هەرکارێژی خەتی سەدەشتێە  ،بەڵام ئەو گەرەکەی خوارەوە کە ناوەندێکی  گەورەی

دووکانو بازاری ئەو بەشەی شارێە قەدیم پیان دە گوت مەیدانی حەیوانان ، دوایی کە مەلا هاتنە سەر بەڕەی حازروبزری ویستیان بیکەن بە مەیدانی ئیمام !! بەڵام سابڵاخی زور پیتوڵن دەیانگوت مەیدانی گوێلکان!!! بویە ناوە کەیان کرد بە مەیدانی ئیستقلالو ئێستاش هەرواێ پێ دەڵێن.

*****

# هاتنەوە لە کەتە کاروانێ

شووشە :  وەی بەخێر بیەوە کوریژکە جوانەکە،خەنی بووی‌و بە ئاواتی خوت گەیشتی؟ ئاخو دیاریکەی شووشەت هێناوە؟ دە زوو بە دەی پیەم بلێ .

شەنگە : چیت لیەوەشیەرم دلەکەم وەک دەلێن  کوندە لە کوێ دڕاوەو پیرێژن لە کوێ دەگەڕێ ..…

شووشە : دە زوو بە بزانم  بلێ دەی  پیەشمەگەرکانت لە هەمبانە بورینەکەی‌دا دیت‌و بیرت هێنانەوە ئەتوو کێ ؟

شەنگە :  کچێ وازبێنە!! پیەشمەرگەی چی! بو چی؟چووم‌و چیم چاو پیەکەوت،چیم ویستوو؟چم دەس کەوت.!!

شووشە : هەتیو خو تێک نەچووی! ئەدی ئەو قسە هەلەق‌مەلەقانە چێ دەیانکەی. لە بیرت چوتەوە چون خولیای چوونی شاری بووی‌و هەژدەرهەژدەر گورانی و پەخشانت بو من دەگوتەوە. دە زووکە زوو هەتا پرم‌نەداویەو دەبن خوم نەناویوو گولولەم نەکردووی!! تەواوی بکە بزانم چیت بە چی کردووە .

شەنگە:  وەی لەخوم وەی وەی لە خوم،چیم کرد لە خوم بە دەستی خوم!!.

شووشە :  مل‌بەقورچەندت لە بەرپارامەوەو پیەم گوتی وشیاربە کە ئەو کامپیوتیەرو هەمبانەبورینەی تو پرە لە زەرگەتەو ژەنگەسوورەو جڕوجانەوەری دنیایە. ئەی دەری بابانم خەرابوو هەتیم تیەک‌نەچووبی؟! بو وا مات و داماوی بوچی مرتەقت لێ‌نایە.؟

شەنگە :  لێ‌لێ گولێم شاپەری دلم هەمبانەبورینەی چی‌و شاری‌چی؟نە شارم دیت بە تەواوی‌و نەجڕوجانەوەرو زەرگەتەو ژەنگەسوورە! نەک پیەشمەرگەکانم نەدیت هەمبانەبورینەکەشم هەرنەدیت.!!

شووشە : کورە هەتیو زووکەزوو دڵم شەقوتەق بوو! ئەدی چویە کوێ ؟چیت کردووە؟ چت بەسەرهاتووە؟ ئەی توی زیتو وشیارو قسەقوت بو وا کزو داماوی؟ سەربەهەش خولە شاری بە چاوە نەبووی؟ بە چاوی تو منیش وردەوردە دەڵێ تێکدەچم .ئەرێ ئەوە خەون بوو ئەمن دیتم یان ئێستا ئەوە خەونە کە دەیبینم .هەی زاڵم قەت کەست نەمێنێ، راستە پێشینیان گوتوویانە ئەگەر مروڤ لە داوێن و توری ئەڤین کەوت شێتو پەتیارە دەبن ئەی سەرت دەخمی نێم شەنگوڵەکەم ، ئەوە ئێمەین شێت بووین و لە کەللەی داوین. ئەگەر وەک شیرن و فەرهاد بێستوون هەڵنەکولین یا خو وەک خەجو سیامەند بە لق و پوێ دارە بەنێوە هەڵناوەسرێن یان وەکوو مەموزینێ لە بن چاڵاوو حەرزیدا مردوو کوژ نەکرێن یان بڵەی وەک شەم و شەمزینان گول و هەڵودا نەبین.

شەنگە: کیژێ ئەڤین و ئەڤینداری چی!؟ تێکچوو پەتیارەی چی؟! شیرنی تاقبوستانی چی؟! مەمی جەزیرەو بوتانی چی؟!شەمیلەی گرمیان و کوێستانی چی؟! هەناوەکەم من هەردەمهەوێ بە کورتی و بە کوردی بوت باس بکەم ، بەڵام تو هەر تیتوڵتیوڵ لێم دادەدری ، چیروک و پەخشانم پێ دروست دەکەی. ئەتو هەرتەقەی لێناهێنی، بە گەڕان و بێ گەڕانەوە بێ شکی و هەر بوی ناچیت. راوەستە و گوێ شلکە بەراستی ئەوە تاوانی تو نیە کە من ....وا لە مەنداوی خەم گێژەو دەخوم.... ئەو کەتە کاروانەی من نەک هەر ئەتوی بەڵکوو خوشمی بە تەغار زیاتر گێژو وێژ کردووە. نازانم چونم دیتوو چیم بیستوو چون تێپەری و لە هەموو شتێکیش گرینگتر ئەوەیە کە ئەوەی دیتوومە چونی وەگێرمەوە و ئەوەی بیستوومە چونی ببێژمەوە وە لە هەموانیش حاستەمتر ئەوەیانە کە چون و لە کێی بکەم پرسیاران. ئەو کرمەی کە وا یەکدابەدوو دەسەرم کەوتووە بە هیچ میجازێک توزقاڵێک لێم دوور ناکەوێتەوە.

شووشە : خو تو زور لە ماموستا نیزیکی پەلە مەکەو هەڵەشە مەبە تا ئەو دەگەرێتەوە لە شاری و بە کفلەکوونێک هەمووت پێ دەڵێت و قاپانبێنەودەستان بشو. دەبەسە ئیدی سەری بابت وازلەو قوریاتە بێنە.

شەنگە: دەزانم دەزانم خو وایە خەپە گیان ،بەڵام هەراسم لێ هەڵگیراوە نازانم چون تاقەت بێنم تا ماموستا دەگەرێتەوە.!

شووشە: هەی دڵت توقێ بابان خەرابوو دەڵەی رێگای ژوانێ لێگیراوەو دلەکوتەیەتی بوژوانی یارێ. دەی بزەی سمێڵانت بێو گورانی شەنگە بێری ماملێشم بوبڵێ.

شەنگە: هەی چیت پێ بڵێم ئەتو بو لەمن تێناگەی ، ئەمن چم بەسەرهاتووە و چ بو تو دەگێرمەوە و ئەتوش ئیشتیای چ دەکەی.بەراستی ئەوە دروێ نیە کە دەڵێن لە بێ خەبەران کەشکەک سەڵاوەت .ئەمن ئەوە بوت

باس دەکەم و دەڵێم حەجمینم نیەو دەڵەی کێچم وە قالبی هەڵگەراوەو ئاراوقارام نەماوە. باوەرم پێ بکە لە ناو خومدا دەڵەی ریویم و لە کونێدا قانگ دراوم.

شووشە : ئەرێ شەنگە دەباشە دەی تو سەری خوت وازلەو حیقایەتانە بێنەو دولمێکی تێنێ باشترە ، شاگوڵەکەم پیم ناڵەی ماڵی ماموستا چون بوون ؟ دایکی ماموستای چون بوو؟ زوریان قەدر گرتی؟ ئەدی ماموستا باسی منی نەدەکرد؟ ماست و پەنیرەکەی بووک هەمینێن پێ خوش بووو ؟.

شەنگە : پەکوو حەل‌لەلا ئەتوو زوری دێنی و دەبەی ، نازانم چونت پێ بلێم و چونیشت لە خوم تێبگەیەنم کچێ چاوەکەم ماڵی ماموستای‌چی و جوانی دایکی ماموستای چی و باس کردنی توی چی؟!! ماست و پەنیری خوشی چی ؟!!

شووشە : ئەی هەشت بە سەری ئەتو ئەو مەتەڵوکەیە چیە بو منت هێناوەو ساز کردووە؟!!

شەنگە : کچی ئاسمان مەتەڵوکەی چی؟!! ئەتو باسی چ دەکەی .؟

شووشە: کورە هەتیوە ئەوە نێ دەڵێن .....هەردەلەین و تێناگەین.....هەردەروین و پێناگەین، ،شێوەی ئەم گفتوگویە.....داخەکەم هەررەنجەرویە. ئەدی وەنێ من و توش وامان لێهاتووە .

شەنگە : هەی شەپڵەت لێدا هەناسەسارد.خوئەوە مەتەڵوکە نیە. ئەوە بەستەیەکی بەناوبانگی تاهیر توفیقە.!!

شووشە : دە باشەباشە مەمخو،ئەمن چوزوانم .هەی هەناوم بوت نەمێنێ ئەمنت ئەمەنگەی تر لە خشتە بردووە. با بێنەوە سەر کەرو گوریسەکەی خومان و بزانین ئەوهەویرە ئاویی هەر لێ نەپرا.!!

شەنگە : ئەرێ ئەوە ئەتو دەڵەی چی؟ کەرو باری چی؟ هەویرو ئاوی چی؟ئەتو لە کوێ ؟ دەڵەی ئەمن قسە بو کوێت دەکەم.

شووشە: دڵەکەم روژێ هەزارجارانت خوبەقوبان دەکەم دە مەگری و لێشم تورە مەبە هیچ مەبەستێکی خەراپم نەبوو. مەبەستم ئەوە بوو ئەی تو مەگینا ، ماست و پەنیرت بو ماڵی ماموستای بو شاری مەهابادێ نەبردبوو؟.

شەنگە : باشە شلک و ناسکەکەم ئەمن چرکەمیزەم گرتووەو چیدیکە خوم راناگرم و ئەوە زوو دەچمە ئاودەستێ و خێرا دەزڤرم. ئینجا درێژە بە قسەکان دەدەین.بەڵکوو هەتا ئەمە قسەکانمان تەواو دەبێت

ماموستاش لە شاری بگەڕێتەوە.

شووشە : ئەو کابرایە دەبێ چ بەڵایەکی لە شاری بەسەر هاتبێ. چاکە زوو گەڕایەوە. قسەی خومان بێ شەنگە، وەک کویی دەڵێن... وەی درم شەقی برد... جا ئەمنت بە دەستی خوت کفن و دفن کردبێ ئەرێ ئەمن زوری دێنم و دەبەم یان ئەتو، سەڵاو قەت کەسم بوت نەمێنێ بەسە بیکە بە دوو پێشتمەنی و خڵاسم بکە. ئەوە زیاتر لە کاتژمێرێکە ئەتو ئەمنت زراوبردوو کردووە. ئەدی ئەگەر تو نەچووی بو شاری و لەوێرا نەچووی بو ماڵی ماموستای و ماست و پەنیرت بو نەبردوون، ئەدی دوێنێ لە بەیانێوە چیت بەسەرهات.؟ خو پێشم ناڵەی چووی بو پێشمەرگایەتی و ئەئاوا کوت و پرو دەم و دەستیش خوت وەدەست دابێتەوە.؟

شەنگە : جا ئەگەر وای لێهات کافری سەگدین و باشتر لە موسوڵمان گوێم بو شل بکە با بەوردی و لە سەرەتاوە بوت باس بکەم. شەوێ بەهیچ جورێک خەوم لێ نەدەکەوت، وا خەوم لێ زرابوو هەتا بەیانی هەر ئەو دیو ئەم دیوم دەکرد و جینگڵم دەدا. هەر کە تاوێک خەو بەسەر چاوانم دا دەچوو تێکرا دەبوومەوە و خەوم بە زوری لێ نەدەکەوتەوە وە دەچوومەوە ناو جێگای و هێندێک جارانیش لە سەحاتەکەشم دوودڵ ودوردونگ دەبووم و متمانەم پێ نەدەکردوو راست دەبوومەوە و لە پەنجەرەکەمرا دەنوارێ دەرەوە تا ئەرخەیان بام هەوا روناک بوە یان کازیوەی داوە تا هەڵکوتمە سەر بابم و لە خەوێ راست کەمەوە و بەهەڵەکوتەش بەرەبەیان بکەینەوە و شتێکی باوێنە بەردلمان و چاوەڕێ ماشین بین و زوو خومانی گاڵ دەینە ناوی و بگەینە شاری. ئەوەشم لە بیرچوو بوت باس بکەم شەوێ سێ چوار جاران لە دایکم دووپات ئەکردەوە کە پەنیرو ماستەکەی لە بیر نەچێت و بەتایبەتیش پاک و تەمیز بێت و مووشی تێدا نەبێ چونکە بو ماڵی ماموستای لەبو شاری دەبەم، دایکیشم یەکدوو جاران لێم توورە بووو گوتی هەتیوە بەخو نەوەستاوە ئەوە چیە دەڵەی دەچیت بو خوازبێنێ، ئاراو قارات لێبراوە.

شووشە: شەنگەکەم هەتا لە بیرم نەچوتەوە با ئەوەت لێ بپرسم، ئەرێ ئەمنت لە یاد مابوو؟ جا راستیەکەم پێ بڵێ سەرزل گیان.

شەنگە : ئا ئا توم هەموو کات و ساتێ هەر لە یادە، مەرج بێ لە گەڵ خوم گەر مردیشم تو هەگیز لە بیر ناکەم خاترجەم بە جەم شوخیلەکەم.

شووشە : ئوخەیش، دەباشە قەزاکەو گرم با بێنەوە سەر ریس و گوریسەکەمان مەهەرتێنە گەێشتم و پێنە گەێشتم

کاروان بەرەو کوێ چوو و لە کوێ بارگەو هەواری خست، دەڵەی ماڵی دومو قەرەجەن کە شوێنگەو پێگەیان دیار نێ. دە زووکە تەواوی کەو بیبرەوەو بزانین ئەو شارچوونەی چی بوو، چی لێ شین بووە. لە کوتایی هەتا ماموستاش نەگەێشتوتەوە با دوو قسەی خوشی بو دە خێ وەردەین.

شەنگە : هەیهوو هەیهوو توش ئەمرو واز لەو قسە قۆرانە ناهێنی ماڵوکەتە مەزاجی منیشت تێکداوە..........

ئاە بمبوورە بەخوم نیێە وا جارجارە پەرت دەبمو هەڵدەچم،ئەوەش بە تاوانی تو ناگرم، چونکە لەوانەیە نەک هەر تو، کەسی تریش باوەرم پێنەکات چیم لێهاتوچم بەسەرهات و بە چ داب‌ودەستوورێک چوومو بە چ حالێکیش گەراومەوە، چانێە شکوور تو گوێشم بو را ئەگری ئەگینا خڵکانیتر گوێ بیسم بن لەوانەیە بە فشەکەرو درویێزنیشم لە قەڵەم دەن.

شووشە: نانا هەناوەکەم باوەرم پێ بکە من هیچ مەبەستێکی ئەوتوم نیێەو نەبووە و لە توش زیاتر پێ خوشحاڵ و بە کەیف بووم کە چووی بو شاریو سەری ماڵی ماموستات داوەو بە ئاواتی خوت گەێشتوویو ئەوە دەشتبینم زەقو زیندووگەراویێوەو لە تەنیشتی خوشم رونیشتووی. من لە رادەبەدەرو بگرە زورزیاتریش تامەزرۆی گەرانەوەی سەفەرەکەت بووم هەربوێە ئاوالووکێنێ پەلەوهەلەت لێ دەکەم تا کووبزانم ئاکامەکەی بە کوێ گەێشتووە. لەوە دەترسێم ئێمە هەردرێژەی پێبدەینو ماموستاش بگاتەوە بەرێ و ئەتو هەر تەواوی نەکەی و پاشان هەمووت لەبیرنەمێنێ کە بوبگێریێوە. گەوجە دەزانی وەک دەڵێن هەر شتێک گەرماوگەرم خوشەوئەگەرسارد بووە تامی خوی نامێنێت ئاخر منیش بویە ئاوا هەڵەشە دەبم.

شەنگە : چاوەکەم تێدەگەمو دەشزانم تو بەراستیتە، باوەرم پێبکە منیش لە توزیاتر دەخوازم زوو تەواوی بکەم بەڵام هەرچی دەکەمو دەکرێنم نازانم چونو لە کوێوە دەس بە سەرەتایەکەی بکەمو زووش بگەم بە کوتایەکەی وئەتوی ناسکو ئاسکو دلوڤانو دڵرفێن لەوە زیاتر هیلاکو ماندوو نەکەمو ئازارت نەدەم، ئاخر توش دەبێ ئەوەندە بزانی کە توی نیزیکترین کەسی منو یەکەم کەسیشی کە تا ئێستا لە سەرئەوبابەتە ئاوا بە درێژیو وردی لە گەڵت دەدوێم چونکە مێشکوبیرمی بە خویێەوە داگرتووەو وەک زەروو پێموەنووساوەو بە هیچ جورێک لێم نابێتەوە. خەریکە مێشکم بتەقێ، نازانم ئەتو ئەگەر لە جێگای من بوایێەی چیت دەکردوو تووشی چ دەبووی.

خو رەنگبێ ئەوە هەموو سەرئێشە و ماندووبوون‌بێت ئەگەرپێت بڵێمو لێت‌بپرسم. لەوانەشە پێم‌پێبکەنیو بڵەی ئەوە ئەو قسە هەڵیت‌ومەڵیتانە چێ دەیانکەیو یان پێم‌بڵەی کە ئەمن بەراستی تێکچوومو گوراوم، جا بویە

وەک کابرام لێهاتووە هەی لە گوتنێ و هەی لەنە گوتنێ. بویە دەلێن ئەگەر زمان راوەستێ سەر سلا مەتە.

شووشە : کورە خەمانم لە جێگای هەموانم ،تو دەزانی کە من قەت‌قەت لە تو نەبان نابم، ماندوو نابم،مردوو کوشتەی وتەی توم، من بە تووە ئەژیم گەر تو نەبی من چون بژیم، تو مەلوتکەی ژین و هەوێنی ژیانی منی ، تو ژانی روژانی ژوانی منی. خەمت نەبێ دەردی دڵ بو من بێژە ،ناخی دەروون هەڵرێژە، وەرەز نابم و گوێ‌رایەڵ و لە تەکتا ئەبم. من وردەوردە هەست دەکەم کە تو شتێکت بە سەرهاتووە چوونکە نە رەنگت ، نەرووت وەک رابوردوون و نەراوێژی زاروزمانت وەک جارانن. خوزگە زوو ببیتەوە بە شەنگەکەی جارانم بەتایبە شەنگەکەی ئەو روژەی پێش‌چوونت بوشاری. دیسان بەڵێن بێت من‌تا مردن بو هەموو شتێک لە گەڵت بم ئیدی نامهەوێ چیدی بێمە نا قسەکانت و چون حەزدەکەی و لە کوێرا پێتخوشەو کەنگێ تەواوی دەکەی من هاورێتم.

بەو هیواو ئاواتە توانیبم توزقاڵێک لە هەر بوارو بارێک‌دا بارسەنگیت لە گەڵ بکەم ئەگەر جارناجار قسەی سەیرو هاتەران‌پاتەرانت بو دەکەم هەرمەبەستم ئەوەیە کە بروکێک لە بارەکەت سووک بکەم و زیاتر وەبزەت بخەم لە بەرئەوەی ئەمروزەردەخەنەو بزەت پێوە نابینم. جا خەملی‌خەمانی شووشەی بە کەیفی خوت بکەو پێم لە گەڵت لە ئاوزینگ دایە.

شەنگە : شەنگەبێرێکەم تێدەگەم لە ووشەبەووشەت، شادم بە حەزو بزەت، دەزانم بە هەستی ناسکت ، بە دڵ‌ودەروونی پاراوت، بەرانبەرم توبەو گفتانەت شیرن‌وشیرنتری ، بە هەست‌و بە سوزتری. راستێەکەی ئەوە پرێسکەی سەری منەو هیچ رەوا نیە کە سەری توی پێ بێنمە ئێش. منیش هێدی هێدی خوم کوئەکەمەوە ئیتر بەسە بوت دەگێرمەوە کە لە شاری چیم لا دروست بووە.

شووشە : جا لاوە گیان پێش لە هەموو شتێک راحەتی خوت بستێنە. ئەگەر دەش توانی لەوێوە دەس پێبکە تا بزانم شار چون بوە ، ئێ ئەگەر خوشە حەیاتم با منیش جارێک بچم خودنیا کاول نابێت. نا نا بە جەفەنگمە شەنگە بە چاوی تو من بێ تو ناچم، سەفەری من بێ توکوست کەوتە دەبێت. دەی باسی شارم بوبکە گوڵم.

شەنگە : لە بەندەنی هەمزاوایە کە شارمان لێ دەرکەوت بابم گوتی شارلەو خوارەی‌را دەست پێ‌دەکات تا دەگاتە خانەگێ و وسووکەندوو ئیندرقاشی، لە پێشەوەی ماشێنەکە بە حاستەم چاوم بە هەزاربەهەزاری شاری کەوت.

شووشە : خو هەمزاوا بەشێک لە شار؟

شەنگە : نانا هەمزاوا شارنیە ، دێیەکە لە پشتی شاری و ئێستا شار لە هەمزاوای نیزیک بوتەوە . بەڵام خو ئێمە لەوێ دانەبەزین، ماشێنی ئەو دوڵەی هەمووی لە ناو شاری مەهابادێ لە پێشەوەی مەیدانی حەیوانان نەفەران هەڵدەگرنو دادەبەزێنن.

شووشە : بو لە نێو شاری حەیوان مەیدانیان هەیە یان هەر حەوشەی ئێرەیێە لەوێ مەیدانی پێ دەڵێن، خوزگەم بە خویان ئەگەروابێ لاو کیژی شاریش لە حەوشەی دەتوان بچن بو شوانێ .

شەنگە : نانا هەی گورچووت بڕێ مەیدانی حەیوانان لە شاری وەک حەوشەی لای خومان نیە، خو لە وێ نەک هەرحەوشە نیە حەیوانیشی لێ نیە ئەو ناوی وا بووە و گەرەکێک لە شارێ، چوونکە شارزور گەورەیە، هەمووی گەرەک گەرەکە. وەی خوزگەم بە دڵی تو کە وا هەر دەفکری ژوانێ دای .

شووشە : ئەدی چ بکەم خێن شیرنو ئێسک سووک جا منت لە گورێ نابێت لەو دنیایە و ئەگەر ئەو لاش هەبێ وەک ماموستاش جاروبار بە لەقەلەق باسی دەکات کە نێەو توش پێت وایەو من جارێ بوم ساغ نەبوتەوە........لە ژوانێ خوشتر هەیە ؟بمبوورە لە بیرم چووە خو بریارم دابو من جارێ ئەو جورە قسانە رابگرم . دەی باسی شارت دەکرد دەی.

شەنگە : دوا جار کە گەیشتینە ناو شاری لە کارێژی ماشێنەکان کە لە پێش مەیدانی ئیستقلالە دابەزین

شووشە : ئەدی شەنگە گوتت مەیدانی ئیستقلاڵیش وەک مەیدانی حەیوانان گەرەکێکە لە مەهابادێ؟

شەنگە : کچێ شەمە گیان لە بیرم چوو بلێم کە ئێستا بە مەیدانی حەیوانان دەڵێن مەیدانی ئیستقلال، ئەوە داستانەکەی دوورو درێژە کە بو ناویان گوریوە، با لەو باسە بگەرێن. هەر کە گەیشتینە ئەوێو لە ماشینەکە دابەزین .بابم ووتی شەنگە دەبێ گورجوگوڵ بینو دەستی بابی خوت بگرەو لێم ون نەبی چوونکە شار وەک حەزیای وایە ، ئەگەرتێبکەویو تێدا ون بی ئەوە بە ئیفلاتوونی حەکیمیش نایەوە دەرێ. منیش گوتم بابە گیان خەمت نەبێ ووندا نابم ئەگەر وونیش بووم ئەوە ناونیشانی مالی ماموستا دەزانم. جا لە گەڵ باوکم کە لە ماشێنەکە دابەزینو خومان تەکاندوو بەرەو مەیدانێ وەرێ کەوتین .

شووشە : شەنگە ماڵی ماموستای لە مەیدانێ دووربوو؟بە چەندی بە پیان دەگەیشتنێ .؟

شەنگە : پێم وا نەبوو زوردوور بایە، هەر لە گەرەکەکانی مەیدانێ بوو چوونکە نەمانتوانی بچین بویە بەراستیو بە تەواوی نازانم رێگای چەندی بووو چەندمان پێدەچوو.

**شووشە : چون نەچوون بو ماڵی ماموستای ئەدی چوونە کوێ و لە کوێ مانەوە.؟**

**شەنگە : خەپشێ گیان ئەوە ئێسا خەریکە نیزیک ببینەوە لە گەرماو گەرمی سەفەرەکەم.!!!**

**شووشە : دەباشە دریژە بدە بە باس و خواسی ئەو کاروانە بێ کوتایە بەڵکوو وەک ژن گوتەنی ئاقیبەتی خێربێ و یان خێری پێوەبێت.**

**شەنگە : رێم بدە با لە پێشا باسی ئەوەت بو بگێرمەوە کە بە چە چەرمەسەرێک لە شاریوە گەیشتوونەوە ماڵێ و دایکم چەندی حاڵ وباڵمانی پێ سەیرو سەمەرەبووو....!!!!**

*****

## ئەوە دزە لە هەیوانێ

بووکهەمین : ئەوە کێیە لەوهەیوانە هەستو خوستی دێت.؟

پیروت : ئەمەین ئەمە هەمین ، مەترسێ خومانین خومان!

بووکهەمین: ئەیرو مەگەرئێوە بریارنەبوو ئەم شەو لە ماڵی ماموستا بمێننەوە؟ ئەی لێرە چی دەکەن.؟!!

پیروت : ئەو کاروانە بەسەرهاتی دوورو درێژە. جارێ با بگەینەوە و دەستو چاومان بشوینو جلوبەرگ بگورینو شتێک بخوین ئەوە لە برسان قڕدەبین و لە توونیان ئیشکاومان هاتووە. پاش حەسانەوەو نەختێک قون گەرم کردن ئەوجا بە شێنەیی تێتدەگەیەنین بولێرە دەخولێنەوە گوێت لێبوو بووکهەمین باوانەکەم.؟

بووکهەمین : دە باشە هەتا ئێوە تەواودەبنولەودیو خوتان دەگورن ئەوە منیش پێخورو نانو چاتان بودێنم، هاوارتان نەیە ئەوە تەڕدەست بوتان سازدەکەم. قەزاکەوگرم.

پیروت : وەرە کورم با لە پێشا دەمو چاومان بشوین. ئوخەیش ئەوە بە سەلامەتی گەیشتینەوە بو ماڵێ.

شەنگە : باشە بابە گیانە بێنە با بە دەستت دابکەم توتەواوبە، من پاشان بەخوم دەمو چاوم دەشوم.

پیروت: ئای ماڵی خوت چەند خوشەو بێ قڕەو هەرایە،زورئاسوودەیە ئەگەرپیاو هەرچی بە سەربێت لە ماڵی خوی بە سەری بێت.

بووکهەمین : ئەی کابرا کوانێ حەواجومەواج؟ئەدی شتوومەکەکانتان لە کوێ داناوە؟با بزانم کراسی جوانتان بوهێناوم . بە چاوی شەنگەی هیچت لێ قبووڵ ناکەم بیانوومیانوو ، دانا کێشکەی ناکەی هاهە!!

پیروت : کچێ ژنەکە جارێ وازلەوقسە قورو هەڵلەق مەڵلەقانە بێنەو راوەستێوسەبرێکمان لێ بگرەو

با بەحەسینەوەو پشوکی لەسەرەخوبدەین و ئەو کات بوت دەردەکەوێت و دەبێ زورزوریش شووکرانەبژێر بی کە بەکەلاکی نەیانهێناوینەوە مالەوەو هەردەبێ نانێکی بخوی و حەوتان بە حەوای دادەی کە نەبووی بە بێوەژنو وەجاخ کوێر.!!

بووکهەمین : کورە پیاوەکە ئەوە بو ئاوا کەلەلای و پەشوکاوو شەمزاوی؟ خو ماڵوێران رەنگت پێوە نەماوە! ئەی بو وا ماندووی دەڵەی لە دەسکەنەو دروێنەو مەڵەغانگێرانێ هاتوویەوە! خو لە پەڵەباقیش نەهاتوویەوەو. ئەگەر حەواجیشت لە شاری نەکریوە ئەی پێم ناڵەی بوچی چووی .؟!

پیروت : ئەی بەزیاد بێ تێر بووم .خزمینە نانی ماڵی خوت چەند بەلەزەت و بە تامە.دا چایە کیشم لە بو تێکە چش ئەو جاریش ئەوە نەمردم و کفنم دری. با چایەکەش بخومەوە ، ئەوجا بە دوورو درێژی بوت باس دەکەین کە چیمان بەسەر هاتووە و حەواجمان لە کوێ لێ بەجێ ماوەو بارگەوبنەمان بو گێشتووتەوە ئێرە بووکهەمین.

شەنگە : ئەی دایە بریا لە سووچێکی را بابمت دیبا کە چون هاوارهاواری دەگەیشتە ئاسمانێ و چون بە پاڵەپەستوو خوی دەو کونەی خزاندبوو، ئێستاش ئاوەها لە جێ گەرم قسەی ئەوەندەئەوەندە بو تو دەکات .

بووکهەمین: کورم سەرلەوە دەرناهێنم دەڵەی قەدیمەو چوونەتە لێرەواری و بارە رەژیتان بە دزی ژاندرمان هێناوە وە یان دەڵەی لە گەرمێنێوە بە کوڵێ تلەڤیزیون و ئارەقمارەقو بە دزی جاش و پاسداران هێناوە.

بابتە کورم ئیدی چی لە گەڵ دەکەی.!!

پیروت : بووکهەمین بە سەری بابت هەر گەیشتینە شاری و لە ماشێنەکە دابەزین کوت وپرو بێ یەکودوو کەوتینە نێو هەڵلا هەڵلاو بگربگرو تەقوتوقێ هەتا بەهەزار حاڵی سەگی و پچرپچر لە ناو حەشیمەتێ قوتاربووین و خومان دەرباز کردە دەرەوە شاری قیل سپی و کلکی وشترێ گەیشتە حەرزی و لەوێش بێ راوەستان و پشوودان کەوتینە ناو کەمین و رمبەرمبێ. دەتگوت شەری پێشمەرگانە، ئەگەر ئەو کونە پردە نەبایە ئەوە هەموو گیانمان وەک بێژینگێ دابێژدابێژ ئەبوون و بەکوڵێک ترس ولەرز خومان گەیاندوتەوە ماڵێ و ئەتوش لە ماڵێ شەری کراسمان پێ دەفروشی و هەرەشەو گورەشەی شەویم لێ دەکەی.!! ئەو کورە بەستەزمانە سەفەرەکەی لێ بوو بەقوزەڵقورتوو ژەری ماری. ئێستا کە بە ساغی نەجاتمان بوە هەردەخەمێ شەنگەی داماو دام خو تو ئاگات لێ بووە چەندی دڵ بەو سەفەرە خوش بوو، واترساوم و زەندەقم چووە کە پێم وایە قەت ناوێرم جارێکی تر لە گەڵ خوم یان بەتەنێ و یا لە تەک کەسی دیکە بو شاری بنێرم. ئەوە روژی مان ونەمان بوو چی بوو ئێمەی تێکەوتین، ماڵتانە خەڵکی شاری خو لە گوللەوملەی ناترسن بویە زورجاران

پێشمەرگەکان دەیانگوت گەر خەڵکی شاری راپەرن دەوڵەت‌مەوڵەت بەرگەیان ناگرن ئەگەر بەچاوی خوم ئەمەم نەدیتبایە ئەوە قەت‌قەت باوەرم بەو قسانە نەدەهات بەڵام ئێستا بەتەواوەتی هاتوومە سەر ئەوەی کە هەزار دەوڵەتی دڕتر لەو مەلاو مێروانە گەر شارلیان راپەرن ئەوە رایاندەپێچن و رایاندەماڵن قەت شتی‌وات دیوە هەر بە بەردی دەستیان لەگەڵ تانک‌وتوپی شەریان دەکرد. ئەی لەوەی زیاتر قەوەتدار بن سابڵاخی لە خورا باس ناکەن کە ئەو سەربازخانە گەورەیەی مەهابادێ لە هەرەتی دروست‌بونی تا ئێستا بە دەستی بەتاڵ چەکیان کردووە و دایانماڵیوە. کورینە ئەوە تازە دەزانم ئەو مام‌میرزایە بو ئەوەندە پیتوڵ و نەترسە، ئەو لە نێو ئەوانەو لەگەڵ ئەوانە تێگەیشتووە و گەورە بووە.

*****

## دەرباز بوون لە ئاستەنگێ

شەنگە: هەروەک بوم باس کردی کە باوکم کورتەیەکی بو دایکم گێراوە، هەرئەوەندە پێمان لە ماشێنەکە هێناخوارێ و دابەزین شار تێکراو پێکرا هەمووی شڵەژاوو راپەرین دەستی پێکرد. خەڵکی مەهابادێ بە گچکەو مەزنەوە لەسەر شەقامو جادەو کولانەکان هاتبوونە دەرەوەو یەکبەخویان دەیا نگوت :

نەمان بو فاشیستان        سەرکەوتن بو کوردستان

بە هێزو توانای گەلا ن        دەروخێنین فاشیستان

بە نەمانی فاشیستان        پارێزە مافی مروڤمان

بە خوێنی شوانەو شێرکو        فاشیست دەکەین رەنجەرو

بە رابوون و راپەرین        با فاشیستان رامالین

سەرهەڵدانی روژهەلات        پشتیوانی باکوور دەکات

بژی هێزی پێشمەرگە        فاشیست نێسیبتان مەرگە

بژی بژی ئومانیست        دەبا بمری فاشیست

جا خەڵک بەتایبەت لاوەکان بە بەردوو دارەوە ئەو دروشمانەیان دەگوتەوەو پەلاماری سەر پاسدارو پێگەکانیان دەدا. بابم لە تاو من و لە ترسانا نەدەزانی روو لە کوێ بکات، هەرخوی دێرو دەوێ دەکوتا تا سەرئەنجام دوای نیزیکەی یەکدوو کاتژێمێران پاش خو بە هەزرا قوژبن و کەلەبەر دادان سەرمان لە دولی وزندەرێ و بەردەسپیان دەرهێنا کە لە وێ کەوتینە بەرچاوی پایەگاکانی ئەو ناوە و وەبەر دەستریژانیان داین و بە هەزار ناری عەلی و

پەلەپروسکەو خولە حەرزێدان خومان گەیاندە ناو کونی لوولەی پردەکەی ئەوناوە. ئەگەرئەو کونە پردە نەبایە ئەوە هەموو لەشمان کون کون دەبوو و گیانمان پارچەپارچە دەکرا.

شووشە : هەی کوێر بم بوت شەنگە چانێە بە ساق و سەلامەتی هاتوونەوە. ئەدی لەو شەرو هەلایەدا ماست و پەنیرەکەت چی لێ کرد؟دات بە ماڵی ماموستای.؟

شەنگە : ئەی من ئەوە چیت بوباس ئەکەم. ناڵێم دیزەو گوزام لێ کوون کوون بوون و ماست و پەنیر بە دەشتێدا بڵاوبووە، نەماست ما و نەپەنیرو نەدیزەو گوزە. کوونەمشکمان لێ ببوو بە قەیسەری و ئەگەر نەگەیشتباینە پردەکەی وباوکم خوێ لە بن پردێ نەخزاندبا و منیش لە بن گابەردەکەی پێش ئەو پردە خوم حەشارنەدابا، ئەوە نە شەنگە دەماو نە بابی شەنگە و توش ئەبوو هەتا هەتایە خوت بوشەنگەی جوانەمەرگ و داماو دەخمی نابایە.

شووشە : دەباشە پێشمەرگە نەترسەکەم گەروایە بە ووردی بوم باس بکە لە گەڵ باوکت چتان بەسەرهاتوو چون نەجاتان بوو.؟

شەنگە : لە دەستریێژی جاری یەکەمدا نازانم بابم بە هاوارهاوارو سوێندانەوە چون خوی گەیاندبووە بن پردەکەی و خوی لە ناو کوونە پردەکە راکردبوو و ئاگای لە من پرابوو . منیش وەک بوم گێرایەوە بەهەڵەکوت خوم گەیاندە ئەو گاشەبەردەی و بەتەواوی لە بنیدا خوم مەڵوسدا. جا باوکیشم کە خوی لە کوونەکەدا جێ کردبووە ئینجا منی وەبیر هاتبووەو هاواری دەکرد، روڵە بەقوربانت بم، روڵە ئاگات لە خو بێت، کورم خوت مەبزێوە، کورم دوورمەکەوەلێم. منیش گوتم بابە هیچنیە جێگام قایم و حەستەمە. ئەوەنێ زور جاران پێشمەرگەکان بو یەکتریان دەگێراوە کە چون دەکەمینێ کەوتبوون و چلون لەناو تەق و توقێ خویان قوتارو دەرباز کردبوو لە ناکاو هەمووم وەبیر هاتەوە کە چیان کردبوو. هەر کە بابم لە لوولە پردەکەدا دادو فیغانی دەهات، چونکە دەنگی دەداوە رەگبار بەدوای رەگبارێ دەستی پێدەکردو دەوروبەری پردەکەیان دادەگرت و پریشکی بەردوو گول لە بەسەرمندا ویزەویزیان دەهات. رێگای دەپازدە هەنگاوان واوەتر بستوویێک بوو کە لە پایەگاکە وون دەبوون، کە دەسیریێژ بێ دەنگ بو بەسپایی سەرم بەرز کردەوەو زوو بە باوکم ووت بابە گوێ بدەرێ من چیت پێدەڵێم ئەو ملەیە دەپازدە هەنگاوە، گەرخومان بگەیەنینە وێندەرێ ئەوە لەوان گوم دەبین، ئێستا کە تەقە بێدەنگە من ئەوە بە هەڵەکوتان خوم دەگەیەنمە وێ.توش بێدەنگ بەو هەڵلاهەللا مەکەو قەیرێک دوای من کە تەقە نەکرا ئەوە توش خوت بگەیەنە لای من، بابم کە زور دەترسا لەسەرەخو هاواری ئەکرد؛ کورم مەبزوو با تاریک بێ جا دەروین. هەر من دەمزانی ئەوان تازە نایەنەخوارێ بومان چونکە زورجاران

لە کورە کانم بیستبوو کە دەیانگوت پایە گا کان ئێواران ناوێرن لە شوێنی خویان دوور کەونەوەو بە شوێن کەس‌دا بکەون. ئینجا گوێم هەڵخست و سەیرم کرد کە باوکم بێ‌دەنگە و تەقەش نیە، یە کدابەدوو خوم گەیاندە ئەو ملەیەو ئاوا بووم لە وان و بریێک لەم دیوتر بوی درێژبووم و چاوەنوارێ ئەوەم دە کرد بزانم خومپارەو توپی داوێن یان نەیان دیتووم . دنیا ئارام بوو بەڵام باوکم دیاری نەبوو و وڵاتیش بەرەو تاریکی ئەچوو. بە هێواشی و مات و بێ‌دەنگ خوم گەیاندەوە باوکم و پێم گوت بێ‌هاتووهاوار بەشوێنم‌دا بێت، بابیشم هەم دەترسا و هەم فرەش حەزی ئە کرد. بەماتەمات خومان گەیاندە ئەو دیو بستوە کە و کەمێک ئەملاتر کانێکی لێ‌بوو، خومان گەیاندە کانیە کەو لەسەرئەو کانیە پشووکمان بوداو تێرتێر ئاومان بوخواردەوە. بابم لەوێ هەلەهەل و پەلەپەلی بوو هەردەیگوت کورم خێرا بکە با زوو خومان بگەیەنینەوە ماڵێ.منیش کە بیرو مێشکم یە کتریان دەخواردەوە لە سەرئەو پرسیارەی لام دروست ببوو خوم رانە گرت‌و لە باوکم پرسیار کردوو بە سەبرایی بە گوێچکەیدا پچەپچم کردوو باوکیشم ووتی ؛ هەی‌هوو هەی‌هوو ئەوشتوو متە چیە؟ کەس‌نا رەجەب!! روڵە گیان وازلە مە بێنە مە گەر ئەمن ماموستام خوێندەواریم هەبێ یا خو مام‌میرزام بەهەندەراندا خولابمەوە و وەک گەڕوکم لێهاتبێت. منیش لە بەرخومەوە پیشم دەخواردەوە.

شووشە : هەی بێکەس خوم ،من ئەوە ئێستا تێدە گەم کە دەڵەی دیزەو گوزەت لێ کوون کوون بوونو ماست و پەنیرت بە دەشتێدا هەڵرژاوە و ئەتو باوکت خەریک بوون بە کوژرێن‌و دایکە هەناسەساردە کەت هەتاهەتایە وەجاخکوێر بایەو شووشەی رەنجەروش هەتا مەرگ دەیبردەوە بەرگی رەشی لەبەر خوی دانە کەنبایە. نە کەی هەی‌رو بریا سەدجار نەچووبایە ئەم سەفەرە و منیش قەت‌قەت دیاریم نەویستووە و ناوێ. بە خوشم نازانم دەڵێم چی ،ئەوە من تازە خەریکە حاڵێ دەبم ئەتو بو ئاوا پەشوکاوی. ئە گەر ئێستا لە پۆل نەباین‌و مام‌میرزاش لێرە نەبایە ئەوە دەئامێزێم دە گرتی‌و تێرتێر بەخومەوە دە گوشی و پربە دڵیش بونم پێوە دە کردی. هاوارسەدهاوار شەنگە چونت دڵ دێ من بەجێ بێڵی. هەی دە گوری ئێسک‌وپروسکی بابتان ر............ مەلا بو ئەو کوشتووکوشتارەو دەوڵاتێوە خستووە و بە هەزاران ئاشق‌و ئەڤینداری وەک ئێمەتان لە بەرێەک ترازاندووە.

ولە خوێندا گەوزاندووتانە. خو شتێکت بەسەرهاتبایە، ئەوە ماڵی ئەو مەلایەی ئێرەم ئاور تێبەردەدا ئە گەر سەنگەساریشیان کردبام .

شەنگە : شووشە گیان جا من لە شاری ئەوەم بەسەرهاتووەو ئەو پرسیارەم لا درووست بووەو لەناخی میشکم

قەیتیس ماوە. نازانم چون وڵامی وەربگرم.

شووشە : بیل بیلە کانم بلێ بزانم پرسیاری چی؟ بە گیان و دڵ لە گەڵتم و یارمەتیت ئەدەم. چانیە شکوور ئەم جارەش بە ساغ و سەلیمی دەرباز بووی .

شەنگە : نامهەوێ بە توونی بیلێم جارێ با کەس گوێ لێ نەبێت تا بە وڵامە کەی دە گەم گوێچکەت بێنە پێشەوە تا بە چرپە پێت بلێم و بزانم تو سەرە تەقەیە کی لێدە کەی؟

شووشە : هانێ دەی با بزانم چێ. !!

شەنگە : دەباشە ئەوەیە...............................؟

شووشە : ئەی سەڵام نەمێنێ خو من لەو شتومتەی سەر دەرناهێنم بەڵام خو تو زور لە ماموستا نیزیکی من لە پێشانیش پێمگوتی کە هەر پرسیارێک لە ماموستا بپرسی ئەو وڵامت دەداتەوە . ئە گەریش زور بەتالوو کەی و لە سەر ماموستا راوەناستی، ئەوە دەتوانی بچی لە مام‌میرزا بپرسی. مام‌میرزا دەڵەی بلیمەتە لە شت‌ومتی‌وا زور دەزانێت.

شەنگە : دیسان ماموستا ومام‌میرزا ! چار نیە سەبر دە کەم تا ماموستا دە گەرێتەوە.

شووشە : ئەرێ شەنگە دەتوانم لە کوتایدا داوایە کت لێبکەم ؟ هەر دەزانم تو وەک چەقەوبنێشتی پووچەڵ وای، گەر بەشتێکی وەنووسای ئەوە دەسبەردار نابی و لێ نابێوە .

شەنگە : بڵێ بزانم دەڵەی چی. بەڵکوو شتێکت لێ هەڵوەرێ .

شووشە : دەڵێم بو وازلەو شت‌ومتە ناهێنی کورە قەلەندەر کوا ئەتو بەرگەی ئەو قریاووریایەی دە گریت.

شەنگە : جا چون دەتوانم دەستبەرداری بم بەناشکوری نەبێت ئەم پرسیارە بوو بە تێشووی ئەو کاروانەی من. لێگەرێ بزانین بەرەو کوێمان دەبات، وەک ماموستا ئێژێت گۆم هەتا قوڵ بێت مەلەی خوشترە.

*****

# مام‌میرزا و قوتابخانه

مام‌میرزا : کورم شه‌نگه!؟

شه‌نگه : به‌ڵێ مام‌میرزا

مام‌میرزا : ئه‌وه ماموستا زوری دره‌نگ کردووه، ئه‌وه بوو به نیوه‌روش ئه‌و هه‌ر نه گه‌یشته‌وه. ده‌توانی بچی ته‌له‌فونێک بو ماڵی ماموستا بکه‌ی؟ تا بزانین نه‌وه‌ک هیچی بو هاتبێته‌پێشێ.!

شه‌نگه : چون ناتوانم مام‌میرزا به‌سه‌رچاوان، به‌ڵام ژماره که‌ی ماڵی ماموستام پێ‌نیه چون ته‌له‌فونیان بو بکه‌م؟

مام‌میرزا : پێنووس و لێنووسێکم وێ بده تا ژماره که‌ت بو بنووسم.

شه‌نگه : هانێ مام‌میرزا ئه‌وه‌تانێ ده زوو که بوم بنووسه. نازانم بو ته‌له‌فونه که‌یان له‌و سه‌ری ئاوایی داناوه، نه‌ده کرا وه‌ک شاری هه‌موو ماڵێکیش ته‌له‌فونێکی هه‌بایه؟

مام‌میرزا : کوره بو نازانی مه گه‌ر له کونه‌وه نه‌یانگوتووه که مه‌لا هه‌ر ده‌ڵێن وێمبده‌ن و بوم بێنن، قه‌ت ناڵێ هانێ بووده‌مێ. مه‌لای ئێره‌ش داوای کردووه که ته‌له‌فونه که‌ی ئه‌م گونده‌ی بده‌ن به‌و، هه‌ربویه ته‌له‌فونه که‌ی ئه‌م ئاوایه له‌و سه‌ری دێ له بن ماڵی مه‌لایان داناوه. ده‌برو ده‌ی به‌ڵکو هه‌تا تو ده گه‌یه وێنده‌رێ ئه‌وه ماوستاش بگاته‌وه‌و پێویست نه کات ته‌له‌فونه که‌ش بکه‌ی.

شه‌نگه : ده‌زانی مام‌میرزا، ماموستا ده‌یگوت بویه ئه‌و ته‌له‌فونه‌یان له‌وێ داناوه هه‌تا مه‌لا زوو زوو پایه گا و شاری له جم‌وجوولی ئاوایی ئاگادار بکاته‌وه‌و نه‌شهێڵێ کوروکاڵ به که‌یفی خویان له‌و ته‌له‌فونه که‌ڵک وه‌ربگرن.

مام‌میرزا: روڵه وایه من نامهه‌وێ هه‌موو شتێک له‌بنی کووله که‌ی بده‌م. ده‌برو راکه ده‌ی.!

شه‌نگه: به‌سه‌رچاو مام‌میرزا گیان ئه‌وه به‌راکردن ده‌چم‌ودێمه‌وه.

شووشە:  دەسگیران! دۆست، دەیویست دیاری          نەک شتوومتم بوبکەی بەپرسیار لەشاری

شەنگە: ئەلو ئەلو ماڵی ماموستایە؟

خامە: بەڵی فەرموو ئەتو کێ؟ من دایکی ماموستام خامەم خامە

شەنگە: ئەمن شەنگەم لە قوتابخانەی ئاوایەوە تەلەفون دەکەم مامیرزا نیگەران بوو کە تا نووکە ماموستا بو نەگەراوەتەوە بو قوتابخانە. بویە منی ناردو ژمارەکەشی دامێ و گوتی تەلەفونتان بو بکەم.

خامە: دەستت خوش بێ شەنگە گیان. دەزانی ماموستا پێرێشەوێ زور باسی هاتنتانی دەکرد. بو نەهاتن بو ماڵی ئێمە؟ ئەدی چوون بو ماڵی کێ؟

شەنگە: بڵێم چی دایە خامە، منیش زورم حەز دەکرد کە بێم بەڵام کە گەیشتینە ناو شاری تووشی گیروگرفت هاتینوو ناچار بە گەرانەوە بووین. نەمانتووانی لەوێ بمێنینەوەو لە گەرانەوەشمان لە رێگادا وەختبوو بکوژرێن و بە هەزارچەرمەسەری گەیشتینەوە ماڵێ. نامهەوێ لەمە زیاتر کاتتان بگرم، ماموستا خو نەخوش نیە کە نەهاتووتەوە؟

خامە: نا شەنگە بریا نەخوش بایە! لە زمانی منەوە زور سپاس لە مامیرزا بکەو پێ بڵێ ماموستایان گرتووە؟!

شەنگە: چی بووە گیراوە؟ خو لە گەڵ کەس شەروهەڵلای ؟ چون دەبێ ماموستا بگێریت؟

خامە: نانا ماموستا مروڤی شەرێ نیە، بڵێ بە مامیرزا لە راپەرینە کە دوێنێ لە گەڵ کومەلێک خەلکیتریش بە دەستی فاشیستەکان گیراون.

شەنگە: فاشیستەکان ؟!!

خامە: ئەرێ ئەرێ ئەم فاشیستە سەر کەلەمانە.

شەنگە: فاشیستەکان! فاشیستەکان! بەخێر چی.

شووشە: ئەوە شەنگە بو ئەمەنەی پێچووو! لە سەر تەلەفونی نەکەوتبێتە پرسیاران لە ماموستای، ئەگەر وابێت هەتا ئێوارێ ناگەرێتەوە .

شەنگە: مامیرزا مامیرزا ماموستای قوتابخانە لە زیندانی فاشیستانە!!!

پۆل: هەموو سەرمان سوورماوە!      شەنگە چ هەوالێکت هێناوە؟

شووشە: ئەی مالمویران و هەرگموەسەری بە راستی شەنگە دینوسەری بووە. بو وا دەگری و دەبارێنێ.؟

مامیرزا: شەنگە ئەوە دەڵەی چی و چی ئەنووسی؟ بوچ وا بە هاتووهاوارووغاردان خوت بە ناو پۆلدا خوشاندوو تا بەرتەختەرەشەی رانەوەستای، دادەی بزانم تەلەفونەکەت کرد.

شەنگە: مامميرزا و هەموو پول . من نا گریم گریانم دیّت     فرمیّسکی بە بارانم دیّت

ئەوەی نووسیومە راست دە کەم لە گەڵ دایە خامە قسەم کردو ئەو گوتی ماموستا لە گەڵ کومەڵیّکی دیکە لە خەلکی شاری لە راپەرینە کەی دویّکە بە دەستی فاشیستە کانی کەلەمبەسەران گیّراون. بویە منیش ئەوەم نووسیوە.

مامميرزا: دادەی رولە شەنگە بیخویّنەوە بزانم چیت نووسیوە.

شەنگە: ماموستای قوتابخانە     لە زیندانی فاشیستانە

پۆل: ئەی چی بکەین بو ماموستا؟ ئاخو پۆلمان راناوەستیّد؟ دەبیّ کیّ وانەمان پیّ بلیّت. خوزگە ماموستا بە بەسەربەستی و بەسەربەرزی بگەرایەوە.

مامميرزا: شەنگە دا هەستە برو ئەو چاویلکانەم لە گیّرفانی باڵتووکەم کە لە پیّشخانەی هەلمهاوەسیوە بوم بیّنە.

شەنگە: بەڵیّ مامميرزا ئەوە بوت دیّنم.

مامميرزا: گویّگرن تیّکرای پۆل خەم داونە گریّ و دامەمیّنن تا ماموستا دە گەریّتەوە لە دەرس و دەوران نابیّ دوا بکەون.لە خویّندن نابیّ بەوەستین ، ئەوە ووتەی ماموستایە. ئەورو من بەهیّزی گوچان و چاویلکە کانم دەبم بە ماموستاتان.

شەنگە: هانیّ مامميرزا ئەوەتانیّ چاویلکە کانتم بو هیّنای.

مامميرزا: ئەمرو تازە واز لە زانست و بیرکاری دیّنین ، ئەلف و بیّ بە هونراوە و هەڵبەستان دەورد ەکەینەوە، جا جوان گویّچکەتانم بو رابگرن لە منەوە دەس پیّ دە کەین.

رانا وەستین لە خویّندن

لە زانست و فیّربوون

لەرەورەوەی بەرەوپیّش چوون

نە مەندیل و نە حەببا

نە زیندان و ساروللا

ناتوانن ریّگامان بگرن

لە قوتابخانە و رابوون

ئازا بڵیّ ئا و بیّ:

ئازا: ئاو ئاگر و ئازادی  خوشەژیان بەئاشتی و بەشادی

مام‌میرزا: کچم تەوارِ تو رابە بو تێ و پێ:

تەوارِ: تێرو تەسەڵ لە پەیڤین و فکرین  پێخور و پێویستی مروڤن بو ژین

مام‌میرزا : جوان بێژە لە مەرِ ج:

جوان: دژ بە جەنگ بین لە جیهان  ئەی گەلی دۆست و جیران

مام‌میرزا : چیا بڵێ لەبو چ:

چیا: خوشە بژی لە چادرو چارداخ و چیان  شەق لە پەچەو چارشێوی زورەملی کچان

مام‌میرزا: حەیات بە ح دەس پێ بکە:

حەیات: حەیران و شمشاڵ و بیری و حەیوان  حاوانەوەن بو دلە کەی مامەی شوان

مام‌میرزا: سەرەی تویە خەیاڵ خ:

خەیاڵ: خەم، خەمنا کی و خەوتن کاری مە نین  خوێندن، خەبات و خوشی نابێ ئێمەش بێ بەش بین

مام‌میرزا: نورە دەدەم بە دانا بو د ر:

دانا: دەواو دەرمانی هەموودەردان  رێچکەو رێبازی مروڤایەتیە بو ژیان

مام‌میرزا: زوزان ئینجا ئەتوو ز:

زوزان: زورن زاڵم و زورداران  خاڵخاڵی و کێمیا عەلی یەکن لە هەزاران

مام‌میرزا: ژیکەڵە شووشە فرچک بگرە بە ژ:

شووشە: ژین و ژینگە و ژیان  بێ ئاکامن بێ ژوان

مام‌میرزا: شەنگە بە گورێنە سین‌وشین:

شەنگە: بو سەربەستی و سەرکەوتن لە خوێندن قەت ناوەستین  شوێنی ماموستا دە گرین شین شیاوی وی نین

مام‌میرزا: غەزاڵ چونی لە تەک غ و ف:

غەزاڵ: بوون بە سەروک غولام و غەددار  بێ ماف و زیندان دە کەن مروڤی مافدار

مام‌میرزا: قەزوان دەروا بەرەو ق:

قەزوان: قوونقەلا و قارنە و قەڵاتان  بەڵگەن بو بوونی فاشیستان

مام‌میرزا: ڤیان لە بیرمان کرد ڤ:

ڤیان: مروڤ، مروڤی کردووە کوێلە و دیل       بە منارە و بیروکە و مەندیل

مام‌میرزا: گوران بیگورە بە لای ک و گ:

گوران: کورد و کومەڵ و کوێستان       گاور بوون و ئا گرەوان

مام‌میرزا: لاوێن بلاوێنەوە ل:

لاوێن: لاو و لاو کوو لالو       بەستەی ئازادی مروڤ بو

مام‌میرزا: مامو بەئاخاڤە سەرم:

مامو: مل‌هوڕ، مل‌ئەستوور، مل‌بە کوێن       شێخ‌وئاغا ، کوێخاومەلا ، سەروکی کێن؟

مام‌میرزا: نەوروز دەلێم نوون و واو:

نەوروز: نان و نان و نان ونان       ئێمە برسی و تێرن بەرپرسان‌و سەروکیان

مام‌میرزا: ئابرا هیوا ئەرای ە و ی:

هیوا: هێمنی وهێدی و هیوایەت بو هەمووان       یەکسان هەڤبوون وەک‌یەک ژیان

مام‌میرزا:

دەستان خوش بێ کچ‌و کوڕ

فاشیست دە کەین کپ‌و کڕ

بەو بیست و شەش پیتانە

ساز دە کەین ئەم ووشانە

فاشیست چاک بزانە

کوت و پڕ دەست و برد

گەر یەک ماموستاتان برد

ئەو هەژدەی‌تری دروست کرد

ئەوەش ووشەی دووایی مانە

بژی مروڤ و مروڤایەتی

گوڕ بێ فاشیست و فاشیستایەتی

*********

## بارو خەمی شەنگەی

**مام‌میرزا: شەنگە رۆلە**

**شەنگە: بەلی مام‌میرزا گیان**

**مام‌میرزا: کورە کە بو وا رەنگوو رووت پێوە نەماوە. چەن رۆژێکە جورێک دێتە بەرچاوم، هەموو جارێک کە دەتبینم بە چەشنێک سەیر دە کەی دەلەی شتێکت پیە و ناتوانی دەری‌بری و دەخوت‌دا شاردوتەوە، یان من سەهووم و تو هەربەپەروشی بو ماوستای بویە وات لێهاتووە .**

**شەنگە: بلێم چی مام‌میرزا، چیت لێوەشێرم . ئەوە راستە زور زور بە پەروشم بو مام‌وستای و دەخەمێ دام. ئەوە بو حەوتوویەک نیزیک دەبێتەوە پرسیارێک مێشکوو بیری داگرتووم، خەو خوراکی لێ هەلگرتووم نازانم چونوو لە کوێ و لە کێ بە ولامە کەی بگەم‌و وەری بگرمەوە ، هەردلی خوم خوش دە کەم‌و ئەورو ئەورو دە کەم تا بەلکوو ماموستا بێتەوە بەلام داخە کەی گرانم واوێ دەچێت بەم زوانە نەیەتەوە لامان .**

**مام‌میرزا: باوانە کەم من فرەم بو ماموستای لە سەرحیزب و دەسەلات وە هەروەها فاشیستان باس کردووە. ئەگەر نەمردبام ئەم جارەش چاوم بە ماموستای کەوتبایەوە هیچی دیکەم ئاوات نەدەما ، بەلام مخابن زور حەستەمە ئەو ئاواتەمان بەم زووانە وەدی بێت لە بەرئەوەی هەر مروڤێک بکەوێتە بەردەستی فاشیستان نە بە مردوویی و نە بە زیندوویی کوانێ چاوت پێ دە کەوێتە؟ ئەگەرهاردان‌بیرهیندێک مروڤیش لە تیغ و قەلغانی ئەوان رزگاربن ئەوە زوریش لەوان وەک مروڤی ئاسایی یان وەک پێشوویان ناهێلنەوە چوونکە**

فاشیستەکان خەلکانێکن کە ئەوەندەی تامەزروی کوشتنی مروڤن سەد قات پتر حەز بە وورد کردن و تێکشکانی کەسایەتی مروڤەکان دەکەن بە تایبەت ئەوانەی کە سەریان بویان دانانوێنن و دژایەتیان دەکەن وەک بەلگەی مێژوویی دەتوانین ئاماژە بو دەورانی ستالین و ئەو کوماری ئیسلامیە بکەین کە چون دەستە دەستە مروڤەکانیان پێش کوشتن بە بروای فاشیستان ورد کردن وە نەک هەر بەئەمەش رازی دەبوون، بەرهەر کەلەکو کولەکێک بایە دەیانهێنانە سەر تەلەفیزیون و رادویوکان ویان بە دروێ و ساختەچیانە پاکانەیان پێ واژو کردوون و یان لەلایەن هێندێک قەلەمنوکەرو قەلەمفروش بەدزی و بە ئاشکرا و بەناو بێناو لە پشت سەریان شتیان بە ناوی وان و لە زمانی وان بلاو دەکردەوەو وایان دەنواند کە خەلک وا تێبگات کە ئەوانە لەوەی کە کردوویانەو گوتوویانە پەشیمانن و زورجاران ئەگەر ئەوانەشیان بو جێبەجێ نەکرابایە نامیلکەیان بە واژوی ئەوان بەلاو دەکردەوە. چونکە ئەو فاشیستانە دەیانهەوێ وا نیشان بدەن کە تاقانە راستگوی ئەم روی زەوێن و هەر کەسێک کە دژ و نەیاری ئەوان بێت ئەوە بە خوشی یان ناخوشی ، بەراستی یان بەدروێ پەشیمانی دەکەنەوەو پاشەروژێکی ئاوای بو ساز دەکەن. لەبەرئەوەی هەردەم زەندەقیان لەوە چووەو دەچێت کە دیزە و گوزەی درووبوختان و تاوانکاریان بشکێت و دەسەلاتیان وەک بلقی سەرئاوێ گورو گوم بێت بویە لە سێبەری خوشیان وەک رێوی دەسلەمێنەوە. کاتی دەسەلاتیان وا نیشان دەدەن کە ئازاترین مروڤن ولە هیچ ناترسن، جا کاتی روخان و هەرەس هێنانی دەسەلاتەکەیان ئەوە دەبنەوە بە فس فس پالەوان و زەبرو زەنگەکەیان دەبێتەوە بە خشەخش. زور دوور نەروین سەدام بێنینە بەرچاومان . من زور خوشحالْ بووم کە سەدامیان بەروژە برد کە زوو یان درەنگ ئەوە چارەنووسێکی هەرملهورێک و فاشیستێکە. ئەم چەن بەیتانەم کاتی گرتنی بەو بونەوە نووسیوە کە ببێتە پەند بو هەرێەکێکی تر، چونکە جەورو زورێکی ئێجگار زورم بە چاوی خوم لە سەدام و داروەستەکەی بەرانبەر بەو مروڤە بێتاوانە دیوە. هەرچەند دەسەلات چاوو گوێ هەموو فاشیست وملهوران کوێر و کەڕ دەکات و پەندی زەمانەیان زووزوو لە بیر دەچتەوە . بویە لە کونەوە گوتوویانە کە فاشیست فاشیست دەخولقێنێ.

## پەند

### سەرداری قادسیە؟
### شێری بابلیانی؟
### سەلاحەدینی ئەیوبی؟
### کاستروی شەرقی ئەوسەتی؟

دەورووبەر پیان کردی!
ئەتو مشکی بن حەرزی!
......................................

نەشاعرم نەپەخشانەوان
مێژوو پالی پێوەنام
ئەو چەن بەیتانەم پێکوەنان
پەن بێ بو ملهورو نوکەران
هەموو دەبن بە سوفی سەدام
بە راپەرینی گەل یان بەفیتووی ئەربابیان
...........................................

ئەی ملهوری بێ بوسو
هەموو زوردارانی وەک تو
لە هیتلێر تا سوهارتو
ستالین تا چاڤوشیسکو
مەلاو پولپوتوو پینوشو
موسولونیو ئەپارتیدیش بکەین وەکو
ئێستا لاسەنگی ئەتو
...............................................

لە سەرەتای خوێن‌ڕێژ بوونت
لە کوشتاری هەڤالانت
لە هەردوو بالی بەعسیانت
برژنڤ گرتی بال‌وشانت
کوێخای دمراستی سوڤیەت
ناویان نای کاستروی شەرقی‌ئەوسەت
..................................................

بەپشتی میگ و میراژ
خەلکت کرد دابێژدابێژ
پاریس خوی‌لێ کردین گێژ
ئەمیرکەو سوڤیەتی دەس درێژ
لە کومەلی نەتەوەکان کردیان‌راوێژ
نەوتیان برد کردیان بەژار
پرژاندیان بەسەری بێکەس و هەژار
.....................................................

کردت بەسێ لەدنیا
ناکازاکی و هێروشیما

هەلبجەت کرد بەشیمیا
بە دەس ئاموزات عەلی کێمیا
زیاتر لە پێنج‌هەزار مروڤا
وەک کوورەی هیتلێر سووتا
..............................................................
سەدو هەشتاو دووهەزار
لە مروڤی کوردی هەژار
ئەنفالت کردنو نادیار
منالّ. پیر. ژن. هەرزە کار
چیان بەسەر هاتووە غەدار
..............................................................
ئینجا لە هەندەرانیان بەردای
بە حەرزوو حەواوو دەریای
ڕێو شوێنیان پێشاندای
میدیایان بو گەلآدای
رامزفیلدیان راسپاردای
دیپلوماسیان وەپالّدای
..............................................................
لە پالتاکو ژووری حەمە
زور کرا دەمەتەقەو دمبەدمە
پێش ئەو شەروو هەلآوو گەمە
زور دەیانگوت ئەو ملهورە ئازایە
شەر دەکات لە هەموو لایە
کێمیاو ئەلحوسین دێنێتە کایە
خونادا بەدەستەوە مەرگی لەدەستدایە
..............................................................
ووتم ملهوران ترسنوکن
تەنیا لە سەر بێ‌دەسەلآتان
بە کوشتارن. چاوچنوکن
بە پشتیوانی مێژوو
ئەو کابرا خوێن‌ڕێژو ڕەزیلە
ئەگەر بێتوو نەیکوژن بەبێ تەقەیەک دیلە
..............................................................
ملهور. فس‌فس‌پالەوان
مێژوو ئەتووی چاک ناسان

زل هێزان بایان تێ دە کردی
کاتێک مێژووت تەواو بوو
بەو سەمەر گیان بردی
خویان ئازادیخواو؟
کونەمشکیان پێ تەنگ کردی

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

مێژوو دەڵێ بزانە
پەند بێ بو ئەوانە
مروڤ کوژی لایان هەرزانە
دەبنە نوکەربو بێگانە
دژبە گەلی خویانە
سەدام چارەنووسیانە

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

بەرێز مشکی بن حەرزی
بمبوورە کە بێ رێزیم پێ کردی
لە گەڵ ئەو مروڤە نامروڤەم
بەرئاورد کردی
گەربە لای توش دا هاتبا
کێمیا بارانی دە کردی

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

شەنگە: بەو جورەی تو باست کرد، لەوانەیە ئیدی چاومان بە ماموستای نە کەویتەوە . ئەو روژە کە ماموستام بەرێ دە کردەوە دەتگوت دەزانێ چی بەسەر دیت، بویە بەمنی گوت کە هەرکاتێک پرسیارێکم هەبوو کە ئەو لە گوریدا نەبوو ئەوە بیم لەئیوە بپرسم.

مامميرزا: دە ئە گەر وایەو خوت حەزدە کەی ئەوە چیت لە دڵ دایە لە مامی خوتی مەشارەوەو هەر پرسیارێکی هەتە دەتوانی راشکاوانە بێ شەرمو شوبپە لیم بپرسی. منیش ئە گەر ئاقلم بواری پێ ی برد ئەوە وڵامت ئەدەمەوە ئە گەریش نا ئەوە خوتو ریگای خوت. دەبلی بزانم ئەسپی خولیاو خەیالت بو کوێ هەلگرتووی‌و وابزانە لە ماموستای دەپرسی. دەبێ بزانی تو یادگاری ماموستای بو من بەجێ ماوی.

شەنگە: ماموستا زور جاران دەیوت: من گەلێک شت لە مامميرزای فێربوومو وەک ماموستایە کیش چاو لە مامميرزا ئە کەم، بویە من بریارم داوە کە دوای ماموستای هەرسپرومپریکم هەبیت ئەوە لای توی باس بکەم. جا مامميرزا گیان من زور دلم بەچوونی شاری خوش بوو چوونکە شارواتایە کی گەورەی بو من هەبووو هەروەهاش ماموستا بانگهیشتنی کردبووم بو شاری بو مالی خویان و بەلینی پیدابووم کە توزێک ئەو شەوە لە مالی خویان ئە گەرچووبام فیری کامپیوتیری کردبام. بەلام داخی گەورە من روژێک دوای ماوستای لە گەڵ باوکم چووین بو شاری. هەرئەوەندە پیمان لە ماشینی هیناخوارێ دەنیو چەقی راپەرین کەوتین ، ئیدی باکم پیلی گرتمو هەتا دەرەوەی شاری رانەوەستاو لە دەرەوەی شاریش لەناو کەمین کەوتین‌و بەهەزار قیروسیا نەجاتمان بوو. جا لەناو راپەرینە کە تیکرای خەلکی شاری دروشمیان دەدا کە بو من پرسیارێکی زور گەورەی خولقاندووە هەرچی دەیهینمو دەیبەم میشکو بیرم لە چەنگی دەرباز نابیت. بویە حەز دە کەم گوێچکەت بینێ پیشەوەو بە سرتەو بەسپایی لیت بپرسم.

مام‌میرزا: داهانێ روله با بزانم چیه؟

شه‌نگه: ئه‌وه پرسیاره‌که‌مه مام‌میرزا ؟!!

مام‌میرزا: شه‌نگه خو که‌س لێره نه‌بوو وا پرسیاره‌که‌ت به دزی‌و به چپه‌چپ کردو به ئاشکرا له منت نه‌پرسی. خو ئه‌و زه‌مان ته‌واو بووه ته‌وا که ده‌یانگوت دیوار به مشکه‌و مشکیش به گویه. ؟!

شه‌نگه: مام‌میرزا خو من ناترسێم به‌ڵام حه‌ز ده‌که‌م تا وڵامی پرسیاره‌که‌م وه‌رنه‌گرمه‌وه ئه‌و سڕه‌ی نه‌زرێنم.

مام‌میرزا: وا دیاره کوری ژیر ئه‌و پرسیاره‌ی ناو راپه‌رین وای لێ کردووی‌و وه‌ها خولیایه‌کی مه‌زن‌و فه‌راوانی له مێشک‌و بیرتدا ساز کردووه .ده‌بێ زور به وورپای و هوشیارێوه‌و بێ هه‌ڵه‌و په‌ڵه وڵامی خوت وه‌ربگرێوه‌و ئه‌گه‌ر خوازیاریش بووی ئه‌وه رێ و شوێنی ماموستای ره‌چاو بکه‌ی‌و ئوغر بی.

ئه‌وه ده‌بێ به زانستی نوێ له سه‌ر ئه‌زموونی رابردوو به ده‌رئه‌نجامێکی شیاو بگه‌ی‌و هه‌روه‌ها شه‌رمه‌زاری رابوردووش نه‌بی وه وه‌ک ماموستا بو خوشی ژیانی مروڤ به گشتی هه‌وڵ بده‌ی نه‌ک بو گه‌یشتن به **ده‌سه‌ڵات** چوونکه هه‌ر مروڤێک شێت‌و مردووی **ده‌سه‌ڵات** بێ ئه‌وه قه‌ت ناتوانی مروڤایه‌تی به‌ته‌واوی ره‌چاو بکات.

جا کوری خوم گوێم بو رابگره‌و ره‌حه‌تی خوت بستێنه، منیش به‌پێی ئاموژگاری ده‌یان ساڵه‌ی خوم‌و ئه‌وانه‌ی لیان فێربووم‌و هه‌روه‌ها هه‌ڵوێستوو راو بوچوونه زانستیه‌کانی ماموستای ژیرو زانا که من زورم لێ‌وه‌رگرتووه‌و به‌وه‌وه زیاتر پوخته‌و ته‌واو بووم . به وردی باسی رابوردوو ئێستات بو ده‌که‌م‌و له قه‌راغ‌و قوڵاخی ئه‌وه‌شدا وڵامی پرسیاره‌که‌ت‌و هه‌ر پرسیارێکی دیکه‌شت ده‌توانی لی‌ده‌رکێشی. من ده‌زانم که تو ئێستا له چ بارو دوخێکی ناوخویدا ده‌ژی چوونکه وه‌ها ته‌ندووره‌یه‌ک منیشی گێژاوی خوی‌دابوو، هه‌ر ئه‌و هویه‌ش بوو که منی به‌م روژه گه‌یاندووه‌و هوگری ماموستاشی کردووم هه‌میسان له لابه‌لای وڵامی پرسیاره‌که‌ت به پێ تواناو تێگه‌یشتن و شاهێد بوونم و بیستنم له‌م‌و له‌ویش، جارو باریش مه‌ڵویه کیش له‌و حیزب و میزبانه‌ی کوردستان به خوماڵی و ناخوماڵیشه‌وه ده‌چنین به‌ڵکوو بتوانین وه‌ک بژارکه‌رێکی ره‌سه‌ن و لایه‌نگری گه‌ڵ نه‌ک حیزب و میزبان باخچه‌ی ره‌نگینی مروڤایه‌تی له کوردستان بژارچن بکه‌ین، هه‌روه‌هاش جاربه‌جار کورته باسێک له سه‌ریان بوت ده گێرمه‌وه تا وه‌کوو ئه‌گه‌ر ئه‌و رێبازو ره‌وتانه‌ی هه‌ڵیگرتووی ئه‌وه پتر پوخته بی و نه‌ک وه‌ک نه‌دیوبدی وه‌سه‌رپه‌ری‌و پاشان به‌سه‌رشوری و بێ‌ده‌سکه‌وت وه‌گه‌ری بو بنکه‌ی خوت.

*****

## دەسەڵات و فاشیست...شاحیزب و جەمهورپاشا

مامیرزا: لە ساڵانی کوماری کوردستان لەو شارەدا هێمن و هەژارێک هەبوون کە لەو دووایانەدا چاوی ژیانیان لەسەرێەک دانا، رەنگە بێ ئەتوش چیروک و هونراوەی ئەوانت خوێنبێتەوە.

شەنگە: بەڵێ مامیرزا من زورم خوێندوتەوە بەتایبەت پر حەز بە هونراوەو چیروکە خوشەکانی مامهێمن دەکەم و فرەشیانم لەبەرە. دەی مامیرزا گیان دەتفەرموو.

مامیرزا: ئەگەرتەواو حەز بە خوێندنەوەش ئەکەی ئەوە من گەلێک کتێبی کونم لا هەیەو هەروەهاش ماموستا لە کتێبی نوێ و سەردەمیشی قەت بێبەش نەکردووم، زور لە کتێب و نووسراوەکانی کە ناکرێ لای خوی بیانهێڵێتەوە ئەوە لای منی حەشاردا‌ون. جا باسی خومم بو دەکردی کە وەک تو بووم، گەرماو گەرمی شەری جیهانی دووهەم بوو کە مەقومەقۆی ئێمەمانانیش وەک کومەڵە جوانەمەرگەکەی ژێ کاف هەردەهاتوو گەرمتر دەبوو. دەنگۆدەنگۆ۰۰۰۰ کومەڵە گورین۰۰۰۰ئێمەحیزبین۰۰۰۰ کومارکومار۰۰۰۰ سەربەخویی ببێت بە خودموختار لە هەر ماڵێکی ئەم شارەدا بڵاو دەبووە. حرووسیات بو یەکەم جار لەم وڵاتە بە تایبەت لە تەورێزرا بو سابڵاخ سەرکەوتنێکی نوێ بەخووە دەگرت و مزگێنی خوشی بە خەڵکی دەدرا کە حرووس وحرووسیات گوراوەو بوت بەیەکەتی سوڤیەت و هێزی شای رادەماڵێ و خێرووخوشی لە گەڵ خویان دێنن. هەرچەند بەشێکی زوری کومەڵە بەو مووختاروخودمووختاریە دڵخوش نەبوون بەڵام منیش وەک زورانی ترچەپڵەم بو سمێڵ قەوی لێدەدا.

شەنگە: مامیرزا سمێڵقەوی حیزببوو چی بوو؟ بو ئەو زەمان پیاوی بێ سمێڵیش هەبوو.؟

مامیرزا: کوری خوم مەبەستم بێسمێڵو سمێڵدار نیە. دەبێ بزانی کە کورد لە هەڕەتی بوونیانەوە کەیفیان زور بە سمێڵ هاتووە کە من پێم وایە کە سمێڵقەوی کوردان نیشانەی کوردی گاورو ئاگرپەرستە واتا زەردەشتی بووە کە ئێستاش وەک شێوەیەکی بەرەنگاری لە بەرانبەرئەو دینەی ئەمرویە کە کاتی داسەپاندنی بە کوشتارو ئەنفاڵ سمێڵقەویان کەم کردووتەوە ، کە شای رەتێندراویش گەرشەیتانپەرستەکانیان دەبرد بو سەربازی سمێڵیان کەم دەکردنەوە ویان لیاندەتاشین بویە ئەوانیش وەشاخی دەکەوتنو سەربازیان نەدەکرد. ئەگەر سەیر بکەین ئەو کونە گاورانەی کە تا هەنووکەش نەهاتوونە سەرچوک و بە ناوی یەزیدیو شەیتانپەرستو.....سمێڵەکەیان هەر پاراستووەو لە هەمبەری ئەنفاڵو خەزا زیاتر لە هەزار ساڵ خوراگریان کردووە. جا من مەبەستم لە سمێڵقەوی ستالین پێشەوای سوڤیەت بوو کە خەڵکێکی زور بە منیشەوە بوی وەچەپڵە کەوتبووینو لە پشتەوە سمێڵمان لەدووی شانە دەکرد، ئەو کات وای لێهاتبوو کە هەر کەس سمێڵی قەوی با ئەوە دەیانگووت ئەوە ستالینیە بەتایبەت لە تەورێز زور بوون. لە بیرمە ماموستا هەژار هونراوەیەکی دانابوو کە دەیگووت : ستالین پێشەوایە بو کوردان وەک باب وایە : ئێمەش لە راپەرینو رێپێواندا کردبوومانە بنێشتە خوشکەی سەرزاران وەک چون لە راپەرینەکەی کوردی باشوور لە دژی سەدامی وێنەی بووشی درێژو گەورەکەیان واتا باوکی ئەم بووشەی ئێستا هەڵاوەسیبوو، مامبووش مامبووشێکیان دانابووە کە کەری نێر نەیدەکێشا کە ئەویش لە ستالینی خێراترو خەراپتر بارگەو بنەی خوی پێچاوەو کوردی بەستەزمانی هەڵودای زیندانو هەڵاوەسینو شاخان کردەوە، هەرچەندەش بووشی چکوڵەش ناکرێ متمانەی تەواوی پێبکەیو روژێک وەردەسووڕێتەوەو وەک باوکیو ستالینی ئەو قورەی بەجێ دەهێڵێتو ئێمەش سەر لە نوێ بە بارێکی دیکەدا دەبێ بیشێلینەوە. سەرەرای ئەوەی باسم کرد گوێبادانی سەدامی قازانجی گەلێک مەزنتری هەبوو لە زەرەدی بو کوردان ئەوێ .جا با زور لە باسەکەی خومان نەترازێن ، لەسەرئەوەم قسە بو دەکردی کە منیش وەک توچون چووی بو شاریو ئەو پرسیارە ت لێ بوتە بە خولیا و حەزمو جەزمت کردووە تا بە وڵامەکەی نەگەی ئەوە دەسبەردار نابیت. منیش ئاوا خولیای ئەو سمێڵو ستالینە بوومو حرووسیا تو سوڤیە تو هەندەرانو گەرمیانو کوێستانی ئەم وڵاتەشم هەمووی پشکنیو زوردەرگاشم بەپشتێدا ئاواڵا کردووتەوەو وەکی دەشمبینی بەم روژگارەی ئەمروی گەیاندووم، هەربویەش تێدەگەم کە

توش لە چ مەزاجێکدای‌و چون پێت لە ئاوزینگی ئەسپی خولیاو خەیاڵت لێ‌دەداو بە ناو گەردەلوولی ڕێگادا چون هەنگاو دەبری.

شەنگە: لە گەڵ ئەو قسانەی تو مام‌میرزا وەبیرم هاتەوە کە ماموستا بوی باس دە کردم کە هێندێک وڵاتان خەلکی لە سەر ئەوەی دە گرن کە سمێڵیان دیارە. هەرچەند ماموستا وەک خوی زور حەزی بە سمێڵ قەویان نەدە کرد بەڵام نەک بەرادەو بارتەقای بێزاری‌و توورەیی کە لەریش و پەشمی هەبوو کە زور جاران ئەو شێعرەی‌دە گووت : بە ریشی پان‌و پر لە ئەسپێ     بناغەی کاری کوردان کەی ئەچەسپێ. ئەوە ئێستا دەزانم ئەو سمێڵ‌دارانەی کە ماوستا باسی دە کردن کە لەو وڵاتانە گیراون ئەوە دەبێ ئەوان لایەنگری ستالین بووبن.

مام‌میرزا: بەڵێ رولە ستالین پێشەوایە    بو کوردان وەک باب وایە شەو روژ لە گوێچکەماندا دەزرینگایەوە و پەلەپەلمان بوو کە نەوەک لەو کاروانە بەجێ بمێنین، جا ئەوەندەی پێ نەچوو کە سەرو سیمای شارە کەمان بەتەواوی گوردرا ، کومەلە بوو بە حیزب و پێشەوا قازی بوو بە سەرکومارو مەهابادیش بوو بە پایتەخت. خەلکی شارو دێها ت زور تینوو تامەزروی روژێکی وەهالە بوون، زور لە هەواڵان بوون بەوەزیرو مەزیر، وەک شارەمێرووێ هەر کەس لە بەرخویەوە خەریکی راکێش‌راکێشی دەغڵ‌ودان بو کومار بوون تەنانەت لە ئامێدو قامیشلی‌و بارزانیشەوە ڕێگای کومار خوش دە کرا. هەرچەند ئەو کومارە تەمەنی زور کورت بوو وەک میرمیرێنێ زوو میرمان رووخا و کونەمیری نیگریس گەرایەوە ، بە هەموو کەم‌و کوتیە کانیشێوە کە مروڤ بڕێک بە ووسووڵ بێت ئەوە هیندێک ئاسەواری جوانی لە خویدا جێ کردەوە کە بێ ئەوەی مروڤە کانی ئەو سەردەمی بیری لێ‌بکەنەوە بووە بە مێژوویە کی حاشاهەلنە گری ئەمرو، جا ئە گەر بێتوو بە چاوی نیزیکەی هەفتا ساڵی بەرلە ئێستا لەو سەردەمی بروانین ئەوە دیوە جوانە کانی بو ئەو سەردەم وە تەنانەت هێندێکیشیان بو ئێستاش زور جێگای رێزو بایە خ پێ‌دانن. ئەو کا ت نیزیکەی بیست تا بیست‌وچوار ماڵە جوولە کە لەم شارەدا بوون کە قوتابخانەی تایبەت بە خویان بو داندرا کە لە هیچ کەلێن‌و قوژبنی ئەم دنیا پان‌و بەرینە وێنەی وا نابیندرێ بە تایبەت لەو روژگارەدا کە نەک هەرلە لایەن ئیسلامەوە فتوای کوشتنی جوولە کە کان دەدراو حەڵاڵ بوو بەلکوو لە دنیای پێشکەوتووی ئەورووپاش لە ژێر سێبەری فاشیستەنازیە کان بە کومەڵ زیندە کوژ ئە کران، یە کی‌تر لە ماوەی ئەو نیزیک بە ساڵە کوماردا یەک یان دوو کەس کوژران کە من لە یە کیان ئاگادارم ئەویش لە سەر کوشتنی کوردێکی بێ‌تاوانی کاروانچی کە چای هێنابوو بو ئەم شارە و خەلکی گوندی قامیشی لای سولەیمانیە بوو لە دادگایە کەدا کەس‌و کاری کوردە کوژراوە کە لێبوردنیان‌دا کە بکوژە کە نە کوژرێتەوە بەڵام

قازی پێ‌دادەگرت و دەیگوت چون کوردێک لە گەرمێنێرا بە کوڵێ چای هێناوە بومان و لێرەش کوشتوویانە،
ئاخر ئەو کوژراوە کە بچێتەوە سولەیمانیە راستدەبێتەوەو پڕ بە دۆلی سفرەو زەروون و بەقەت پیرەمە گرونی
هاوار دە کات و دەلێت: چووم چام برد بو کومارو کوشتیانم: هەروەها هەرلەو کومارەش بوو نێوی پێشمەرگە
داندرا.....ئالا بو کوردستان هەلکرا....ئەی رەقیب بە سروود کرا....ئەوانە دەسکەوتێکی بچووکی سەرهەڵدانی
ئەو دەم بوون.

شەنگە: مامیرزا من ئەو شتەم زور پێ سەیرە، ئەدی ئەو کوردانەی باشوور ئاگاو خەبەریان لەو کوردە
کوژراوەی قامیشی نیە کە چ بەرلە دەسەڵاتیان ئەو هەمو کوردانەی روژهەڵاتیان بە پێشمەرگەو پەنابەری
سیاسی و هەروەها ئەو هەمو کاروانچیە هەژارو کولکێشانەیان بو پارەوپوول و تەنانەت هێندێکیشیان بو نوکەری
بە فاشیستە کانی ئێرە بە دەستی خویان کوشتووەو تاکوو ئێستا لە مەڕ ئەو کردارە نامروڤانە خویان کڕو بێ
دەنگ کردووەو هیچ لێپرسینەوەیان نە کردووە، ئەوە هەتا ئێستا کەس نەبووە ئەوەیان پێ بلێ و وەبیریان‌بێنێتەوە
ئەدی چون هەر ئەو پێشمەرگەیان هەیە؟ هەر ئەو ئالایەشیان هەڵداوە؟ هەر ئەو سروودەش دەلێنەوە؟وە وا
مەڕتەقیان لە بەر نایەت، هەروەک هیچیان نە کردبێت.

مامیرزا: هەی لە بابی خوت کەوێ شەنگە ئەتو گەلێک شتی بەجێ وەبیر من دەهێنێوەو لێم‌دەپرسێوە، رێمبدە
با ئەمەش بخەمە‌پاڵ ئەو راستیانەی تو باست کرد با پراوپڕ بێت. ئەویش ئەمەیە لە هەمووشتێک خەراپتر هێندێک
کاردە کەن و دەشیکەنە منت بەسەرماندا، ئەوان تا ئێستا نەک هەر گوێ خویان لەراست ئەو هەموە بێ ئەمە گیەی
کردوویانە بێ‌دەنگن و بەبرەک یارمەتی پیان‌وایە دایانپوشیوە، دلی خویان بەمە خوش دە کەن و یان بلێن چاوی
ئێمە بەمانە دەنووسێنن کە گویا گوێ دیپلوماسیان لە کوردستان و لە ناوچە کەدا لە هەموان بردوتەوە کە روژێک
سەرداری ئەنفاڵ ماچ دە کاو روژێک تانجە گولینە بو سەر گوری ئیمامی خەزادەری سەرکوردان واتە خومەینی
بەرێت وبیکاتە منەتیش بەسەرخەلکی ئەنفاڵ کراو خەزاوغەزەب‌دیوی ئەم دیوەودیوی مروڤی بەستەزمانی کورد.
ئەوە بلیمەتی و زیرە کی و دیپلوماسی نیە، بەلکوو ئەوە دە کرێ پێ‌بلەی قەدرنەزانی و بێ‌ئەمە گی بەرانبەر ئەنفالکراو
خەزاکراوانی ئەو گەلە بێ‌خێو خودانە. من پێم‌وایە زوو یان درەنگ لە رادەی رێزو کەسایەتی لە لایەن خەلکەوە
کەموکەم دە کاتەوەو روژێک دادێت کە ئەم گەلە وەلانراوەو رێزلێنە گیراوە ناچاریان بکات کە بو ئەو ئاکارو
کردەوانەیان بە خویان و حیزب و دەسەڵاتیانەوە داوای لێبووردنیان پێ‌بکەن. بەم بونەوە ماموستا لە رێگای دایکێوە

ئەم شێعرەی لە زیندانەوە بو ناردووم و دەلێت لە زینداندا بو تێکشکاندنی ورەو وزەی ئێمە ئەو هەواڵە ناخوشەمان پێنیشان دەدەن و دەلێن کە سەروک و سەرکردە بە قەستیە کانتان ئەوەتانێ تانجە گولینەی بو سەر گوری ئیمام!!! دێنن منیش لە زینداندا لە ناخی پر لە داخی ئەو بورە سەروکانە ئەو چەند دێرەم وەک هەلوێست لە بەرانبەر ئەوان و ئێرەدا گرتووەو بوم ناردووی هیوادارم کە بەدەستت بگات و روژێک شوانپەری هونەرمەند وەک سکالاَکانی تر بە دەنگ و تەنبوورەکەی بە هەموو خەلکی بگەیەنێ.

## ماچ و گولّ

به ماچه کە رانەوەستای
تانجە گولینەشت برد
داری بوکان دەفروشرا
بو بەرگری لە باشوور
کونە کەوش لە مەهاباد ێ
سفرەو زەروون. شێنێ و نو کان
بەئاگان
بە کولی خانەیموعەینی
بە نەهێنی بو ناوزەنگ
دەنێرران
هەنووکە لە روژهەلاّت
بو هەرهەنگاوێکتان
بو هەر دەسکەوتێکتان
بو هەرسەرکەوتنێکتان
تەنانەت بو خو دیاری کردنتان
تا ئەو پلەی دەسەلاّتان
چەن شوانەو لاویترمان
لە شنو تا خورەمئاوا
بە زیندوویی
ئەنجن ئەنجن کران. لە گورنران
.............................................

شوانە و ٥١٢ ئێسک و پروسک
دوێشەو هاواریان دەها ت:
ئەوە نە کوردێنێنە، نە دیپلوماسیێە
نە مافیچارەنووسە، نە دێموکراسیێە
سەدام و خومە ئەنفالّ و خەزایان کردین

ماچ و گوڵ بەسێەتی!!!
گوری بە کومەڵ، گوریوون؟
ناڵەیەتی!!!
باکووری بەرخودان
روژهەڵاتی راپەریو
دادیانە لە دەستان
هەراسانن، بێزارن، راماون
لە کردارو ئاکارتان
...............................................
دەک سەروکی کورد دابرزێو پەنجەی هەڵوەرێ
گەرتانجە گولینە بو گوری میشل ئەفلەق بەرێ
...............................................
دەکرا چووبای ماچت نەکردبا
دەکرا چووبای، نەک بو گور گولت بردبا
دایکی ی!!!!
یەک، دوو، سێ، چوار
کورو کەناچەی
لە خوێناتلاو
تەرم نەبینراو
گور نەزانراو
دامێنیان دادەدڕنوو ئێژن
ئێوە هەرگیز نابەخشین
گەرئاوا فەرامووش بین
خو ئێوە ماوستان لە بیانوو
وەک ئێعدامی سەداموو
ئەمانەشتان کردبا بەبیانوو
.......................................
ئەوان باش ئەزانن
چون خووا بەپرژێنن
بە سەرزامو ناسوری
ئێمەی رولە بردراو
کیژانی بەخشراو، فروشراو
بە شێوەی هەزارونیوەی بەریان
وەک دڕندەو جانەوەر
کچێنیشیان بەبا دان

...........................................................

دەک سەرکردەی کورد دابروێو پەنجەی هەلوەرێ
گەرتانجە گولینە بو مەرقەدی خومەینی بەرێ

...........................................................

ئەزموون زورە
گەروەریگرین
لەمێژوو، لەرابووردوو، لەنیزیک، لەدوور
خو مەندیلا کورد نەبوو
ئەرمەن نەبوو
یونانیش نەبوو
تورکی وەک بێشکچیو......نەبوو
ئەم هەلکەوتووی مروڤە
بەریزەوە بانگیان هێشتبوو
نە گولی برد بو ئەتاتورک
میدالیایە کەشیانی توورداوە
تا دایکی هەناسەساردی کورد
نەرەنجێنێ، نە گلێنێ، نەبیرێنێ

...........................................................

دەک رێبەری کورد دابرزێو پەنجەی هەلوەرێ
گەرتانجە گولینەی بو مەزاری ئەتاتوورک بەرێ

...........................................................

هۆ کەلی شێعری کوردی
لە کاتی ماچی
نارەوا، ناشیاو، نابەجێ
پەشێو
دامێنی گرتی
دەلەی نامانناسێوە
ئێمە چوارچراین، چوارچرا
دەلالو لالوین
هەرپارچەکەی جگەرتین
ئەمجارەش
بو بێدەنگی
دەلالو لالو رابەوە
کاکە شێرکوی لە خەوکەوە
هو لالو شێرکۆ گیان

مەرج بێ
کە هاتمەوە شاری هەڵمەت و............
لە فرگەخانە نوێیەکەی
چاوم کوڕ کەم، سەر هەڵگرم،رانەوەستم
تا بەرزایی سەیوان و یارە
تا کێڵ و گلکوی
یەکەم بێکەس بەدەس ئەگرم
ئەم سکاڵایەی
نەک هەر لە خوی
لە دەورو بەرو هاوسێیەکانیش
بەبێژمەوە
گەرلایان
بووژامەوە
ئەم جار بو توی
سەدجار سەدجار
چەنپات چەنپات
ئەژەنمەوە
.....................................
مامفایق ؟
بە چاوی خوم
بە هەردووک گلێنە تارەکەم
دیتم شێرکۆی کورت
کز و داماو
بێ دەنگ و مات
تێرامابوو
شێرکۆی کورت
شێرکۆی بە گوڕت
شێرکۆی ووشەلێنەبڕت
شێرکۆی داستانەکەی بابە گوڕ گوڕت
...............................................
شێرکۆی شێعری کەڵ
ئەو کەلەی وەک قانع و جگەرخوێن
بوێرانە، نەخەجڵانە، راشکاوانە
مێژووی راستەقینەی
هەژارانی ئەم دەڤەرەی

لەراست ئەنفالچی و سەعدە کان
دەیوتەوە، دەینووسێوە
بڵاویشی دە کردەوە
لەژێری ژێری ئەمئاخە
ئاگاولێبوو، هەستان کردبوو
کە چون نامروڤانە
لە داوێنی ئەمقەڵا کەونەدا
لە هەزارەی رابووردوودا
قادسیە کانو ئەمسەعدانە
تێروریان کرد
پیانوابوو، پیانوایە
بە رەشکوژی، بەخوکوژی
: ئادەمیزاد لە کومەلی کوردەواری :
لەم وڵاتە تەواو دەبی
،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،
هەڤاڵانی شێرکۆی کورت
لە تەنیشتی کوری سەعدی کوری وەقاس
کە ئەمجارە عەبا نەبوو لەبەریدا
لە ناو رانکوچوغەلەی کوردیدا
کەڵاشی گاوری کوردی لەپێدا
رونیشتبوو
بێ یەک ددوو
داکوکی لە ئەنفاڵ دە کرد
پاکانەی بوخەزا دە کرد
لاقی خستبوو بان قاچی
زور بەتووندی، زور بەزەقی
بێ پێچوپەنا، بەئاشکرا
لە بن گڕی گڕکانی بابە گوڕگوڕدا
فەرمانیدا ، فتوایدەدا
بو حەمامیان، بو هەیبەسوڵتان
بو کویە
شاڵاوی بو دڵدار دەبرد
،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،
ئەم جارەش
شێرکۆی کورت

**تا هەنووکە**
**هیچی نەکوت**
**هیچی نەکوت**
**هیچی نەکوت**
**.......................**

**شەنگە: مام‌میرزا ئاخو ئەم روژە کەی بێت.؟**

**مام‌میرزا: ئەو روژە درەنگ یان زوو هەردێت. سەرەرای ئەوانە مالم هەقەو جێگام رەقە، ئەگەر شتێکی بو بەردیش بلەین ئەویش ئەوە کە لە باشوور بە بینینی من لە ماوەی ئەو دە پازدە ساڵەدا کە سواری دەسەلاتیان کردوون لە گەڵ زیاتر لە سی ساڵی فاشیستەکانی بەعس بە وێرانی و رووخاندنیانەوە پێکی بگرین ئەوە کاریان بو ئاوەدان کردنەوەی کوردستان کردووە بە پێی توانای زەحت‌و زوری گەڵ‌و پێشبرکێ‌یەکتر، بەلام ئەوەی کە ناکرێ بو سەروک‌و سەرکردە و دەست‌وپێوەندەکانیان پاساو بدرێتەوە، ئەوەیە کە گەندەڵی دام ودەزگاکانیان‌و گیرفان‌پری کاربەدەستانیان لە گەڵ دزوحیزی سیستمی پێشووی داگیرکەران هاوتا بکرێن هەر بە تەنیا نابێ دڵی خەڵکی بەوە خوش بکەن کە ئێوە راست‌دەکەن‌و بە گوێ مەدەنێ و ئینشالاوماشالا دڵی خەڵکی رابگرن‌و گوێچکەی خویان کپ‌و کڕ بکەن لە راست ئەو هەمووە دزی‌ودزەلوکەی کراوە و هەژارونەدارو بێکاریش وستکووت بن و دزودزەلوکەکانیش بە فیزەوە وەک بەرزەکی بانان بوی دەرچن‌و بەجل‌وبەرگێکی‌تر لە شوێن‌و بن‌باڵێکی‌تر خویان مەڵوس دەن‌و پاشان خوی تێخزێنەوەو خوێریانەتر لە**

لە رابوودوو لە سەر ئێسک وپرووسکی ئەنفاڵ و کیمیاویەکان بناغەی کوشک وتەلارێکی دیکەی پێ دامەزرێنن خۆ ئەوانە وەبن گومێ نەکەوتوون، بۆ نایانهێنن و بیان کەن بە پەن بۆ ئیتریش، ئەوەی دانکە جۆیەکی گەلی خواردووە لێ بسێننەوە ئەگەر بەراستیانە.

شەنگە: ئەدی مام میرزا ئەتۆ نەتگووت چون پێشەوا بو بە سەرکومار؟ ئەویش وەک ئێوە کومەلە بوو.؟

مام میرزا: دەگەرێمەوە بۆ پرسیارەکەت و لەوێشدا وڵامی ئەم پرسیارەش وەدە گرێوە. بۆیە گوتم من چاک دەزانم تو لە چ بارودوخێکی ناوخوییت. ئەو منیش وەک تو خولیای ئەوەیان بووم کە بوم باس کردی و لە سەرهەلدان و بەرخودانەکەی ئەو کاتماندا کە دەمانگوت ستالین پێشەوایە. دلم زور بەوە خوش بوو کە شکوور ئەوە دەرگایەک کراوە کە ئێمەی بێکەس بایەکمان لەو کونەوە بو بێتەدەرێ. وێنەیەکی ستالینم بە سمێلەقەویکانێوە لەناو کێفەکەم لە باخەلمدا وەک نووشتوو بە بن هەنگلمدا درووبوو هەر ماڵ و شوێنێک کە دەگەیشتمێ باس باسی ستالین، پێهەلاگوتن بەو و نیشاندانی وێنەکەی بە هەموان و هەروەها بە زور پیرو پەکەوتەی ئەودەم وەک ئێستای خوم کە بامداوەتەوە دەیان گوت زور حەستەمە ئەوەش خێروبێری بو ئەو کوردەی هەبێت داخوا چی لەبن سەردایەو چ بەمە شک ئەبا و ئێمەی فەقیرو شت نەزان هەر دەری پێ نابەین چونکە سەروکی گەورەی و راستەقینەی ئەو مام ستالینەی واتە مام لنین بوو کە بە هەموو توانایەوە پشتی رەزا شەبقە بەسەرو ئەتاتوورکەی هەوێنی فاشیستی تورکی گرت و شێخ مەحموودی داماویش کە نامەی دوورو درێژو پر سکالاو پارانەوەی کوردانی بو دەنارد بە چاک وخەراپ هەرولامیشی نەداوە. جا ئێمەش پاساومان دەداوەو هەزار شێرو رێویمان بو دەهێنانەوەو دەمانگوت ئەو کات بارودوخی شەری جیهانی یەکەم رێ پێ نەدایە یارمەتی زیاترمان بکات. ئینجا بە پەلەو گەرم و خێرا دەستمان بە خوکوکردنەوە کرد و کوبوونەوە لە سەرکوبوونەوە، بریارلە سەربریاربە پێ ئامانج و بوچوونەکانی ستالین کومەلەمان کرد بە دیموکرات و سەربەخویمان کرد بە خودموختاری. بو ئەو کارەش پێویستمان بە پیاوێکی ماقوول و ناودارو خوشەویست لە ناو خەلکدا بوو دەگەراین، زور ئەم لاو ئەم لا دمەچەقە و پێکدادانوو پێکهەلپرژانی سیاسیمان کرد تا لە سەر ئەوە ساغ بووینەوە کە باشترین کەس بو ئەو دوزە قازی بوو کە داوامان لێ کرد و هێنامان کردمان بە سەروکی حیزب و پاشان لەو چوارچرایە کە بە داخەوە خوی و هاوریەکانی لێ هەلاوەسران کردمان بە پێشەوا. دەستمان کرد بە وەزیرو مەزیر دانان و بو یەکەم جار کومارێکی خودموختارو نەسەربەخو لەو کوردستانەمان دیاری کرد هەرچەندە بەداخەوە ماوەکەی زور کورت بوو. دوای شکانی هیتلێری مروڤ کوژ

و هاوپشته کانی، ستالین و هاوپەیمانە کانی دەستیان کرد بە پشک هاویشتنی وڵاتان کە بەداخەوە لە سوێنگەی لوولە گازی دراو بە ستالین ئێمەو ئازەربایەجانی داماو وەبەر ئێران و مێرانێ کەوتینەوە و خانووچکەی پێ دراومان بەسەرا رووخاو هێندێکمان گیران و هەڵاوەسران و بەشێک بێ دەنگ بوون و خویان مات کردو برێکیش خومان وەدەستەوە نەداو شێرانەومێرانە بە قوونەشەر لە گەڵ مەلا مستەفاو بارزانیەکان کەوتین و ئێستا سەرمان وەبەردی نەکەوتبوو، خوشی خوشی و مەقومەقومان بوو کە بەرەو دیاری پێشەوا ستالین دەروین بە شەر لە گەڵ سرووشتی دڕو لەشکەری زری شای ناچاربوون هێندێکمان بە ژن ومنالەوە لەودیو جێ بەهێلین کە بەداخەوە لەوێش بەشێک گیران و هەڵاوەسران و هێندێکیش لەوان قوڵ بەستراو درانەوە بە دەولەتی شای و خرانە بەندەوە لە ناو ئەوانەی کە دەرباز بووین ئێمە شادی شادی و خەنی خەنیمان بوو کە ئەوە نەمردین و گەیشتینە کوشکی سووری خەیاڵمان . لە وێش کە وردەوردە چاومان زەق دەبوو بومان دەرکەوت کە کوشکمان لێ بوو بە خەیاڵ پڵاوو لەشکری سوورمان لێ بوو بە جرجاڵ. هندک هندک پرسیارمان لا درووست دەبوو. کوا ئەو بەهەشتەی ئێمە دەمانگووت؟ هەر کەس گوتبای لەل بە کێوانیان دادەبرد بو ناو سەهوڵ و لەوێ دەیانکرد وون. دارو بەردو شاخ و دەرگاو دیوارو جلک وبەرگ و توپ وموپ و شارو گوند هەموو وێنەی ستالین بوو. جاروبار لە گەڵ خوم دادەنیشتم و بەسپایی لە خوم دەپرسی ؟ تو ئەو وێنەیەت بو لە گیرفان دایەو لە حەوت مووشەممای دا پێچاوتەوە؟ بو تووری نادەی؟ خو لە هەموو دەرو ژوورو کولانەو دەلاقەو روچن و کوانوو ئەوە وێنەی ستالینی لیە.!!! خو وڵاتی خوت نیە کە بە جاوی جووش وێنەیەکت وە گیر نەکەوێ جاروباریش دەمگوت نانا میرزا نەکەی فری بدەی ئەوە باشترین بەرگەی پەساپورتی هاتووچوی ئێرەڤان و سیبیریاتە . هەموو روژێ بە چاوی خومان دەماندیت لەو ولاتەی کە ئێمە بە کوشکی ئازادی و ئاشتیمان دادەنا ئەوە سات نەبوو چەن سەرکردەو هەڤاڵ و دوستانی پێشووی ستالینی دەهاتنە گرتن و وندا کردن و کوشتن. لە وێ باوەرم بەوە هێنا کە دیوار بە مشکەو مشکیش بە گوێیە. وای لێهاتبوو کە هەر کەس وەکوو لوتی و ورچ و مەیموون بو ستالین هەڵنەپەریبایەو سەمای بو نەکردبا نەک هەر جێگای نەدەبوو لە ئاسمان و زەویو ئەو ناوە، بویە خەم وخەیاڵ باڵی پێ دە گرتم و دەهێنامەوە بو ئێرەو بو سەردەمی مامەپیرە پەککەوتوکان کە لە ماڵی خومان پیان دەگوتین هەڵوا هەڵوا زارشیرن و وەبیر قەسەکانیان دەکەوتمەوە کە زور جار رێمان پێ نەدەدان و پێمان وابوو ئاقلی کەون و دواکەوتوویان هەیە. ها زور

نەتهێنم و نەتبەم و سەرت نەهێشێنم. نەدەکرا بگەڕێمەوە و نەش دەکرا بمێنمەوە، وەک دەلێن هەی لە خیگەو هەی لە دۆشاویە. وای لێهاتبوو هەر کەس قسەو ئاخافتنی هەبا نەدەکرا بێ پێ هەڵگوتن و شێرو ڕێوی هێنانەوە بۆ سەرۆک و باسی ئازایەتی و ڕەزاسووکی و بەزەیی و بوێری سەرۆک نەکەی. رادیوو ڕۆژنامەو بە وێنەو وتەی سەرۆک دەستیان پێ دەکرد، بۆ چما کەس بوی هەبوو بە جورێک باسی سەرۆک بکات دەیانگوت بڤەیە بڤە. لەبەر خومەوە دەمگوت هەی بەتری خێویەو ئاغامان لادا، کوێخامان هێنا، بەڕاستی رووی سەد ئاغای روو ڕەشی سپی کردووەتەوە. زور کەلە کەلەی وێندەرێ وەک لێرەولەوێ گوێبیس دەبووین لە ناچاریان خوکوژیان دەکرد وەک باس دەکرا لە هەموو سوڤیەت یەک مروڤ زیندوو مابوو لەوانەی دەرنەچووبوونەدەرێ لەوڵاتی یان نەگیرابوون و دوورنەخرابوونەوە، یان بەدزیو بەئاشکرای نەکوژرابوون و خویان نەکوشتبوو، ئەویش کروپسکایا ژنەکەی لنین بوو. لەوێ بوم دەرکەوت کە فاشیست مەرج نیە هەر سپی بێت فاشیست فاشیستە، دەتوانی سپی و سوور ورەش و زەردو سەوزو هەموو رەنگێک بێت. کێ مروڤ کڕ کات، کپ کات، بکوژێت، ببڕێت، وون کات، دەرماندا و بکات، زیندان بکات، بخنکێنێت، بسووتێنێت، بەزەیی نەبێت، ڕێگانەدات بە مروڤان جگە لە پێ هەڵگوتن بەو، زمانیان ببزوێت، وێنەیەک نەبێ لە وڵات بێجگە لە وێنەی ئەو، کتێب و دەفتەرانی لە ئازایەتی بو پڕ بکەنەوە، کەس بوی نەبێ بە سەرۆک بلێ بنۆک، هەواڵنێریش بە سەرۆک بانگی بکات، رادیوو تلەڤیزێنانی بو تایبەت و تەرخان بکەن، لە جێ کونە فاشیست و ملهۆران بیحەسێننەوە، لە کوشک و تەلاری تایبەت دانیشێت، سواری یاسای بکەن، کەس نەوێرێ بلێ ئەو کوشک و تەلارو پارەو دراوەت لە کوێوە وەسەرێک ناوە، دەسەڵات هەمووشتێک بێ بو ئەو، بو گەیشتن و ڕاگرتنی دەسەڵاتتتتتتتتتت، دەس بو هەر کارێک بەرێت، لە هەر شتێک بەشی تایبەتی بو دیاری بکەن، کورسی تایبەتی بو دانێن، ئەوە هەر ناوێکی لێبنێت، لە پەناو بەناوی هەر بیرو باوەرێک بێت، یەکودووی ناوێ، لێکدانەوەولێکولینەوەی پێویست ناکات، خوماندوو کردن ناخوازێ، شێروڕێوی هێنانەوەی گەرەک نیە، ئەوە سەرینی خاترجەمی وەبن سەری نێ و بێ کەم وزیادو پڕ بەپێستی فاشیستتتتتتتتتتتتتتتتتتە.

شەنگە: مام میرزا ئەگەر ئەو فاشیستانە لە ناو چوون بەتایبەت ئەوەی من لە خەلکی شاریم دیت کە بە دەستی بە تالەوە و متمانە بەخویان رامالیان دەبرد بوسەر ئەوان، زوو یان درەنگ مسوگەرە کە راویان دەنێن. تو بلەی لەو

کوردستانەش قەت فاشیست خو بگریٚ‌و بە دەسەلاٚت بگات .؟

مام‌میرزا: ئەی باوکم خو کوردیش لە ژنە عەجەمیٚ نەبووە کە تاق بخریٚتەوە. کوردیش مروڤەو فاشیستیش لە ناو مروڤ‌و بە هوی مروڤەوە دیٚتە کایەوە، بەلاٚم هەروا رەمەکی‌و لە ئاکویەوە دروست نابیٚت هیٚندیٚک پیٚداویستی تایبەت بە خوی لە ناو هەر کومەلیٚکدا هەیە . بە گشتی دەتوانین ئاوا بەزمانیٚکی سادەو ساکار باسی لیٚوە بکەین‌و هەروەها لە سەرهیٚندیٚک لە ئاکارو رەفتاری تایبەت بەخویان لە خوارەوە بو کورتەیەکیان ئاماژە بکەین.

١-حیزب و خەلکانی فاشیست کەسایەتی و رابەرو تاکە کەس ، هەروەها هوٚزو تایفەو هەتا دەگاتە نەتەوەگەری‌و تەنانەت بیروکەگەریش شازو جیا لە دەورو بەریان‌و خەلکانی‌تر دەکەنەوەو مەزنتر نیشانیان دەدەن‌و باو فرو فیشالی زوریان تیٚدە کەن، هەر بەخویان‌و رابووردوویان هەلاٚدەلیٚن، بەخوشی یان بە زوری دەرخواردی خەلکی دەدەن وداستان‌و قارەمانی‌و پالەوانی زورسازدەکەن و میٚژوو بەدروو دەکەن بەراست. بە کورت‌و کرمانجی بە چاوو راون و قەت بە لای کەم‌و کورتیەکانی خویان داناچن و ئەگەرجارو بارناچاربن بو زووتریان زیاتر گیربوون بە دەسەلاٚت لەلابەلادا باسی لیٚوە بکەن، دەنا قەت ریٚگا بەکەس نادەن‌و بە گەورەترین تاوانی دەزانن ئەگەرهاتوو کەسیٚک باسیان لیٚ بکات‌و لەقاویان بدات‌و یان تەنانەت وەبیریشیان بیٚنیٚتەوە ، بەلاٚم هەرچەند کە ئەوان وا بیردەکەنەوە و دنیای لە سویٚندگەی خویانەوە دەبینن هەروەک تو گوتت ئەوە وەک کوٚترەکیٚنی منالاٚن کە جاران دەمان کرد بە شەقیٚکی کوٚدەدڕیٚ‌و گوٚ بە دەشتیٚ وەردەبیٚت.

٢- بەشیٚکی زورلە فاشیستەکان پیٚش ئەوەی بە دەسەلاٚت بگەن رووی خویان زورجوان‌و مروڤ‌خوازدەردەخەن و درووشمی زل‌و قەبەهەلدەگرن‌و دابین کردنی داهاتووی باش بەلیٚنی دەدەن‌و هەرکە دەسەلاٚتیان وەدەست کەوت ئەوە لە دەسەلاٚتدا بەشداردەکەن، جا کە بە دەسەلاٚتیش گەیشتن چ وەک دەولەتدارو چ وەک حیزبدارهەنگاو بە هەنگاو ریٚگا دەبڕن وە هەر کەسیٚک بو هەموو شتیٚکی ئەوان بەلیٚ نەلیٚت‌و ئەمرو بریاری ئەو و ئەوان بەجیٚ نە گەیٚنیٚت بەهەر کەلەکوو کولەکیٚک بیٚت لە فکری ووردکردن‌و لەناوبردنی‌دا دەبن تا وای لیٚ‌دیٚت کە کەس نەویٚریٚ بلیٚت لەڕ. جا هەر کە هەستیشیان پیٚ کرد کە دەسەلاٚتەکەیان برووکیٚک سەقامگیربووە هەنگاو بەرەو ئامانجە گلاٚوەکانیان دەنیٚن و بوشیان گرینگ نیٚە چ دەقەوٚمیٚ‌و چ‌رووەدات ، کیٚ مالٚ‌ویٚران دەبیٚت وەیان کیٚ دەکوژریٚت سەیربکە ئەو فاشیستە تازەی ئیٚرانیٚ کە قسە دەکات دەلەی سەیە سەبنیٚسی گرتووە، خەریکە ئەوەی هیتلیٚرپیٚ تەواو نەکرا ئەم بوی تەواو بکات نیزیکەی شەش میلیون مروڤی بەستەزمانی جوولەکە کە بە نارەواو نامروڤانە دەناو کوورانیان خزاندنوو بە

خشت و سابوونیان کردن. هەرئەوەندە کە دەسەڵاتی کەوتە دەست راستبوتەوەو دەهەوێ پاشماوەی ئەو جوولەکانە کە ماون بە ووردوو درشتیانەوە لە جیاتی سووتاندن لە ئەلاسکە بیان کات بە سەهۆڵ بە بیانووی داکوکی لە خەلکی هەژاری فەلەستینی کە ئەوانیش قۆربەسەرانە کەم بوونە قوربانی فاشیستی جوولەکەو خویان بە رووخاندنو وێران کردنی ماڵو حالیانو خوکوژی و تەقینەوەیان.

٣- مەرج نیە فاشیست زورزاناو لێزان بێت ئەگەرهاتوو خوی چاخانو بە دەموزمان بوو ئەوە باشترە بو پاساو دانەوەی بوچوونو هەڵاوبگرەکانی ، ئەگینا هەزاران قەلەمفروش و قەلەمدزو قەلەمحیزو ماموستاو گورزو گوپالی لە دەور کودەبێتەوە کە مشکی بو دەکەن بە شێرو هیندی داستانی بە دروێودەلەسە لە ئازایی و بەرگری و هەلکەوتوویی بوی سازدەکەنو پێهەڵا دەلێن کە زورجاران کومەڵانی هەژارو نەگبەتیش وایان لێدەکرێت باوەری پێبکەنو ناراستەوخو وبێ ئەوەی خویان بیانهەوێ لەملاولەملا ئەو دەهۆڵانە لێ بدەنەوە. بو ئەم مەبەستە یێکێک لە خوو خدەی فاشیستان کە لە ناو حیزب و دەسەڵاتدا خزموکەس و نیزیکانو دەستو پێوەندەکانی خویان لە شوێنە گرینگەکان بەرپرس ئەکەن تا بویان بکرێت لە تەواوی ئورگانەکانیاندا جێگا بو کەسانێک ناهێلنەوە کە فەرمانو ویستەکانی ئەوان بە تەواوەتی جێبەجێ نەکەن وەیان لە دەقاودەق کردنیان ڕاراو سست بن. جا ئەگەربێتوو بە چاوێکی بێ غەرەزو بێ مریدایەتی سەیری ئەو دەولەتو دەسەڵاتو حیزبە فاشیستانە بکەین بە زەقی ئەوەیان تێدا بەدی دەکەین. چەمکی ئەم قسانە وەک خیام چەن سەدە لەمەوبەر ئێژێت: **هەرجاشە کەرە وەزیرو پاشایە کە**: دەبێت.

٤- ئەوەش یەکی دیکە لە کردارو ئاکاری فاشیستانە: لە ناو هەر کومەلگایەکی مروڤانە دامودەزگا ئینسانیو یاسایەکان دەبێ دووربن لە دەسەڵات و حیزب و دەولەت وەک دادگاو میدیاو پولیس، بو نموونە لە ئاستی دادگا ناشێت هیچکەسێ لە سەرداوای سەروکومەروک وەیان دژبەوان پێش دادگایی کردنو تاوانبار بوون بگیرێنو یا شوێنەوون بکرێن. لە ئاست میدیا نابێت تلڤیزیونو رادیوو روژنامەی دیاریکراوی ئەم وڵاتە شەو روژ کاری پێهەڵاگوتنو بانگاواز بو سەروک بێت. لە راست پولیسومولیسان و ئەوانەی ئاسایەشی کومەلگەیان وەدەست دراوە نابێ بکرێن بە گوپالی سەروکو بە کەیفی خوی لێرەولەویان راکێشێت. لەناو چواردیواری فاشیستاندا ئەوانە هەموویان بە پێچەوانەن، دادگاو دادوەر بە پێ ئەمری سەروک بریار لەسەر خەلک دەدەن. میدیا بە پێ زورناو دەهۆلی سەروک وە چەقرەسەما دەکەون. پولیسو ئاسایەش لە سەرداوای سەروک خەلک زیندانی دەکەن.بە کورتی دەتوانین بلێن لەو کوروکومەڵانەدا یاسا لەبن دەسەڵاتە و دەسەلات لەبن پولیسە و پولیس لەبن سەروکە.هەروەها لەو کومەلگایەنەدا ئەگەربویان نەلوێت

وەیان بویان نەگونجێت کابرای رشاوە لە سەروک و بنوکان بە ئاشکرا بکوژن، ئەوە بە نامەردی و بەدزی لە ناوەوەو تەنانەت لە دەرەوەش خەریکی تێدابردنیان دەبن لە تروتسکی را بگرە هەتا بنان گویچکەی خومان. لە کوردستان بەتایبەت لە باشوورو لە باکوور لە بەرئەوەی فاشیستە داگیرکەرەکان بە درێژایی مێژوویان زور توندو هاربوون وەبە سالانێکی زور کەلتووری فاشیستیانەیان بەسەر ئەو خەلکەی وێدا داسەپاندووەو رەفتاری فاشیستیانەی زوریان بەسەردا کردوون وەک ئەتاتوورک و سەدام دەتواندرێت بلەی ئەوە رەنگ بێ ببێتە مەترسێک لە کاریگەربوونی رەوتی دروستبوونی **فاشیست** لە داهاتوو لە کوردستان .رەنگە لە زور شوێنی ژیانی مروڤدا زولم و جەوری لەرادەبەدەر جورێکی تری لە فاشیست وەدیهێنابێت، بەلام شتێکی دلخوشکەر ئەوەیە کە پارچەپارچە بوونی کوردستان هەرچەندە زیان و زەرەدی گەورەی لە خەلکی کوردستان داوە و یەکێک لە هەرە هۆ گرینگەکان بووە کە خەلکی کوردستان وەک کومەلگەیەکی یەکگرتوو نیشتەجێ ژیانێکی ئارام و ئاسوودەی بە خویەوە نەدیوە ئەوەشی لە گەل خوی خولقاندووە کە کوردستان تاکە حیزب و تاکە سەروک و تاکە رێبەرهەلنا گرێت، ئەمەش فاکتورێکی گرینگە بو ئازادی و دێموکراسی زیاتری خەلک کە ئەویش راستەوخو کاردەکاتە سەربنەماکانی درووستبوونی فاشیست لە کوردستان زور کز کات یان هەر رێگای پێ نەدات.

شەنگە: ئەدی مام‌میرزا پێت‌وایە چلون بە گشتی دەکرێت رێگا لە پەرەسەندنی **فاشیست** لە ناو کومەلدا بگیرێت خو **فاشیست** چ بەزەیی نیە جیاوازی ناکات کورد بێ یان دژبە کورد بێت . چوونکە وەک باس دەکەن و دەشیبینین ئەگەر ئەو فاشیستانە راپێچ بکرێن و نەمان، نابێ قەت رێگا بدەین هەمیسان بێنەوە مەیدانێ وەک ماموستا زورجار باسی دەکردو ناوی نەدەهێنا ،دەی گووت لە سەردەمی حەولەوەلایە واتە زیاتر لە ١٣٠٠ سال لەمەوپێش هەتا نووکە ئێمە خوشیمان نەدیوە لە دەستی ئەوانە.

مام‌میرزا: لە وەتەی مروڤ لە گیانی یەک بەربووە، ئازاردانێ یەکتری دەس پێ کردووە تەنانەت هەربەخوشێوە بەسی نەکردووەو پەلاماری بو هەموو بێ گیان و گیاندارێکی‌تریشی بردووە، هەربگرە لە کارو کامامزو کەوو کەروێشکوو سەرمازەلەی قوربەسەرو ماسی و رەقەومەقەی ناو ئاویش هەتا دەگاتە سەرهەورو بن هەوران هەدای نەداوە. بویە من پێم‌وایە سەرچاوەی هەموو ئەو نامروڤایەتێ مروڤ تا دەیگەیەنێتە **فاشیست** بوون دەگەرێتەوە بو دێوەزمەی رەش و نگریسی **دەسەلات**. بویە کەلەکە بوونی دەسەلات، **فاشیستی** دەرئەنجام دەبێت ، وە ئەوانەی خولیای دەسەلاتن ئەوە بە هەرجورێک بێت و بە قیمەتێک بویان بلوێت ملەکوتەی بو **دەسەلات** دەکەن و بەرەو ئەو خولیایەیان دەخوشن

وه هەرئەوەندەش  قوژبنێک و بزگورێکیان لە دەسەڵات وەگیر کەوت گرینگ نیە خێزان بێ، حیزب بێ یان جندۆکەی دەولەت بێت. ئەگەر مروڤ بگاتە ئەو رادەیەی : کە دەشگاتێ: رێگا لە کەلە کە بوون و بەهێز بوونی دەسەڵات بگرێت هەرچەند بتوانێت دەسەڵات دابەش و بچووک و لاواز بکاتەوە ئەوە ئەوەندە لەو بوارەدا لە مەترسی فاشیست کەم ئەکاتەوە بو نموونە لە وڵاتانی فرە نەتەوەدا کە دەسەڵات لە دەست ناوەند دایەو قەراخ وقوڵاخی هەژار دەخرێنە پەراوێزی دەسەڵات، لەوێ فاشیست زور دڕندانەتر خوی دەردەخات . ئەگەر بێتوو دەسەڵات لە ناوەندی بەتەنێ، بستێندرێتەوەو بە سەر دەوروو بەریش وەک یەک دابەش بکرێت لەو شوێنە ئەوەندە لە مەترسیفاشیست کەم ئەبێتەوە زور خەلکانێک هەن کە بە ناوی بەرابەری و یەکدەنگی و یەکرەنگی شەر بو ناوەندێکی کەلەکەبوونی دەسەڵات دەکەن ئەوانە هەربگەن بە دەسەڵات سەد خوزگە بەوانەی بە راشکاوی هاواری دەسەڵاتی ناوەندی دەکەن نموونەی بەرچاوو زیندووی مێژوو بو ئەوانە سوڤیەت و ستالین بە هەموو پاشکویەکانیەوە. هەروەها ئەوە دەتوانین ئاماژە بکەین بو ئێران و تورکیاو عێراق و سوریەو سریلانکاو ئیتوپیی و یوگوسلاوی و تەنانەت دەلێن لە چینێ خەلکی هەناسەساردی تەبەتێ وەک کوێلەی کرێکاری دەیانبەنە کارخانەکان و هەتا دەمرن بو دەسەڵاتی ناوەند کاریان پێ دەکەن. بو ئەوەی زور گێژووێژت نەکەم ئەگەر لە بنەماڵە و خێزانێکدا ئەو راورێوێ بکەین ئاوا دەبێت. گریمان خێزانێکی ٩ کەسی لەو ئاوایەی خومان باسی لێوە بکەین بە پێی یاسای کەڵەکەی دەسەڵاتی خێزانداری واتە مەزنایەتی بو گەورەی ماڵێ دیاری بکەین. کەڵەکە بوونی دەسەڵاتی هەموو خێزان لە دەستی ئەو میرمەزنە کۆبکرێتەوەو بە کەیفی خوی سواربێ و لێخورێ و هیچ ئاورێک لە پشتەوە نەداتەوە کە ئەوانی دیکەش خوشک و برانی و وەک وی دەچن و هەروەک ویش حەز بە هەموو شتێک دەکەن بە پێی دمراستی ناوەندی دەسەڵاتەکەی هەرچی بوی بلوێت دەی کات. بەڵام ئەگەر لەو خێزانەدا دەسەڵاتەکە لە ناوەندەکە وەربگیرێتەوەو بەسەر هەمووانەدا وەک یەک دابەش بکرێت ئەوە گونرەش وملهوری ناو خێزان تەواو دەبێت. ئەگەر بێتوو یەکەم بو رێگری لە هەبوونی فاشیزم دەبێ دەسەڵاتدابەش و بچووک بکەیەوە دووهەم بو دابین کردنی مروڤایەتی دەبێ ئینجا ئەو دەسەڵاتە بنەبڕ بکەی و بو ئەوەی کە دیسانە کە هەڵەسوونە نەهێنێتەوە. جا ئەو کات وەک کوردە گوتەنی: دنیایەکی ئارام و خوش کە گورگ و مەرپێکەوە ئاوێ دەخونەوە: تا ئێستا لە کەم و لە زور بە دەگمەن نەبێت ئەگەرێکێ پەیدا بکەی دەنا مێژوو نیشانی داوە هیچ لایەک نیە کە گەیشبێ بە دەسەڵات و خوی بە دەسەڵاتەوە مەڵوس دابێت پاش و پێشی خوی لە بیر مابێت بە تایبەت ئەو حیزب و کەس و

دەسەڵاتدارانەی کە بە ناوی ناوەندی دیموکراتیەیانەی لینینی کە لە سازبوونی سوڤیەتەوە سەرچاوەی گرتووە. لە ناو ئەو حیزبانەدا تاکە دەسەڵاتدار بوتە بە "**شا حیزب**" تا دەشمری هەر لە جێ خوی رادەوەستێ، وەک میرمیرێنی کورو کاڵانیش نیە کە جک هات میر بکەوێ. سەیری تەواوی حیزبە کومونیستەکانی دنیایە بکەی و هەروەها لە هەموو وڵاتانی روژهەڵاتیش هەتا ئەمریکای لاتینەوەو بگرە ئەفریقاو ئاسیای دوورو نیزیکو حیزبە دمراستەکانی روژئاوایش لەو دەڤەرانە کە ئەمانەش لەوان فێر بوون هەروا " **شا حیزبیانە** " دەژین. ئەوانە کە بە دەسەڵات و دەوڵەت گەیشتوون ئەوە " **جەمهور پاشا** " ی خویان داناوە هەتا هەتایە سەر **کومارن**، هێندێکیان بەوەش رانەوەستاون پێش ئەوەی خویان بنێژن کورەکانیان کردووە بە "**جەمهور پاشا**" وەک چاڤشیسکۆی رومانی و کیم ئیل سونگی کورەو حافز ئەسەدی سوریەو........... نازانم کە فیدڵ کاستروش لە کوبایە رەبی حەمری نەمێنێ کە هاتبوو خزمەت ئەو مەلا **فاشیستانەی** ئێرانی یەک بە خوی هاواری دەهات: ئوخەیش ئەوە لە ژیانی خومدا یەک شەو بە ئاسوودەیی نوستووم: کوری هەیە یان زاواکەبی!! دە کاتە " **جەمهور پاشا** " زێدە لە دایە نەمرم ئەویش ببینم. جا بویە هەر مروڤێک حەز بکات و بخوازێت لە بازنەی مروڤایەتی دەرنەچێ و نەپرینگێتەوە ئەوە دەبێ وەک **نەنسون مەندیلای** ئەفریقایە، ببێت بە نموونەی مروڤایەتی کاتێک کە بە **دەسەڵات** گەیشت شەقی تێهەڵدات نەک وەک کاستروی ببێت بە " **جەمهور پاشا** ". هەروەها لە پێوەندی لە گەڵ راپەرینی خەڵکی شاری شەنگە چاکی بوچووی، هەر بینا ئەو **فاشیستانەیان** راپێچ کرد لەم بارەوە ئەم چەند دیرەش دە کەمە تەواوکەری قسەکانی تو:

مخابن لە کورو کومەڵی مروڤایەتی هەر لە کونەوە تا ئێستا دەسەلاتچی و دەسەڵاتخوازان بە دوو جور سەیری خەڵکیان کردووەو کەڵکیان لێ وەرگرتووەو بو ئامانجی خویان بە کاریان هێناون ئەویش ئەوەیە کە هێزو داردەستە فاشیست و ملهورەکان بە چاوی نوکەرو پیاوی خویان سەیری کومەڵیان کردووەو خوشیان بە ئاغای خەڵک داناوەو هەر کەسێکیش وزەی لێ هاتبێ ئەوە بە زەنگوڵ و گۆپاڵەکانیانەوە هەڵیان کوتاوەتەوە سەر خەڵک و سەرو سەکوتیان تێک کردوونەوەو رێگای هیچ دەرەتانیەکیان بو نەهێشتوونەوە، بویە کومەڵ لێیان وەرگەراونەوەو دارو بەردیان بەسەرا رووخاندوون و ئاتارو پاتاریان لێ نەهێشتوون بەڵکوو بگەن بە ئاسویەکی مروفایەتی و یەکسانی مروڤ نەک هەر لە هەمبەر یەکترا بەشکوو لە راست هەر گیانلەبەرێکی دیکەش مروڤانە بژین. سەر لە نوێ هێزو حەشامەتێکی تازە بەناوی کومونیست و پێشکەوتووو پێشکەوتنخوازو دیموکرات و دیموکراتخوازی خومەڵوس داو بو جرجاڵی **دەسەڵات** لە ناخی ئەو

رابوون و سەرهەڵدان و بەرخودان و خورسکبوونی کومەڵدا بە سپایی و لەسەرەخو خویان زەق و قیت کردووتەوە کە ئاڵاو درووشمی بە لێشاوی هەستونیستی مروڤ و مروڤایەتیان دەبەرخو وەپێچاوەو خەریکی جێ کردنەوەی خویان بوون و هەن وسمێلیان لە کومەڵ فش دەکەن. ئەوانەش دیسان هەرچەند توزێک لە **فاشیستە** ئاشکراکان مایەیان زیاتر بو کومەڵ کە خویان ئاغاو کومەڵیش ئەمجارە با نوکەر نەبێ و کوێخا بێت ئەگەر رازیش نەبن ئەوەدەبێ وەک گیسکەکەی هەیاسی ژەقنەمووتی **فاشیستی** لێبکەن بە گورگەکەو زووزوو وەبیری بهێننەوەو ئەگەر هەربەوەش دانەمرکاوە ئەوە شێرەی ئاڵ کوڵیان لە جیاتی سەیران و گەران و دنیادیتن لە ژێر ناوو نووتکەی بەرەو بورژوا چوون بو بکەنەوەو پیان بخۆنەوە تا نەوەو نەتیجەشیان لەرزو بێحاڵ و خوماربن وەک تەجروبەی رابووردووی سوڤیەت کە ئێستاش ئاسەوارەکەی لە سەرخەڵکی ئەوێ هەرماوە. بەڵام ئەوانەش وەک خزمەکانی پێشوویان چاک بزانن کە کومەڵ ورەوتی مروڤایەتی ئەوانیش و پێش ئەوانیشی گور کردوو ئیتریش گور دەکات، کومەڵ و رەوتە مروڤایەتیەکەی رێ نادات هەتا سەرنە وەک نوکەرو نە وەک کوێخا سەیری بکرێت. کومەڵ دەبێ بە مروڤ و نا مروڤەوە واتە هەموو گیانلەبەرێک بە چاووێکیییی مروڤایەتی سەیر بکرێت.

لە هەر کورو کومەڵێکدا تا ئەو کاتەی دزێوێکانی مروڤ بە ووردوودرشتی نەخرێتە بەرچاو ئەوە ناکرێ جوانیەکانی مروڤایەتی گەشەی پێبدرێت و هەستی مروڤایەتی بو هەموان بەخەملێندرێت.

شەنگە: ئەدی مامیرزا کومەڵی مروڤایەتی بە هەموو چەژەو ئاموژگاریە کونەی کە هەیەتی ئەوە دووپات و چەند پات بوونەوەی مێژوو نیە کە دەیبینین.؟

مامیرزا: ئێمەی کومەڵی مروڤ گەوج نین، لە لایەن **دەسەڵاتەوە** لە کونەوە تا ئێستا گەوج کراوین و هەروەها جاریە درێژەشی دەبێت تا ئەو کاتەی تێبگاو رێگا نەدات کە هەرماوە ماوە لە مێژوودا کە رادەپەرێ و **دەسەڵاتی** کون رابپێچ دەکات، تاقمێکی تر لە ناویدا قوت دەبنەوەو لە ئاقاری خویان هانی ئەدەن و بە کوشتی دەدەن بو لابردنی گوپاڵێک و دیسان هانی دەدەن و چەپڵەی پێ لێدەدەن بو دانانی گوپاڵێکی دیکەو دووایش بە کەیفی خویان مێژووی بو دەهۆننەوە وهەموو جارێکیش خەسارەیەکی فەراوانی پێدەگەیەنن و کوتێکی زور کەمی ئەگەروەبەربکەوێ وە زور جاریش قەرزداریش دەبێت. جا ئەو کایەو گەمەیە هەتا ئەو زەمانەی کە مروڤ بەو رادەیە لە تێگەیشتن نەگات کە هەموو گیروگرفت و نەهامەتی و پێکدادان و کوشتنی لە سونگەی **دەسەڵات** و چاوچنوکانی **دەسەڵاتەوە** پێبراوە، ئیتر چیدیکە رێگا نەدات بیکەن بە گاڵتەجارو پێ‌پێبکەنن، خوشیان کە بە ویستوو نیازە وەیشوومەکانیان گەیشتن ئەوە

وەک جەردەی نەناسراو نەدیتراو بوی دەرچن. جا ئەگەر مروڤەکان بەو پلە لە خوناسینو بروابەخو بوونو بویری و شارەزایی گەیشتن وە هەروەها باشتر لە خوشیان ئەو داهوڵو تراویلکە زەبەلاحەی **دەسەڵاتچیانی** کونو نویان ناسیو شەقیان لە **دەسەڵات ودەسەڵاتخوازان** هەڵداو بە دەهوڵو زورناو زکرو موناجاتی ئەوان گوێ نە دەنێو وابزانن بای دێت. ئەوە لە مێژووی خوێدا ووچانێکی بو دەرەخسێت کە بەراستیو بە ئاسوودەییو بێترس و لەرزو فرو فیشاڵ تێکردن بیر لە چارەنووسی خوێو دەوروبەری بکاتەوەو ئیدی زور نەدیو بدیانیش نەگەیەنێتە **دەسەڵات** و کوشکو تەلارو لە سەر لاشەی خوی خێروبێری پێ ساز بکەن، وەک گوربان رەزای کە خوی بە کوتایی ٢٥٠٠ سالەی مێژووی دروزنانەی پادشایی یان سەدام حوسێنی شەقاوەو لات کە وەک دەڵێن کاتێک کە بە **دەسەڵات** گەیشت هەر دە زێری دەڕیا. ئەگەر بچی بنجو ناوانی ئەوانی هەندەرانیش لە کونەوە تا نوو کە لە هیتلێرو ستالینو پول پوتو چاڤوشیسکوی بگرە تا دەگاتە قەزافیو مووگابەو سووهارتوو پینوشەو شاروون تووره کەیان لەوانە پرتر نەبووە. ئەگەر بێتوو چاوێک بەناو خوشماندا بگێرین ئێمەی مروڤی کوردیش لە مروڤی هەندەران ئەگەر خەراپتریان پێ نە کردبینو بو نە کردبینو لێ نە کردبین ئێمەش هەر مروڤێکی وەک وانین، بو نموونە لەوڵاتی خومان لە گەرمێنێ لە دەشتی پشدەرێ لە ناوچەی سەنگەسەری لە دەواری قەندیلومەندیلان لە گوندی **مامخوبزنان** لە سەردەمی شورشەکەی باشوور لە حەفتاکان کە زور کون نیە چلون ئەو مروڤانە بە پێی باری دواکەوتوویی کومەڵایەتیان کە **دەسەڵاتو دەسەڵاتخو زان** تاوانباری راستەقینەن، ئاوەها بە سادەو ساویلکەیی کەللاو گوپاڵی لە سەر خویان قیت کردوتەوە. بروای تەواوم بەوە هەیە کە لەو بەسەرهاتە راستەقینانە زەقترو تەژیتر لە هەموو هەوارگەی ژیانی مروڤایەتی بوەو دەش بێت.

شەنگە: دەی مام‌میرزا گیان ئەوە رەنگ بێ زور خوش بێ، دەبابزانین لە **مامخوبزنان** کێیان کردووە بە کەللاو کوێخاو ئاغا.

مام‌میرزا: باشە شەنگە بە وردی بوت باس دەکەم، بەڵام من بەخوم سەرم لە شتێکی سورماوە کە ئەویش ئەوەیە کە ئەو سەردەمی نووسەری پێکەنینی گەدا لەو دەورووبەرەی ژیاوە بوچی بو **مامخوبزنانیش** بە پێنووسە جوانەکەی وەک تاجوتەختی هومەرپاشای **قەلەرەشەی** هیچی نەنووسیوە، یا چوزوانی وەکوو فەرهەنگە بەناوبانگەکەی **زەبیحی** تێدا نەچووبێ یان لەبەر شەری **دەسەڵات** لە بیریان چووبێتەوەو ژێر لیچ خرابێت، بەڵام باوەرت بە مێژوو هەبێ کە ناتوانن وەک توپی شەقشەقێنێ بە کەیفی خویان ئەو سەرەوسەری مەیدانێ پێ بکەن، روژێک لێیان وەردەسووڕێتەوە

یان وە دەمولووتیان ئەکەویّو تیّکیدەکاتەوە وەیان وە باتوویان دەکەویّو قوریان دەکات با لەمە بگەڕێن مێژوو هەر بە مێژوو بسپێرین. ئەو ڕووداوەی **مامخوبزنانم** جارێک بو ماموستام باس کردو ئەویش زوری لاسەیر بوو وەهەر وەها بەڵێنی پیّدام کە لە سەر ئەو ڕووداوە چیروکێکی کومێدی بنووسێتەوە، دەزانم ماموستا بەڵێنێکەی خوی هەر دەباتەسەری ، مخابن ئەگەرزەندەق چووانی فاشیست کوتووپڕو دەمودەست دڵە ناسکو پاکەکەی لە هەژان نەخەن.

شەنگە: مامیرزا منیش بەڵێنیت پیّدەدەم ئەگەربێتو نەهێڵن ماموستا فریای ئەوانە بکەوێت ئەوە ئەو بەڵێنیە وئەوانیتر وە بەهی توشەوە گەرنەشتوانم بیانخەمە سەر کاغەزێ ، ئەوە وەک بەیتەوانو بەیت‌بێژێکی ژیرو ڕەسەن هەمووی لە مێچکمدا جێ‌بکەمەوەو لەبەریان بکەم تا بو روژی خوی سینگاوسینگو دەماودەم بو نەوەی داهاتووی بگێرمەوە. خەم مەخو مامیرزا کورە خو شەنگە نەمردووە.

مامیرزا: ئەی لە بابی خوت کەویّ کورم، دەزانمو متمانەم هەیە کە ماموستا زوری وەک‌خویو وەک‌توی لەپاش خوی بەجێ هێشتووە. بویە دڵ‌خوشو گەش‌بینم کە بەو داخوکەسەرە سەرنانێمەوە کە دووای ئەو هەمووشتێک بفەوتێت، لێرەدا حەزدەکەم هەر ئێستا شتێکت پیّ بڵێم لە بەرئەوەی مردن پرزاڵمو بێ‌بەزەیە کە پیّ لە پیڵاوی مروڤی نا هیچ دەرەتانێکت بو ناهێڵێتەوە ، جا کە من نەمام ئەو رادیویەم نەهێڵی وەمست کەس بکەویّ و منیش هەرلەم رووە لە گشت لاوە ئێژم پاش مردنم ئەو رادیویەم بدەن بە شەنگەی، توش ئەو دیاریە وەک تاقانە یادگاری منوماموستای لای خوت بپارێزەو بزانە ناوەکەی گەلێک ڕیّوشوێنو نەهێنیەکانی ئێمەی تێدایە. با لە سەر ئەمە زوری درێژە پیّ‌نەدەم. دوای قەیرێکیتر دەچینە سەربنچوبنەوانو قولایی کومیدیا راستەقینەکەی **مامخوبزنانی** خومان.

*****

## گۆردەن کەمبڵی کانادایە

شەنگە: مام‌میرزا وادیارە وەک تو باسی لێوە دەکەی لە هەندەرانیش بو بە **دەسەڵات** گەیشتن هەربەو شێوازانە لە گەڵ مروڤ هەڵس‌وکەوت دەکەن .

مام‌میرزا: ئەمن روڵە چاوم ئێستا زورباش نابینێ کەسەیری تەلەڤیزیون بکەم بەڵام گوێچکەکانم خەراپ نین،ماموستا هەموو روژانی هەینی کە دەچووە شاری‌و کاتی گەرانەوەی بو قوتابخانە هەرهەواڵ‌و رووداوێکم بو دەگێرێتەوە. وەک باسی دەکرد ئێستا کوردان۴ یان۵ تلەڤیزیونیان هەیە کە لە هەموو دنیایە دەبیندرێت هەروەها دەیگوت لەو سەتەڵایتانە دەتوانی نیزیکەی ۴۰۰ کاناڵی ئاسمانی جیهانی ببینی‌و ئاگات لە ماروميرووی ئەم جیهانە بچکوڵە بێت، هەرچەند بەخوشم لە رێگای ئەو کەچە رادویەم لە باس‌وخواسی دنیایە ئاگادار دەبمەوە. ئەو نموونەی لە خوارەوە کە باست بولە سەری دەکەم ئەوە ماموستا لە تلەڤیزیونی کانادایە دیوێتی‌و بو گێراومەوە.

ئەگەرلە سەردەسەڵاتچی‌و دەسەڵاتخواز باس بکەین ئەم جورە مروڤانە زورن‌و لە مێژوودا گەلێک جاران خویان لەهەر دووک دیوی قەبەو لەرزانی **دەسەڵات** دیوی رزیوو راستەقینەکەیان باش دەرخستووە. لە کاتی قەبەبوونی دەسەڵاتیان

زور گون‌رەش و بێ‌منەت و بوێر خویان لە سەرئەو مروڤانەی کەفوویان تێکردوون و دەحەوایان خستوون نیشانیان داوە کە ئاوری پشت‌سەری خویان نەداوەتەوەو گوێشیان لە هیچ دەنگێکی ئەم‌لاوئەملایان بێجگە لە چەپڵەلێدان و پێ‌هەڵا گوتنیان نەگرتووە. بەڵام هەرئەوەندە کاتێک کە کاتون و فوودانەی دەسەڵاتەکەیان خەریکی پاچانەوەو پووچانەوە بووە، ئەوە دەستیان بە شین و گابورێ کردووەو بە هەردەست و پێ رامووسان و کورنووش بردنێک بێت بو گریسانەوەی پەتکی پساوو رزیوی دەسەڵاتیان کردووەو ناوەروکی شاراوەو رەزیل و مردەلوخانەی خویان و دەسەڵاتەکەیان بەتەواوەتی نوواندووەو دەستیان کردووە بە پارانەوەو لالانەوە کە ئەم جارەش دەسەڵاتەکەیان لێ‌نەسێننەوە. لێرەدا دێمە سەرباس کردن لە گێرانەوەکەی ماموستای وەک وێنەیەک لە مەڕ دەسەڵاتخوازی هەندەران کە لە تلەڤیزیونەکەی کانادایەوە دیتبووی. بەراستی مروڤ جاری وایە لە مروڤ بوونی خوشی بێزار دەبێ و لەبەرچاوی ئەکەوی کە شتی وەک **گوردەن کەمبڵی** دەبینی یان دەبیسێت. ماموستا دەیگوت کابرایەک ناوی گوردەن کەمبڵە کە لە ساڵی ۲۰۰۰وە بوتە سەروکی حیزبی لیبەراڵ لە یەکێک لە خوشترین هەرێمەکانی کانادایە کە ڤانکوڤەرشاری گەورەیەتی و زور ساڵان لە ناو خوش و جوانترین شارەکانی هەموو دنیایە پلەی یەکەم دێنێتەوە، دەبێت بە سەروکی ئەو هەرێمە کە ساڵانە نیزیکەی **۱۴۰،۰۰۰** دولاری کانادایی مووچە وەردەگرت. گوایە بە قسەی خوی پاش ماوەیەک دەسەڵاتداری زور کاردەکات و هیلاک‌وماندوو!!! دەبێت لە بو حەسانەوەو پشوودان، بەو مووچەی توورەکەکەی پێ ئاخنیوە، پڕ بە گیرفان و جانتاکەی لێ دادەگرێت و دەست لە ناو دەستی هاوسەرەکەی بەرەو دوورگەی خوشی **هاوایی** لە ئەمریکایە تێدەچەقێنن، لەوێ وەک کابرای دۆنەدیو لە گەڵ چەند دۆست و پێوەندی وێنەرێی پێی پێوە دەنێن و وەک مەشکەی مەرداری خێڵی گەورە تا ژان دەکەن و زگیان وە شڵقەشڵق دەکەوێ دەست‌بەرداری خواردنەوەو پێداکردن نابن، پاش چاو زەق‌بوون و زگ لەژێڵلا هاتنێ، ئەزمی لێ جەزم دەکات کە شەوێ دەبێ هەرچونێک بێت خوی بگەیەنێتەوە هاوسەرەکەی لە شوێنێکی‌تر، بویە ملی پێ پێوە دەنێ بو هەوارگەی خەوتنی. هێندەی خواردبووەو تێ‌هاخنی‌بوو ئاگای لە خوی برابوو کە ئەو لە ئەمیرکەیە نە لە کانادایە؟ وەک وشتری لوک گەرمی داهاتبوو ئاراوقارای لێ‌هەڵگیرابوو چاوی بەرایی نەدەدا کە چون ماشێنی دەهاژوێت، لەو دەمەیدا پۆلیسی ئەمیرکەی لێ‌وەدەردەکەون و تەق لە کەنداڵ‌ی و کەمبڵ‌ی دێنە خوارێ و لێ‌دەپرسن شۆفێری خاس! دەرخە پێ‌ناس؟ ئەویش تازە وردە وردە وەخۆ دێتەوە کە دەبوو ئەوەی نەیکا کردی، ئەوەی نەیخوا خواردی، ئەوەی نەشیلێ گوتوویەتی جا کەری بێنەو ئاغای سوار بکە. ئەمریکایی لە داوە دەزوویەکی دەگەران کە دانکە جۆ خواردەیەکی کانادایی وەدەست بخەن و بەناو شاردا جاڕی بدەن بو ئەوەی جارێکی‌تر

نەخەڵەتێن بە نەقەنەق لامەلامەی لە بەرئەمریکای بکەن‌و بە خێچ‌وخواری‌و پێچ‌وپەنا فەرمان‌و پەلا مارو بریارو هێرشی ئەمریکایە بە تایبەت بو سەرسەدامی دم‌رووت‌و کەڵی گونی ناوچەی دوێنیان رەچاو نەکردوو بە خاوەخاو لامەلام وەلای بنێن‌و دەنگی لە کومەڵی نەتەوەکان بو نەدەن، وا دیارە کە گوتبووی من گوردەن کەمبلم سەروکی هەرێمێکی کانادایەم، پیان گوتبوو هەی بەخێر بێت سەرچاوی مە بەم حالەتەوە، دەڵەی خومان فێرمان کردووی ئاوا رێک‌وپێک بێ بۆلامان. هەرلەوێرا دەستیان بەستبوو دەپشتی ماشێنی خویان هاویشتبوو بردبوویان بو میوانخانەی گرتووخانەو هەرئەو شەوەش وەک میداڵیایەکی نەویستوو تەنەکەی تاوانباریان بە ملیدا هەڵاوەسیبوو و بەو سەرو سەکتوو شکڵ‌و سیمایەوە دەرۆژنامەو تلەڤیزیونیان هاویشتبوو. چوونکوونێ لەو وڵاتانە بخویەوەو سەرخوش بێ و ما شێن لێبخوری وەک جەنایەتکار تاوانبار دەکرێ، لەم لاشەوە نەیارەکانی پشتخوان‌و پێشخوانی خوی هێشتا نەزڤریو دەهۆڵیان بو لێ‌دەداو گورزیان لێ‌هەڵ‌دەسووراند، لەوێشەوە پۆلیسی ئەمریکایە پیان گوتبوو بەوەندە لێ‌خۆش دەبین‌و ئەوەت لە سەرو ماڵی زیادە کە لێمان کردووی. ئەگەر دەوێری برویەوەو لە سەروکایەتی هەرێمیان نەختسی ئەو جا جەزاکەت بە تەتەری خومان بوت دەنێرین تۆش بریەکەی بومان بەرێ بکەوەو ئیتر لەم لایانەت نەبینینەوەو چیدی سەرخۆش نەبی تێگەیشتی چیمان پێ گوتی!! هەرچەندە خەڵکی‌تر مروڤەکان لە سەر کاری وەها لە ناو ئاخا رۆدەکەن بەڵام ئێمە مروڤی وەک سەدامی لە بن حەرزی دەردێنین لەو پێناوەدا تازە بەراستی! کوردمان ناسیوەو ئەوەشیان لێ‌فێر بووین " دەبرۆ هەی پیاوی خوێری بەغدا نیوەی رێیەت بێ " گویا کە گوردەن کەمبڵ بە ماتەمات‌و حیزو فزی خوی دەگەیەنێتەوە مالەوەو زورلەخەڵکی شاری چەقۆیان لێ‌دەسوو،ئەویش هاواری بو تەکبیروتەکبیر کاران دەبات. چون؟ ئەم جارەش لە بەردەمی تیغی چەقەسووانی ناو پارلمان دەربچێت، گەلو فریای بکەون بو ئەم دادو هاوارە، گەڵێک پسپۆرو دەروونناسی ماقوڵیان بو بەکرێ گرت،هەموویان بریاریان‌دا تەنیا گریسانەوە بە پەتکی پساوی **دەسەڵات** ئەوەیە کە رووی راستەقینەی خوی پیشانی خەڵکی بدات چونکە خەلک مروڤن‌و مروڤیش بو رێز لە مروڤایەتی خوی باوەردەکەن، رەنگە ئەوە یەکەم جار بێت کە لە گەڵیان‌دا راست بکەی ئەم جارەش بێتوو ئەوە بکەی وازت لێ‌دەهێنن وە داوەکانی پەتکی پچراوی دەسەڵاتت بو سەرخویان سەرلەنوێ لێک گرێدەدەنەوە، جاری بەرێ بویە دەنگیان‌دایەی نەیان‌دەناسی، هەمیسان بویە ئەتدەنەوە چون بو یەکەم جار راستت پێ گوتوون. جا خوت سەرپشک بە لە **جەسارەت و لە دەسەڵات**، گەررای ئێمەت دەوێ ئەوجارە راست بکەوغیرەت وەلا بنێ‌و بگرەوە پەتکی دەسەڵات!! بویە کاک **گوردەن کەمبڵ** بوی گرینگ نەبوو چی پێ‌دەکەن‌و چی لێ‌دەکەن، بەس لە **دەسەڵات** بێ

بەری نەکەن، جا وەک فەقێیەکی فێرکراو قۆڵی لێ هەڵماڵی و دەستی کرد بە خوتبە لەبەر کردن وە بە پارانەوەو لالانەوە دامێنی هاوسەرەکەی دەگرت کە کاتی خوتبە خوێندنەوە بو میللەتی ئەوە ئەویش لە تەنیشتی بەوەستێ و دەستی بە پشتی دابێنێ چونکە مروڤەکان لە روژئاوا زیاتر لە ئێمەمانان رێز لە ژن و منالیان دەگرن هەربەوپێیە کاتێک دەسەلاتچیەکان دەخوازن بە **دەسەلات** بگەن ئەوە هەمیشە ژن و منالیان بە تایبەت ژنەکانیان لە قەرا غ و بگرە فرەتریش وەپێش خویان دەدەن تایبەت کاتی پارانەوەو لالانەوەیان بو ئەوەی هەستی ناسک و بێ غەوشی مروڤەکانی پێ نەرم بکەن لە بەر ئەوەی ئەو گوردەن کەمبلەش کاتی خوتبە خوێندنەوەکەی لە بەردەم هەوالنێران بە لووشمەلووشم و هەنسکدان هاوسەرەکەی دەستی بەسەرو سەکتوو شان و ملی دادێنا وەک ماموستا باسی دەکرد ئەگەر مروڤ لە ئاکارەکەی ئاگادار نەبوایە بەو شێوە شین کردن و پارانەوەی لە خەلکی هیندەی نامێنێ لە گەلی دەست بە گریانێ بکەی. با ئەوەشمان لە بیر نەچێت لە وەتی ئەو **مستر کەمبلە** بوت بەسەروکی ئەو هەرێمە لە کانادایە بە هوی کەم کردنەوەی یارمەتی بنەماڵە هەژارەکان لە پێناو بردنەسەری مووچەی خوی و گەللورەکانی دەوروو بەری نیزیک بە **٧٢** منالی بەستەزمان و بێ دەرەتان مردوون.

شەنگە: دەزانی مام‌میرزا لێرووکانێ بە پێچەوانەی وێندەرێیە، ئەو سەروک و مەروکانەی لای ئێمە خەلکی هەرماڵ و منالیشیان ناناسێت بە تایبەت ژن و کچەکانیان زور دادەپێچن و دادەپوشن وەلە رادەی ئاسایی کەمتر وەدەریان دەخەن بو ئەوەی مروڤی لای ئێمە وا بیر بکاتەوە کە ژن و کچی ئەوان زور لە هی خەلکی تر بەحەیا و بە ناموس‌ترن تاکوو فرەتر بە سەروک و رێبەریان دانێن. وا دیارە زورم ماندوو کردووی ئەگەر بتوانین بێینەوە سەر باسەکەی **مامخ وبزنان** کە گوتت کومیدیای راستەقینەی ئێمەیە زور زور سوپاست دەکەم.

*****

# تراژدیای مامخوبزنان

مامميرزا: راست دەکەی شەنگە جا گوێ بگرە بزانم : لە کاتی بەرپابوونو گەرماو گەرمی شورشەکەی کوردستانی ئەو دیو لە حەفتاکان لە گوندی **مامخوبزنان** ئاغا وەجاخ کوێرەکەیان دەمریو مەلاو ریشسپیو پیاوانی ماقووڵی ئاوایی لێک خڕدەبنەوەو تەکبیرتەکبیران دەکەن ئاغا دانێن، بریار دەدەن بچن بو لای حەسۆمیرخان کە بەرپرسی گەورەی ناوچەی پشدەرێ دەبیت دەچنە کنیو پێئێژن " ئەزبەنی ئێمە خەڵکی مامخوبزنانین ئاغامان رۆ ئاغامان دەوێت بویە هاتوون بو خزمەتتان ئاغایەکمان بو فەرز بکەی؟!! حەسۆمیرخانیش گەلێکی لا سەیر دەبێ کە لە ماوەی سەروکایەتی خوێدا قەت بەسەرشتی وا دانەکەوتووە بە توورەیی پیان دەلێ هەی سەی کوری سەبابان مەگەر ئێوە نازانن کە بارزانی ئاغای هەموو لەناو بردوون ئاغارۆ ئاغارۆی چیتانە برون لە خوتان هەڵدەن نەتان بینمەوە دەنا سەگتان پێوە دەنێم. وەفدەکەش بەراستیانەو بو وا داوایەک چوون، بە ترسو لەرز دەستەونەزەر وەقسە دێنو دەڵێن: ئەزبەنی بە سەری باوکی هێژات گاڵتە ناکەین ئێمە بو ئاغا هاتوون. حەسۆمیرخان کە ئەم جارە بە فشەیان لێوەرنا گرێتو لێوە راست دەگەرێ چاو لە دەورووبەری خوی دەکات بێجگە لە جانتا بەدەستەکەی کەسیتر لەو ناوە نابینێت دەپرسێت لێ کورۆ تۆ دەخوازیت ببی بە ئاغا بو **مامخوبزنان** ؟ جانتا بەدەستیش ولّام دەداتەوەو دەڵێت بەرێ ئەزبەنی بەلام من

مەرجم هەیە بو ئاغابوون!!!؟ حەسۆمیرخان لەوەش سەری دەسورمێ و دەحەبەسێ!! لەبەر خویەوە ئێژێت چما بوسەرۆک و ئاغایەتی مەرج هەنە؟ سەری بو لای وی وەردەسوورێنێ و ئەپرسێت بێژە بزانم تە مەرجت چیە گەندۆر؟ وەڤدەش کە سەیر ئەکەن ئەو جانتابەدەستەیان گیر کەوتووەو پێشیان وایە کە کاکی گەڵلۆر هەر لە ئاکۆیەوە ئەم جانتا گرینگەی وەچەنگ نەکەوتووە پێش ئەو وەدەنگ دێن و دەڵێن بەڵێ ئەزبەنی هەموو مەرج و بریاری بو دابین دەکەین. جانتا بەدەستیش پاش ئەوان وڵام دەداتەوەو دەڵێت مەزنامن پیاو لە خوراو بەدەستی بەتاڵ بو ئاکۆیان خو ناکرێ ببێ بە میرومەزن، ئاغا دەبێ زەوی‌و زارو مەرو ماڵات و ماڵ و حاڵی خوشی لە ناو ئاوایدا هەبێ تا خەڵک بزانن وە هەروەها ئەگەر سەرۆکێکی وەک توش رێی دەوێ کەوت ئەوە بزانێت تا روو لەو بەروو دیوەخانەی بکات.!!

حەسۆمیرخان سەیرێکی تازە سەروکی دەکات و سەری وەردەسوورێنەتەوە بو لای وەڤدەکەو مات دەبێت و هیچ ناڵێ دەستەی نوێنەرانی گوندیش تێکرا دەڵێن: پێ‌رازین بەو نێرە کەرەی پر بە پێستێتی ببێت بە ئاغای ئێمە. جا روڵە ئەگەر ئەو نێرە کەرەو گاحولە لە **مامخ‌وبزنان** نەبا و لە وڵات و شارێکی گەورەی دنیایە با ئەوە لەوانە بوو بناغە و بنەمای **فاشیستێکی** زەبەلاحی لە سەر ساز ببووایە.

شەنگە: مام‌میرزا پێشەکی زور سوپاست دەکەم کە بە منەوە ماندووی و بەو هەمووە شارەزایی و زانیارێەی کە داوتمێ ئێستا لەوە ناترسم کە دەرسەکانم تەوا بکەم و بچم بو زانکۆی کومەڵ و یاسا ناسی بو زیاتر زانین لە سەر **کومەڵ و یاساو دەسەڵات و فاشیست**. لێرەدا ئەوەم لا درووست بوو کە ئەو کارەی خەڵکی مامخ‌وبزنان جیاوازی لەگەڵ کاری ئێوە چی بووە بو مەرج‌دانانی پێشەواو سەروک حیزبتان یان وەک ماموستا دەیگوت بو راپەرینەکەی دەرپەراندنی شای هەڵاتوو دەبوو پیاوێکی ماقوول یان بەناو وەک بەرێز ماموستا شێخ عێزەدین بدوزنەوە هەرچەند رێزی زوری بوی هەبوو بە مروڤ چاک و پێشکەوتنخوازی دەزانی. مەبەستی من ئەوە نیە کە مروڤی گەندۆر و پیاو خاس بە یەک چاو سەیر بکەم چونکە ماموستا دادگایەکەی پێشەوا قازی کە پاش زیاتر لە ٥٠ ساڵ ئاشکرا بوو، بوی هێنام و خوێندوومەتەوە کە لە سەردەمی خویدا مروڤێکی زور دژی کوشتوو بڕین وەهەروەها لە کاتی گرتن و مردنیشی‌دا تا بڵەی بوێرو ئازا بووە. مەبەستم ئەوەیە خەڵکانی **سیاسی** و حیزبی بوون فەرقو هەبووە لە گەڵ خەلکی گوندان یان چی‌تر؟ ئەوان ئاغایان وێستووەو ئێوەش بە شوێن سەروکدا گەراون،

مام‌میرزا: هەی بارەقەڵلا شەنگە، لە خورا ماوستا توی هەڵنەبژاردبوو؟ ئەتو زور ژیرو وردبینی پێی خوشحاڵم کە بو تو قسەدەکەم . یەکەم لە ساڵ‌وزەمانانی پێشوو مروڤەکان فرەلە نووکە ساویلکەو ساکارتر بوون و **دەسەڵات** وای

تۆقاندبوون کە هەر کەسێک درۆ ێ کردبا دەیانگوت رووی رەش دەبێت بۆیە خەڵک نەیدەوێرا درۆ بکات بەڵام **دەسەڵاتدار** بە ناوی پاڵەوانەتی درۆیان دە کرد هەتا کوونێ روورەش نەبوونایە. دووهەم لە هەڕەتی منالیدا کاتێک شەڕە گەرە کمان دە کرد ئەگەر منالێک سەگ و زیت و بەچاوراوو چاخان و دمهەراش و قۆشمەو زۆڵ با لە ناو هەمووان زوو دەبوو بە سەردەستەو بۆ تاریف کردنوو لێ ترسانی دەمانگوت ئەو هەتیوە دایکی خۆ گێ رۆژگارە، ئەگەر بێتوو باس لە **سیاسی وسیاسەت** بکەی ئەوە ئەو پێناسەی منالی پڕ بە پێستی **سیاسەتبازانە**. وە بە پێی پێناسەی سەردەمی ئێستاش سیاسی و سیاسەت بازواتا بابی درۆیان یانی لە ناو کورو کۆمەڵاندا کێ لە هەمووان لێزانترو چاکتر درۆیان بکات و درونامەی بۆ **دەسەڵات** بهۆنێتەوەو بڵێتەوە لە هەر کەس سیاسی ترە تا ئێستا وامان دیوە، هەرچەندە بە دە گمەن لە مێژوودا هەن کە کاتێک گەیشتن بە دەسەڵات ئەوە شەقی تێ هەڵدەن و خۆیان بۆ کۆمەڵ تەرخان بکەن و لە باوەشی خەڵک دوور نە کەونەوە وەک لە پێشا باسی **مەندیلام** بۆ کردی و هەروەها لێرەش دا جێ خۆیەتی کە ئاماژەیەک بۆ **ماهاتەما گاندی** بکەین کە چون لە دژی یەکتر کوژی هێندی و موسوڵمان کە لە مەڕ کێشەی پاکستان لە ژێر دەسەڵاتی هێندیان دا کە تا ئێستاش ئەو بکوژبکوژە نەبراوەتەوە مانی لە خواردن گرت و لە برسا خۆی دە کوشت. لە مەڕ پرسیارە کەت جیاوازی ئێمەی حیزبی و خەڵکی گوندی دەتوانم ئەوە بلێم تا ئەو رادەیە کە منیش دەزانم پێشەوا قازی مرۆڤێکی باش و دژ بە کوشت و برین بوو راستیە کەی لە شکڵ و شێوازدا بوو دەنا وەک بۆم باس کردی من هەنوو کە بەوە گەیشتووم کە ئەو حیزب حیزبێن و گۆگۆێن و شەق شەقێنە هەموو هەر یەکن و شەڕە لە سەر لێفە شڕەی **دەسەڵات**. گەر رێم بدەی ئەو تێبینیێە خوارەوەشی دەخەمە پاڵی.

لە زۆر شوێن دا ووتم کە کۆمەڵی مرۆڤ لە لایەن دەسەڵات و دەسەڵاتچیانەوە چیان پێ کردوون و چیان بەسەر هێناون بەڵام مرۆڤ لە وەتا هەی و گەیشتووتە ئێرە هەوڵی داوەو دەدات کە هەرچی زووتر لەژێر سێبەری شوومی دەسەڵات رەزگاری بێت بۆیە لە زۆر قۆناخی مێژوودا بە پێی پێگەیشتن و تێگەیشتنی لە مابەینی چەوت و چەوتتر ناچار بووە کە چەوتە کە هەڵبژێرێت. کۆمەڵی کوردەواریش زۆرجاران وای کردووە، هەر بەو نیازەوە لە بەرانبەری داگیرکەران و حیزبە ناوخۆیە کان بۆ بنەبڕ کردنی خەزاو ئەنفاڵ و تالان و کوشت و بڕ هەرچەندە ئەو حیزبانەشی بە دڵی نەبووبێ دەنگی پێ داون کە ئێمەش دە گرێتەوە نموونەی بەرچاو، هەنووکە خەلکی باشووری خۆمان کە نیمچە رەزگار بوون ئەگەر لە ترسی دەهۆلی گەرانەوەی **دەسەڵاتی فاشیستی** نەبێت ئەوە قەت دەنگی پێویست نادەن بەو حیزبە

دەسەڵاتدارانەی خویان و پیان نارازین.

*****

## پرێسکەوبووخچەی حیزبگەلی کوردستان

شەنگە: مامیرزای ماندوو نەناس و پشوودرێژ لە گەڵ رێزو سپاسێکی بێ پایان و داواکاری تەمەنێکی دوورو درێژو شاد بوونەوەمان بە ماوستای هێژاوخوشەویست بەلێنی بێ لەسەر دەسەڵات و فاشیستان چیترت هیلاک ناکەم، ئەگەر بتوانی لە سەر ئەو حیزبە خومالی و ناخومالی‌یانەی گورەپانی کوردستان بە گشتی پوختەیەک و کورتەیەکم بەپێ چەژەو ئاموژگاری خوت و ماموستای بو بدوێ، ئەوجا منیش دەستەکانت ماچ دەکەم و پاشان جێت دێلم ئەوە نیزیکەی حەوتوویەکە لەو قوتابخانەیە لە ژوورەکەی ماموستای بە قەت زانکویەکی شت فێر بووم توش ئینجا تاوێک سەر بنێوەو بەحەسێوە.

مامیرزا: رولە خەمت نەبێ ئەمن جارێ تەلپاتی تەرم تێدا ماوە، ئەوەشت بوباس دەکەم و لە داهاتووش دا هەر کاتێک پێویست بوو وەرە بو لام من نەک پێی هیلاک و حاجز نابم بەلکوو زوریشی پێ شاگەشکە ئەبم. ئەگەر لە سەرهوش مابم لە لابەلای قسەکانم دا جاروبار ئەنگوستێکم راهێشتووە بو حیزب و سەرکردە ناوخویەکان بەڵام لێرەدا چەن نموونەی زیندوو لە سەر هەردوک لایەن باس دەکەین دەپێش دا لە سەر حیزبە خومالیەکان:

١---تا ئەوەندەی من بیرمەو لەم‌ولەوم بیستووە کەم تا کورتێکیش لە خوێندنەوەی مێژوو هەڕەم لە بڕەی کردوتەوە زورینەی ئەو حیزبە کوردیەیانە هەمیشە لە سەرەتای درووست‌بوونیان و دەس پێ کردنیان بە خەبات و شورش بانگەشەیان بو سەربەخویی و رەزگاری کوردستان بە واتەی خویان و لە روانگەی منیشەوە ئاغایەتی لە سەر گەڵ و هوز بە مانی

گەیشتن بە **دەسەڵات** لە کوردستان. کاتێک وورده ووردەو هندک‌هندک وای بو چوون کە لە دەسەڵات نیزیک دەبن ئەوە لە سەرەخو شل‌و سارد بوونەوەو هەل‌ومەرجیان کردووه بە هۆبو پاساودانەوەی بوچوونە کانیان‌و وازیان لە کارو بانگەشەی ئاغایەتیە کەیان هێناوەو بە راشکاوی‌و لە بنەوە بە گوێچکەی داگیرکەرانی رەنگاورەنگیان راداشتووەو وایان نیشان داوە کە ئەگەر داگیرکەران‌و پاشکۆیان واتە ئەو هێزانەی داگیرکەر کە هێشتا نەخزیونەتە ناو دەسەڵاتەوە ئەوە بە هەر کوێخایەتێک کە جەنابی داگیرکەران سەربلەقینن ئەمانیش مل کەچ ئەبن پێ‌ی. زور جاریش لە مێژوو نیشانیان داوە کە ئامادەن ببن بە کەوا سووری بەرلەشکری وەلە دیرۆکی پر شاراوەو خوێناوی ئەو گەلەی زور جار بوتە بە هەلگریساندن‌و گڕخوش کردنی یەکتر کوژی رولە کانی هەژاری ئەم وڵاتە.ئەوحیزبانە زور کەرەتان هەلە کانیان وا شیادوتەوەو پاساویان داوەتەوە کە بو بەرگری لە کوشت‌وکوشتاری خەلک‌و لە **سیاسەت**زانی، کاتیی وازیان لە ئامانجە سەرەکی‌و بنەرەتیە کانی خەلکی کوردستان واتە مافی‌چارەنووسی خەلک بە دەستی خوی هێناوەو چارەیەکی‌تریان نەبووە ئەو ئاکامەی لە هەموو قۆناخە کانی رابوردوو تا ئێستا لەهەموو رێکەوتن‌و واز هێنانێکیان بەتایبەت لە گەڵ داگیرکەرانی پێش گەیشتن بە دەسەڵات، ئەوەهەر داگیرکەران بوون کەلکی زیاتری خویان لێ‌وەرگرتووەو بەهێزتر بوون‌و خەسارە کەی وە کومەلگای بەلەنگازی کوردستان کەوتووە. رەنگ‌بێ بو یە کەم جار ئەم جورە هەلس‌وکەوت‌و تاکتیکانە لەمێژووی هەر گەلێک‌دا راست بن، بەڵام هەر کومەلێکیش لە پەندو ئەزموونە کانی رابودووی خوی‌و دەرەوە کەلک‌و دەرسی وەک خوی لێ وەرنەگرێت ئەو ووتارو پاساونامانەی چەن جارەکی وەک بەلگەی مێژوویی بوی نایەنە ئەژمارتن. ئەمن مێژوو نووس‌و مێژووزان نیم مخابن بەلگەی مێژوویی زورم دیتوەو بیستووە وەک ئەتاتوک‌و جووتە شایە کانی ئێرانێ‌و سەدام‌و خومەینی‌و تەنانەت ئێستا ئەو تاقم‌و دەوارانەی حیزبولڵاو عەلاویللاو جەعفەروللاو کە گوێ‌یان گرتوون‌و قوتیان کردوون ولەوێ بە مشتوو پێلاقان چەقاندوویانن، هەنووکە بەتەواوی پێیان نە گرتووە سمکۆڵ دە کەن‌و خەریکی خنکاندنی گڕکانی بابە گورگوری کەرکوکی ساردو تاریک‌و لە بەربێ **نەوتی**، قوربەسەرن.

ئەوەی راست بێت داگیرکەرانی پێگەیشتوو بەرێوە لە کوردستان بویان گرینگ نیە کە خەلکی ئەم وڵاتە چیان گەرە کەو چی داوا دە کەن ئەگەر هێندێک جاریش ماتن ئەوە خەریکی خو سازدانێکی نوێن. بویە ئاموژگاری‌و پەندو چەژەی خەلکی کوردستان تا هەنووکە وای دەرخستووە کە ئەگەر **حیزبە کوردستانیە کان** وەک ئامانج‌و داواو ئارەزووی راستەقینەی هاووڵاتیانی کوردستانیان لە یە کەم روژەوە هەتا ئێرە لە هەموو کاتێکا وەک‌خوی بەرز رایانگرتبا ئەوە لە وانە نەبوو کە زیاتر لەو کوشتارو قڕکردنانە هاتبا کایەوە، بەتایبەتی زور جاران شەری ناوخویی کە هۆکارێکی سەرەکی

ئەوە بووە ئەگەر زیاترنەبێ زور کەمتریشی لە داگیرکەران لە رولەکانی ئەو گەلەی قوربانی نەکردووە. ئاواتی من ئەوەیە روژێک دابێت کە هەر داش دێت، سەرجەم قوربانیانی شەری ناو خویی بێتە ئەژماردن و ئەو لایەن و سەروکانەی بەشدار بوون وەیان لەژێر سێبەری دەسەلاتی ئەوان کوروکچانی ئەم خەلکە کە بە دەستی یەکترا تێداچوون داوای لێبووردنی گشتیان بە پێی یاسای مروڤایەتی و سەردەم پێ کردبانایە، وە لە لایەن هەر دەسەلاتێک کە لە کوردستانەدا بێت قەرەبووی پاشماوەکانیان بکرێتەوە. کە من بە نیزیک بوونی ئەم قوناخە گەش بینم.

٢---حیزبە کوردیەکان بو کەچە **دەسەلاتێک** کە وەدەستیان کەوێ و یان خەونی پێوە ئەبینن زور جاران لە مێژوودا بە تایبەت حیزبەکانی باشوور لە گەلێک قوناخا روژهەلات و باکووریان لە پری خویان بە داگیرکەر وەک شاباش داوە کە زوو یان درەنگ ئەو دەورەیە بە زەرەدی خەلکی کوردستان بە گشتی و خوشیان بە تایبەتی تەواو بووە و هێندێک رولەی راپەریوی ئەم گەلە بن دەستەیان بە زیندوویی و بە کوژراوی و دەزی و بە ئاشکرایی دەناو دەستی دوژمنانیان ناون لە پاشان ئەوانیش قاقا قاقا پیان پێکەنیون و لەوانەشە لە جیاتی پاداش دوو سێ جنێویشیان وەرگرت بێت. وەک کاک فایەقی موعەینی و برایانی لاجانی و..... لە شورشی ٧٠ کاندا. وادیارە بەداخەوە نەبوتە پەندو دەرسێک بو ئەم نەتەوەیە.

ئێستاش لە گەرماوگەرمی کوشت وبری رولەکانی روژهەلات و باکوور لە لایەن دەسەلاتی ئێران و تورکیاوە لە هەردووک کانالەکانی ئەو دوو پارچەیەی باشوور بە پێشمەرگەی باکوور دەلێن چەکدارو پێ هەلاگوتن و مەدح و سەنای جەلادەکانی ئێران وەک خومەینی و خامەنەیی و مەحموو ئەحمەونەژاد زیاترە لە بلاوکردنەوەی هەوالی راپەرینەکانی روژهەلات، هەر وەها ئەگەر توزێک بگەرێنەوە دوواوەش ئەوە سیمای پێشەنگی بەرتانک و فروکەو لەشکرو بردنەسەری پاسدار بو گرتن و وەدەستەوەدان و داخستنی رادیو دێتەوە بەرچاومان. جا ئەوە دیوی دەرەوەیە کە ئێمە دەیبینین و دەیبیسین، سەگ بە حالمان ئەگەر شتەهایەک لە بنەوەدا بێت و ئێمە پێ نەزانین. رەچاو نەکردنی ئەزموونی رابوردوو بە تایبەت لە باشوور لە لایەن حیزبەکانەوە وا لە مروڤ دەکات کە ووردتر بیرلە هوکاری ئەو گوێ نەدانە و ئاور نەدانەوە لە سەروکەکانیان بکاتەوە. من پێم وایە کە کاردانەوەو رەنگدانەوەو ئەو سەروک و حیزبانە، وەرگیراوە لە ئاکاری کونە داگیرکەری پیر دنیایە واتە ئینگلیزە لە کاتی درووست کردنی دەولەتی کارتوونی و بەقەستی عێراقەوە وە هەروەها نەبوونی رەوتی سرووشتی گەشەی کومەڵ و شەرو پێکدادانی ناوخویی کە هەردەم بو مانەوەی خویان ئەوبەرەو بەرە کێنیان لە گەڵ چاک و خەراپ بە بێ رەچاو کردنی زیان و بەرژەوەندی بەشەکانی دیکە کردووە وە لە لایەکی تریشەوە هەلس و کەوتی فاشیستی دەولەتەکانی یەک لەدوای یەکی عێراق لەمەر رووخاکان و وێران کردن و نەهێشتنی نیشتەجێ بوونی خەلک و لە

زور بوواران هێشتنەوەیان لە بیچمی خێڵەکی‌دا وەک چەند فاکتور ئاماژە بکەین. وا دیارە ئامۆژگاری لای ئەو حیزبانە وەک ماشێنێک وایە کە گێری پاشەوە چوونی نەبێت و نەکرێت دوواسەری خوی ببینێ و ئاور بو پشتەوە بداتەوە و بو یارمەتی ئاوێنەشی لە کەنارەوە نەبێت، دەنا ئەی هاوار بە خشەیان نەزانی، بە مشەیان نەزانی، بە فشەیان نەزانی، بە فشقەیان نەزانی. تا کەی ئێمە دەکەن بە قوربانی.

٣--- حیزبە کوردیەکان هەردەم لەبەرخویانەوە بانگەشەی ئەوەیان کردووەو دەکەن کە سەروک و سەرکردەی ئەوان بکرێت بە سەروکی هەموو کوردستان، هەرچەند کە بە کردەوە نیشانیان داوە کە بروایان بە مەنێیە. بە گشتی زورجارانیش ئەو حیزبانە هەولی ئەوەیان داوە کە ئەو مەزنایەتیەی خویان بە سەرێکتردا بسەپێنن و ئەگەر توشی شەری بەراستیش نەبووبن، ئەوە شەرە قسەیان کردووەو ئارەزووی لە ناوچوونی یەکتریان خواستووەو لە ڕاست شکست و نەهامەتی و بە سەرهاتنی بەڵا ئەگەر بە ئاشکرا شایان نەگێرابێت ئەوە شینیشیان بو یەکتر نەگێراوە بو نموونە ئەوەندە باس لە سەرو یادکردنەوەی خومەینی و بکوژانی دیکەی روژهەڵات و باکوور دەکەن بە تایبەت دەسەڵاتەکەی سولەمانیە. تەنانەت سالێ جارێکیش باسی سەروکەکەی باکوور ناکەن کە بە چ پیلانێکی دژبە مروڤانە، ورەو وزەی خەلکی کوردستان و هەموو مروڤێکی بە ئینسافی پێ بریندار کرا، هەرچەندە ئەو سەروکەش لەوەتی هەیە تا هەنووکە جگە لە خوی کەس بە سەروکی کوردستان نازانێت. هەروەها رەشەکوژی سەروکەکانی حیزبەکەی روژهەڵات وەبیر ناهێنن لەبەرئەوەی حەشامەتی جیهادیەکان لە ئێرانەوە لیان توورە نەبن.

٤---- شتێکی گرینگتر کە لەحیزبە خومالیەکان بپرسرێتەوە ئەویش ئەوەیە: نەخوێندنەوەو نەگوتنەوەی مێژوو بەسەرهاتی راستەقینەی خەلکی کوردستان و هەروەها دیرۆکی ناوخویی خویان کە تەنیا دیوی باش و جوان و پێ‌هەڵاگوتنیان بوت بە مێژوویان. بلەی ئەو حیزبانە ئەوە زیاتر لە ٥٠ سالە لە کوردستان خەبات و تێکوشانیان هەیە هیچ هەلەو چەوتیێکیان لە ناو خویاندا نەکردبێت، وا قەت بە چاک و خەراپ باسیان لێوە نەکردووەو بێ‌دەنگ و مات بە سەری‌دا تێپەریون. ئەدی کوشتن و شوێنەونکردنی دەیان کادیری بە توانای ناوخو وەک سەدیق ئەنجیری و ئەحمەد توفیق و فاخری حەماغاو وریای وەستا وەهابی و کوشتن و تروری سەدان ئەندامی باکووریش لە لایەن حیزبەکانیانەوە، ئایا باسیان لێوە کردووە؟ هەلسەنگاندنی راستی و چەوتیەکانیان نابێتە یارمەتیدەر بو بنەبڕ کردنی کوشتاری ناو حیزبی و بە هێزبوونی ئەوانیش و بەرەو پێش چوونی کومەلگایەکی مروڤایەتی و دیموکراتر. دەبی ئەوە باش بزانن کە ئەگەر خویان نەی کەن پێشکەوتنی کومەڵایەتی پێشیان دەکات و بوشیان دەکات. باشە ئەگەر لەوەش گەرێن و بچین بو سەرباسی لایەنە گرینگەکەی‌مێژووی خەلکی کوردستان، ئایا وەک خویان گوتوتەوەیان خەلکیان لێ بەئاگا کردووە کە چیان بە سەرهاتووە. هەر

کومەڵێک مێژووی خوی بە چاک و خەراپەوە نەزانێت ئەوە ناتوانێت کە پێناسەیەکی تەواو بو پێشکەوتن و داهاتوویەکی گەش لە نیزیکەوە بو خوی بکات.بەداخەوە خەلکی کوردستان ڕێگای پێ نەدراوە کە وڵات و واری سەربەخوی خوی هەبێت، نووسینگە و قوتابخانە و زانکوی راستەقینە و سەربەخوی هەبێت.جا بویە تاوانی ئەو نەزانینە مێژوویە دەکەوێتە سەرشانی پێشەنگ و سەرکردە و حیزبەکان کە چەندیان خو تەرخان کردووە بو هەلوێستە لەراست مێژوو بەسەرهاتی راستەقینەی ئەو خەلکە. ئەگەر نووسراوەکانی هەموو حیزبە خوماڵیەکان لە ئارشیڤەکانیان‌دا کۆبکەیەوە پێم وانیە بە قەت قانعو جگەرخوێن و عەبدوولخالق مەعرووف و..................دیوی راستی دیرۆکی ئەو گەلەیان دەرخستبێت. دەگێرنەوە لە ماموستا قانع هەرچەند زوری رێز لە هاوسەرەکەی گرتووە و خوشی ویستووە، کاتی ئاخافتن لە گەلی بە ناوی یاشێخ قاوی کردووە و هاوسەرەکەشی زوری لا گران هاتووە و پێ سووکایەتی بە دینەکەی بووە، بویە روژێک لە ماموستا وەردەگەرێتەوە و لێ توورە دەبێ و دەپرسێ لێ ؟ بو تو بە من دەڵێی یاشێخ ؟ ماموستاش لە وڵامیدا دەڵێ جارێ لێم مەدەو ئەگەر رێم پێ بدەی و گوێم بو شل بکەی و لە پەنام دانیشی بە ووردی بوت باس دەکەم بو ؟ جا ئەگەر توش قانع بووی ئەوە باشە و هیچمان لە هیچ ، ئەگی ناش ئەوە من بەلێنی ئەدەم تەرکی بکەم. تو خوت دەزانی کە من لە دین ودینداری و شێخ و مەشایخاندا زوری دەزانم، ئەدی وەنێ کەرو کەرسوواریشم لە سەرپەیدا بوونی شێخایەتی لە کوردستانێ نووسیوە و هیوادارم تێدا نەچێت و روژی خوی بلاو بێتەوە. جا گوێ بگرە بەساقەوبم: ئەگەر کەسانێک بێن بە هەردین و ئاینێکەوە من و تو لێرە دەست‌بەستە بکەن و لە بەرچاوی من دەس‌درێژی بو تو و بو ئەو تاقە کەنیشکەمان و کورەکانمان گۆشاوگۆش سەریان ببرن تو دەڵێ چی؟!! هاوسەرەکەی ماموستا زور تێک ئەچێ و ئێژێ دە قەوری باوکی خویان و دین و ئاینەکەیان ئەریم. بە ماموستا قانع دەلێت: قانعم لەمەوبەدووا منیش دەبم بە **قانعم** . ئەگەرهاتبا لە مات نەبوون بو **دەسەلات**، ئەو حیزبە کوردیانە بەو هەموو ئورگان و رادیوو تلەڤیزیونانەی کە هەیانە نەک هەرخەلکی کوردستان بەلکوو ئەندام و پێشمەرگەو لایەنگری خویان بەراستی لە دیرۆکی خویان تێگەیاندبا، ئاخۆ بلەی ئەو کات خەلکی کوردستان ئەوەندە لەراست مێژووی خوی گێل و نەزان و کوێر دەبوو؟ کارمان لە جێگایەکی‌تر نەدەبوو؟ خەلکی کورد زوربەی زوری پێ وا دەبوو؟ کە سەدام عەرەبی شوڤینیە و لە گەڵ حورووسیاتە بویە ئەنفالیان دەکات و خومەینی شیعەیە بویە دەنگی خەزایان لە سەردەدا.؟ ئەگەرهاتبا بەو خەلکە نە زیاتر و نە کەمتر گوترابا کە سەدام یەکەم کەس نیە کە ئەنفالی کردووە، ئەدی ئەوەنی هەموو جارێ بو دادگایەکەی ئەنفانەمەکەشی دەبن هەنگلێ دایە و پێمان دەلێ ئێوە زیاتر لە سێزدە ١٣

سەدەیە ئەنفال‌وخەزا دەکرێن بو پێتان وایە کە هەرمن ئەنفالم کردوون. ئەوەتا ئەنساروئیسلامیش هەرلەو ناوچەیە کە ماموستا قانعع بو هاو ژینەکەی باسی دەکرد هەربو پێ‌داگرتن لە سەرراستی مێژوو گێرانەوەکەی قانعع خێلی حەمەیان سەربرییییییییییییییییییییی. من نالێم ئەو دینە لە خەلکی کورد وەرگرنەوەو بیگەرێنەوە بو سەر گاورو داسنی وە یان دینی مسترررررررررررررررررررر بووشیان دەرخوارد بدەن. بەس وەک قانعع و سەدام بەو کوردە داماوە بلێن کە هەزارو شتێک سالە سەردەبرێن‌و ئەنفال‌و خەزا دەرکرێن ئەوسا ئەگەر کوردە پێ‌ی رازی بوو ئەوە دەک پیرۆزی بێتتتتتتتتتتتتت ئەگینا وەک هاوسەرەکەی ماموستا قانعع هەمووومان دەبین بە **قانعععععععععععععععع** .

**٥**--- شتێکی‌تر کە برێک پێوەندی بە سەرەتای خالی چوارەمەوە هەیەو جێ خویەتی ئەنگوستێکی بخەینە سەری، ئەو حیزبانە لە بەربەرژەوەندی حیزبایەتیان‌و تاپۆ کردنی دەسەلات روحمیان بە هونەرو هونەروەرانیش نەکردووە. هی‌وا هەبوون کە حەسەن زیرەک‌یان دمبێن دەکرد بەلام بەراوپشت وە حەرزێ کەوتن. هی‌واش هەبوون ئەگەردەنگ و تەنبوورەکەی شوان بەو چرو درو پریەی دەرگای هەموو مالێکی نەشکاندباو جگەرخوێن‌ی لە سەردەستان نەبا، لە مێژبوو وەک حەسەن‌ی مامل‌ێی بێ تاوان رەشەکوژو بێ کەس کوژو دزەکوژیان دەکرد. یان مام هێمن‌ی بەستەزمان کە بەشێکی زوری ژیانی بو حیزبەکەی دانا، کەچی ئەوحیزبەش لە پێناو رقی کەسایەتی سەرۆک حیزبی کاتی مردنەکەی کە زوربەی زوری خەلکی کوردستان بوی بە پەرۆش بوون لە بەشی **هەینی** رادیویەکەیان یەک‌بەخویان تیان‌دەقوولاند کە: ماموستا هێمن چەندە لە شێعرو شاعێری ماموستا بوو ئەوەندەش لە **جاشێتی** :

**٦**---زیاترلە پەنجا سالە خەلکی کوردستان‌و شورشەکەی لە لایەن زورینەی حیزبە کوردیەکان وە بەتایبەت بەشی کوردستانی حیزبە کومونیستەکان لە ژێر کاریگەری‌و بەرژەوەندی سوڤیەت بە تایبەت میرغەزەبی بە ناوبانگ ستالین بەدوواوە ئوتونومیەکەیان بەداخەوە ئاکامێکی بێجگە لە کوشت‌و برو جێنوسایدی خەلکی کوردستان بە تایبەت وەحشی‌و دڕندانەکەی عێراق‌و سوریە بە پشتیوانی تەواوەتی سوڤیەت بە هەموو جورەکانی سیاسی‌و مادی‌و ئابووری‌و سەربازی‌و دەروونی‌و دیپلۆماسی‌و تارادەیەکیش لەئێران، وە هەروەها دوواخستنی رزگاری خەلکی کوردستان و گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی‌و ژێرپێ خستنی مافی رەواو مروڤایەتی ئەو مروڤە نەحەساوانە هیچ دەسکەوتێکی بەرچاوی لە گەل خوی نەهێناوەتە ئاراوە. رەچاو نەکردنی ئەو ئامۆژگاریەو گوێ نەدان بە داوای رەواو راستەقینەی خەلکی کوردستان لە سەرراوە بو بەرژەوەندی دەرەوەو بزگورێک لە **دەسەلات**، ئیتر ئوتونومی‌و خودموختاری باوی نەماوەو سوڤیەتیش

قڕهاتووه و ئوتونومی به نابەدلی گوڕ دە کرێت و فیدرالی شین بوتەوە. گەلو ئەوەش زور جێگای دلخوشی نیە کە زووتر خەلکی بەرەو ئامانجە کەی خویان بگەیەنێ چوونکە بە ناشکووری نەبێت لە شانسی کوردانەوە: **نەمام بووش و ئەمیر کە کە لە پێشەوا ستالین و سوڤیەتە کە بە روحم ترو بە ئەمە کترو خزم دۆست ترن و نە فیدرالیە کە لە خەونە موختاریە کەی بە بارەستایی ترەو نە عەللاوی و ئەفەندی گوڵ و جەعفەری و ئە کسەریەت و پان ئێرانی لە ئەتاتورک و میشل ئەفلەق و سەدام و رەزاشاو خومەینی مروڤ دۆست ترن.**

جیاوازیە کەی ئەم جارە رەنگ بێ نەوت و پیت وبەرە کەمان نەدرێ بە میگ و میراژو کوبراو بولدوزێری ئەنفال. ئەمریکاو ئەوروپا نەوتە کەمان دەبەن بە لێشاو بە ناوی **مافی مروڤ و دێموکراسی!!** لە کوتایش دا ئەو حیزبە کوردیانە هەمیسان دەبێ بلێن: **کاڵەمان پێماو چمان پێ نەبرا:** ئیجا ئەو کوردەش دەبێ چیان پێ بلێت.

شەنگە: مام میرزا گیان دەزانم زور ماندوو بووی هەتا ئەتو پشو کی دەدەی ئەوە منیش بە غاردان و بە لێنگ دان دەچمەوە مالێ قاپێک دۆی ترش و یەک دوو کوللێرە چەورانیش لە گەڵ خوم دێنم.

*****

## فەرەیدوون و کاوەی ئەمسەردەمە

ماممیرزا: هەی رولە دەست و پەنجەی بووک هەمینێ نەرزێت لە گەڵ کولێرەو دۆی، ئەوە ژیوەلە بوومەوە. ئێستا دەخوم رادەبینم کە بێ پشوودان حەوت کات ژێمێری رەبەق مەلەغانێ بگێرم. جا شەنگە لێرەوە ئەو بەشە تەواو دەکەم بەم ووتەیە: **ئەگەر مروڤ مێژووی خوی بزانێت قەت ناچێتە سەرچوکان و سوجدە بردن بو ئەوانەی کورو کالیان سەربریون و کەنیلەو داکیان بە جاریەو بەخشش بردوون.** ئەوەندە بەسە بو ئەو حیزبە خومالیانە جارێێێێێێێێێێێێێێێێێێێێێێێێێێێێێێێێێ. ئینجا با بزانین ناخومالیەکان چ خێرو بێرێکیان هێناوە بومان.

لەسەرەتای پێکهاتنی کوماری کوردستان لە مەهابادەوە بە پێی ئەمرو بوچوونەکانی ستالین لە رێگای باقروڤەوە بە حیزبی توودە دەگەیاندران و لەوێشەوە بەرەو دەڤەری ئێمە بالی خویان بەسەردا دەکێشاین. لە پێشا ئاماژەم پێدا کە شورشەکەی ئوکتوبر لە مێژووی یەکەم روژی هەتا تێکقرمانی گورباچوڤی ئەگەر بەروو بوومێکی بو هیندێک گەلان بووبێ ئەوە بو کوردی مال بە کۆڵ لە زەرەدوزیان چی تری نەبوە بەڵام تێکرمانەکەی کەمتا کورتێک خوشی وەبەر قوژبنێکی کوردان کەوت. یەکێک لەو خێرو بێرانەی کە لە روخانی یەکەتی سوڤیەت وەبەر خەلکی کوردستان کەوت ئەوە بوو

که چی تر به پێی دابەش بوونی دنیا لە نێوان دوو زلهێزان، ئیدی خەلکی کوردستانیش وەک بەشێکی زوری دیکە لە خەلکانی ئەم گورەپانە بچووکە کە ناوی جیهانە لە ژێر سم و لمبۆزی ئەو دوو **حەزیایانە** و دەست و پێوەندە کانیان کوتایی هات و شکل و شێوازی رەش و دزێوی چەوسانەوەو جێنوسایدی شاراوەی جاران نەما. بو ئەوەش دە کرێ ئاماژە بو تورکیا بکرێ کە بە پێی بایە خ نەدان بو بێ کەلک و هەرزان بوونی هێزی ئینسانی تورکیا لە **ناتودا** و هەروەها قیت و زەق کردنەوەی ئەو لە بنان گوێچکەی سوڤیەت دا ،قڕ کردن و جنوسایدی خەلکی کوردستانیان لە هەر چوار لاوە بو هۆی ئەوە کە ئەو پەردە رەش و داپوشراوە لە بەرچاوی دنیادا دابدرێت و کەڕبوانی بە قەستیش وای دەربخەن کە خەلکی ئەو دەڤەرەش وەک ئەوان مروڤن و حەز بە مروڤایەتی و دێموکراسی ئە کەن . بویە پێشان بوار نەدەدرا کە هاوارو دەنگی ئەو مروڤانەش لە گەڵ مروڤی لای ئەوان تێکەڵ بکرێت و ببیسرێت، ئەنفاڵ و خەزاو کێمیاباران هەر لە لایەن ئەوانەوە بوو کە لە بەینی داگیر کەرانی ئەم دیوەو دیو شوێنەونکەی پێ دە کرا. جا حیزبی توودە وەک داکوکیکەری بەرژەوەندی سوڤیەت لە ئێرانێ لە هەر کات و قۆناخێکی راپەریندا بویان گرینگ نەبوو کە گورانکاریە کان بو خەلکی چ دەرئەنجامێکی دەبێت شەماڵ با یان زریان هاتبا هەر بەرەو سوڤیەت شەنیان دە کرد، سەد حەیف و سەد مخابن مافی رەوای خەلکی کوردستان لە گەڵ بەرژەوەندی تایبەتی سوڤیەت نەدە گونجاو هەر بویەش حیزبی برا بە دزی و بە ئاشکرا هەر خەریکی بن کوڵ کردنی شورش و هێزە کانی کوردستان بوون ئە گەر نەببان بە کلکی داگیر کەرئەوە لێشاوی بوختان و درویان دژ بە خەلکی کوردستان و پێشمەرگە کانیان هەلدەرشت وە هەر لە سەرئەو بنەمایە بوو کە کاتی راپەرین و سەرهەلدانی گەلانی ناو ئێرانێ دەستیان دایەو شا بچکولەی رەزای رەزاقورسیان دەرپەراند. سوڤیەت و حیزبی توودە بە چریکی ئەکسەریەتیشەوە بە بیانووی دژی ئەمریکایی بناغەی کوشکی جەماوەرانیان بە دژی هەموو گەلانی ناو ئێران بە گشتی و دژی خەلکی تورکەمەن و کوردستان بە تایبەت و بە زەقی بو مەلای گەوجی کوماری ئیسلامیان دارژت، هەر دوور نەروین لەو کوردستانەی ئێمە بە ناوی کرێکاران و گەلانی بن دەستی جیهان یەک گرنی سوڤیەت حیزبی توودەو ئەکسەریەت لە لایە کەوە و توند کردنی قەیتانی پوتینی بنیسەدر و سواربوونی تانکی تالەقانی لە لایە کی دیکەوە خومەینی فتوای خەزای لە سەر داین و لەو شارە تا ئەو جیگایەی من و ماموستا ئاگادارین ئاکارو رەفتارە وەحشی گەریە کانی چواردە سەدە لەمەوبەریان دیسان دووپات و چەندپات کردەوە، یەکێ لەوانە ئەوە بوو کە چەند کیژی ئازای ئەو کوردستانەیان لە زورلە شارە کان پێش ئەوەی بیان کوژن بە ئەسحابە کانی گەمژەو درندەی ئەم سەردەمە واتە پاسدارە کانیان بە دەست و پێ بەستراوی دەستدرێژیان بەسەرا کردن کە بە پێی دینە کەیان کیژانی گاورو نەیاریان ئە گەر بە کچێتی بکوژن ئەوە دەچن بو بەحەشتە کەیان، بویە دەبوو پێش کوشتنیان بیان کەن بە ژن. بو ئەوەی ئەو

باسە زور درێژە پێ نەدەم دوو نموونەش لە سەربراکانیان لە تورکیاو لە عێراق دە گێرمەوە:

یەکەم. لە وتوویژێکی هونەروانی گەل شوانپەروەرلە گەڵ ئورگانی دەرەوەی وڵاتی رێکخراوی چریکە فیدایەکانی ئەقەلییەتی ئێران واتە جهان لە هەشتاکاندا یەکەم جارلە زانکۆی لە کورێکدا داوای لێدەکەن سترانێک بێژێت ئەو خەزاڵ خەزاڵ دەلێت لە کورەکەدا کومۆنیستەکانی حیزبی برای وێندەرێ لێ‌راست دەبنەوەو پێی دەلێن چما بە کوردی ئەلێت؟!! جا من بەش بە حالی خوم گلەیی لەو کومۆنیستانە ناکەم، مادام لێنین پشتی ئەتاتوورکی گرت‌و ئەویش زیاترلە هەشتا سالە بریاریان داوە کە لە تورکیا کوردی لێ نیە بویە ئەوانیش لە شوان هەستانە سەرپێ‌و گوتوویانە خولێرە کوردی لێ نیە ئەوە بو کێ‌ی دەلێت. ئەوە کیفایەتیانەو هیچی‌تر پێویست ناکات وەک بەلگە بو حیزبی برای وێ بێنینەوە.

دووهەم: ئینجا دەچینە باشوورو حیزبە بە ناوبانگەکەی شویعی عێراقی. لە باشوورئەو حیزبە برای ناوەنجی حیزبی توودەی ئێران لە سەرەتای هاتنە سەرکاری بەعسیەکان هەرچەند ئەوان وەک برایانی توودەیان بو هەرهەورێکی سوڤیەت لە عێراقێ چەتریان هەلنەدەدا بەڵام بە پێ بەرژەوەندی گشتی کوشکی کریملین شانیان‌دا بەرراست کردنەوە و چەقاندنی کولەکەو کاریتەی کوشکی بەعس‌و بەوەش رانەوەستان‌و هەللاهەللایان بو هەموو قارەکان دەچوو کە گویا کە سەدام کاستروی روژهەڵاتی ناوەندەو دەرسیان لە برایانی توودەیان لە مەرشای یەکەم‌جارهەڵاتووی ئێرانێ کە لە بن دەستیان بوو وەرنەگرتوو پیان رێخشاندو بە هەندیان نەگرت. سەدامیش کاتێک زانی کە تەواو چەقیوەو جێگای مەترسی نەماوەو باوکی مەزن سوڤیەت سەری بو دەلەقێنێ وەک دەلێن: شەلم کویرم ناپارێزم: دارو بەردیشی سووتاندوو خوشی چ فاشیستێکی لێ‌هاتەدی. لە سەرەتاوە باسم کرد کە فاشیستەکان بە **دەسەڵات** دەگەن چون لە گەڵ دژو نەیارانی خویان رەفتاردەکەن.لە زیندانی فاشیستەکانی سەدامی نەک هەربە کچ‌و ژن‌و پیاو دەست‌درێژی کراوە، روحمیان بە کورو کالی مێرمندالیش دانەهاتووە. دەگێرنەوە لە زیندانی کەرکوکێ دوو برای مێرمنالی بێ‌تاوان‌و بەستەزمانیان گرتبوو، بو شکاندن‌و خوراگری‌و بەرەنگاری کەرکوکیە کوردەکان بە زوری لە بە چاوی زیندانیەکان سواری یەکتریان کردوون. وا دیارە ئەو وەحشیگەریەی بەعسیەکان لە بیر نەچوتەوەو ئەمریکایەکانیش لە زیندانی ئەبوو غەریب لە سەرخەلکانێکی‌دیکە بە شێوەیەکی‌تر دووپاتیان کردووەتەوە. جا ئەو کارەساتە دەبێ چ شوێنەوارێکی تراژدی ومروڤ کوژی بە تایبەت لە ناو کومەلی ئێمەدا بە سەرهەستی مروڤایەتی ئەو بێ‌تاوانانەدا دانابێت، لە هەمووان قەباحەت‌ترئەوەیە کە کومونیست‌و چەپی بە ناوبانگی ئەمریکایە **دادوەر رەمزی کلارک** بە لاش‌و دلخوازوەک

کوردە گوتەنی نوکەری بێ خەڵات و بەرات تانجی سەری ئاغایە، بوتە چاوساغ و دمراستی و داکوکیکەر لە سەدام، ئەمە جگە لە داکوکی و داپوشینی فاشیست و هەزاران تاوانی نامروڤانەی دیکە وەکی ئەو دوو برایە دەبێ بە تەختی ناو چاوانی هەر کومونیستێکی وەکیییییییییییییییییییییی رەمزی کلارک بدرێت. ئەگەر ئەو دادوەرە خوێ جیا لە چوارچێوەی سیستمی مەلاشەڤیچ و سەدام نابینێتەوە ئەوە دەکرا وەک هێژاو بەرێزان **چاومشسکی و مایکڵ مۆر** خەباتی دژبە بووشی ئیمپریالیست لە ئەمریکایەدا کردبا.

شەنگە: مام میرزا دەبووری ماموستا هێندێک جار بوی باس دەکردم کە کومونیستەکانیش وەک دینداره کان دەستەو گرووپی زورن و هیچیان لە گەڵ یەک نین و جگە لە خوشیان کەسیتر بە کومونیست نازانن. ئەی پێم نالەی نەیارە کومونیستەکانی حیزبانی برا لە کوردستان چیان کردووە.؟

مام میرزا: بابەلێ شەنگە خومن ئێستا تەواو نەبووم و ئەوانم بو بنکر هێشتوتەوە. ماموستا زور راستی ووتووە، بە تێگەیشتنی منیش هەموو هێزێکی **ئایدولوژیک** چ راست وەک دیندارەکان و چ چەپ وەک مارکسیەکان هەردووک لایەن بە هەزارلەون خویان دەنوێنن و بە روالەت هیچ لە یەک ناچن و هەریەک ئەویتر رەت دەکاتەوەو کەس کەسی لا پەسەند نیەو هەرتاقمەی خوی پێ رەسەنەو ئەویدیکە بە بەدەڵ دازانێت و قەت بو لای یەکبوون هەنگاو نانێن و وەک دووپشک بە خواردنی یەکتر زاووزوو دەکەن. من کە ساڵانێکی زور هەردوو لایانم بە ووردی و دلسوزانە تێپەر کردووەو بە شوێن مروڤایەتیدا بە ناویاندا وێڵ بووم بەوە گەیشتووم کە: **مروڤ دوو جار کوێلە دەبێت، دوو جاریش ئازادو سەربەست دەژیت یەکەم مروڤ بە دەستی یەکتر کوێلەیە وەک دەورانی کوێلەبەری، دووهەم دەکرێت و دەبێتە کوێلەی ئایدولوژیک. لە هەردوو رێدا بەردی بناغەو دیواری نامروڤایەتی بو کوشکی دەسەڵات دادەنێت. مروڤی ئازادو سروشتی کاتێکە کە بە ویستی خوی لە دایکی جیا دەبێتەوە، جاری دووهەم رزگاری و سەربەستی مروڤ ئەوەیە کە لە تەون و توری ئایدولوژیدا دەربچێت و نەبەسترێتەوە.** لێرە جێگای نابێتەوە لەوە زیاتر باسی لێوە بکەم و هەلیدەگرم بو داهاتوو ئەگەر موتەکەی مەرگ بەو زووانە لە حەرزێم نەدات.

کاتێک شاو شایەتینی دەرپەرین و مەلاو جرجاڵ داوەرین، میزەر بەسەرو جندوکەکان لە تارانێ را دەستیان بە دانانی

کوخت‌و کەپری خویان کردو هەر کەس بەلێ‌ی بو نە گوتن لە ملیان دان. وەک مێژوو سەلماندوویەتی لەوەتا ئەو جۆرو جانەوەرانە پیان ناوەتە ئەم ولاتە یەکەم شوێن کە پەلاماریان داوەو هەلیانکوتاوەتە سەری‌و دەستیان بەسەردا گرتووەو تێک‌وپێکیان داوە ئەوە زانست‌و زانستگە بووە، بویە ئەوانیش لە تارانەوە هێرشیان بردە سەر زانکۆکان‌و ئەوەی وەبەر دەستیان کەوت گرتیان‌و کوشتیان‌و بردیان‌و ئەوەی قووتاریش بوون لە دەستیان ئەوە بە دزی و بە پوول‌وپارە خویان گەیاندە دەرەوەی ولات. هەروەها کوردستانیش کە بالی ئەوانی بەسەرا نە کشابوو بووە شوێنی حەوانەوەی بەشێکی‌تر. زوربەی ئەو کورو کومەلانەی روویان دە کوردستان کرد هەموو بالە کانی دژ بە بەرەی سوڤیەت هەر لە ئیستکان‌و ژێر پیالەی ئەنوەر خووجەی ئەلبانی تا دە گاتە دوولینگەی تەنگی مائوی چینێ بوون. لە کوردستانێ چەند بەشێکیان پێکەوە خویان کۆ کردەوەو فەرەیدوونێکی تازەیان لە دەوربەری تاران‌و ئیسفەهانێ کە لە گەڵ خو هێنابوو بە دووای کاوەیە کی نوێدا دە گەران. وا دیار بوو هەمیسان بو ئەم زوحا کەش پێویستان بە کاوەیە کی‌تر بوو، گەران گەران تا کاوەیان لە بۆکانێ دوزیوە، زوحا کی ئەم جارە زوحا کی کەون نەبوو،ماری لە سەر شان نەبوون، مارە کانی دوو نەبوون، چوار بوون‌و دەشیان‌توانی لە خوی دوور بکەونەوەو ئەو سەرەوسەری ئێران‌و کوردستانێ‌ی بو بکەن، ئەو زوحا کە نەک هەر سەری کوران بەلکوو سەری کچانیشی پێویست بوو، زوحا کی ئەم جارە بێ‌دین نەبوو دین‌دار بوو،شانەبوو،فرعەون نەبوو،میر نەبوو،ئاغا نەبوو، کوێخا نەبوو، **مەلا بوو مەلا** . مارە کانی خاڵ‌خالی‌و لاجەوەردی‌و چەمران‌و حەسەنی بە کوردستانێ وەربوون، لەم سەری تا ئەو سەری بە هەزاران کورو کچ‌و مناڵ‌و پیرو ژنیان کوشت‌و سەر بری. لەم لایشەوە فەرەیدوون، کاوەی لە بۆکانێ هەلگرت بو تورجانێ‌و لەوێش رانەوەستان‌و بارگەو بنەیان برد بو مەشکەپەی ئالانێ،خەلکی کوردستانێ کەوتبوو بەرلەشکری تارانێ بو خەزاو ئێعدامێ، فەرەیدوون‌و دۆستە کانی لە گەڵ کاوەو هاوریانی کومەلەی تازەیان کرد بە حیزبی کومونیستی ئێرانێ‌و بانگیان رادەهێشت بو جیهانێ لە مەشکەپەی کوردستانێ، بەهێزی پێشمەرگە کە ببوو بە ئەرتەشی سووری ئێرانێ، رزگار دە کات بەتەنیا کرێکارانی جیهانێ، نەک گەلانی بن‌دەستی ئێرانێ، ئەمجارە دژی بورژوازی کەوا سووری سوڤیەت‌و چین‌و ئەلبانی‌و لە گەڵ قولە بورژوای کوردو کوردستانێ. بەلام ئەو حیزبە سەر نە کەوت لە ئەفغانێ‌و تێنەپەری لەو لاوەی سولەیمانێ. بە چەپلە لێدان بو سەدامی بو کردنی کوێت وێرانێ‌و بە شکانی سەدام لەو سەرەو سەری کوردستانێ بە راپەرین‌و سەرهەلدانێ‌و پاک بوونەوەی کوردستان لە ئەمن‌و ئیستخبارات و موخابەرات‌و موغاویرو قووات خاسەو تەواری‌و جاشە خەفیفە هەتا کۆرەوو رەوە کوردی ماڵ‌وێرانێ. چاویان بەرایی نەدا بەو راپەرینە جەماوەریەی کوردستانێ،دوور لە حیزب‌و سەرۆکانێ،بەقسەی تێئوریسێنە کەی فەرەیدوونی کە بیانووکی باش بوو بو چوونی بو هەندەرانێ، بەیانیەی دەر کردوو گوتی کە خەلک نیە راپەریوە بەلکوو هەلبەزدابەزی ئەمریکایە

له و ێ وولاَت وێرانێ. هەنووکە حیزبە کەی مەشکەپە کۆن نەببوو، پەیتاپەیتا حیزبی دیکەیان درووست دە کردو ئەم جارە وەرگەرانە سەروو سە کوتی لەشکری سووری مەشکەپەی و دەیانگوت ئەوانە ئیتر بو کرێکارو لەشکری سوور نابن با بچین بو مانیفا کتورە کانی ئەمریکاو ئەورووپایە لەشکری سوور ساز بکەین، هەرچەند لەوێش زوری پێ نەچوو کە فەرەیدوون و تیئوریسیێنە کەی واتا کاک ئیرە ج کەوتنە شەروشوور لە گەڵ یە کترو هەزاران ناوو نووتکەیان بە یە کتر وەنا، لە جیاتی یە ک گرتن کردیان بە زاووزووی تر. فەرەیدوون و هاوریکانی بەتایبەت کوردزمانی تا لە دێهاتوو گوندی کوردستان بوون شەوونیوەشەو، رەش وررووتی ئاوایە کان لە بەردەمی ماڵ ومنالی خویان هەلیان دە گرتەوە و لە پێش ئەوانیان دادەناو کە بەلکوو ئەوانیش بە فەلای دەست قەلشیویان بزانن، ئەو هاوریانەش دووای خوردنی تێروپر لە شەلەم و دۆخەوەو دۆسۆڵ وترخێنەو دۆینەو مەترووتجەو هەلیماو ساوەرو تێکشەمەخو و.............پاشان کە لە مالە کان دەهاتنە دەرەوە فەلای دەس قەلشیویان بو گالتەجاری خویان دەیان کرد بە قوون قەلشیو، ئینجا لە ئەورووپاو ئەمریکایە کە بە بابۆلەی چەوری مە کدۆناڵدی فێربوون دەستیان کرد بە پێ هەلاَ گوتنی بابۆلەی مە کدۆنالدی و چاوبزی خەلکی کوردیان دەداو بو ئەو کێشتە دوواکەوتوویانەی کە هەیانە. هێندیان گالتە بەو خەلکە کرد تا موویان لە سەری زمانی هاتتتتتتتتتتتتتتتتت بڵەی نەزانن کە لە سەر ئەو بابۆلاَنەی بنەمالەی مستر مە کدۆنالدی لە ئەمریکاو ئەورووپایە سەدان دو کتۆرو پسپۆری خواردەمەنی خەلکی ئەو وولاَتانەیان هۆشیار کردووتەوە کە بابۆلەی مە کدۆنالدی زەرەدی بو باری تەندرووستی مروڤ هەیە، لە سەرێکی تریشەوە هەرزانترین کرێ بە کرێکاران لە هەموو ئەمریکاو ئەورووپایە دەدەن هەر بەم بونەوە هەموو سالێک لە رۆژی جیهانی کرێکاراندا لە یە کی مەی دا هەزاران هەزار کرێکار هێرش دەبەنە سەر مە کدۆنالدان.

لە لایە کی ترەوە کاوەو هەڤالاَنی بە هەزار سەمەرگی و خو دێرودەو ێ کوتان و شەرەجنێو لە گەڵ کونترین هاوریانی دامەزرەنەری کۆمەلە لە سەر بەش کردن ببێت بە هە کێهەیان، بە پەلەپلووسکە توانی خوی بە داوێنی خەلکە هەژارە کوردە کەی بگرێتەوە، بەو هیوایە کە ئەم دەرسە لە بیر نە کاتەوە. لە کۆتاییدا ئەم بەشە دە کەین بە سێ خاڵ:

١--- کارێکی بەرچاوی حیزبە ناخومالیە کان واتا سەرانسەریە کان کە بە گشتی کومونیستە کان دە گرێتەوە ئەوە بوو کە لە راپەرینی بەرینی خەلکانی ئێرانێ کە ئەو فاشیستانەی لێ پاشە کەوت بوو، بوون بە هۆکاری سەرە کی و کارتێکەر بو داسەپاندنی داوای دەرکردنی بەشێک لە حیزبە کانی باشوور کە دەرئەنجامی نەهامەتیە کەی هەرەس هێناوی ١٩٧٥ ئاوارە و پەریوەی ئێرانێ بوون وە بە زورەملی کردیان بە یە کێک لە خواست و ویستە سەرە کیە کانی کوردی روژهەلاَت لە ٢٦ مادە کە لە بنەوە بوو بە ٦ مادە وەک داوای خەلکی کوردستانی روژهەلاَت لە کۆماری ئیسلامی.ئاخر ئەوە کوا داواو

و ویستی خەلکی روژهەلات بوو کە حیزبێکی ئاوارە هەرچەند بلەین کە خەراپیش بێت توبیکەی بەداوای ئەو خەلکە لە دەسەلاتی داگیرکەر کە لە ناو ئەوانیشدا زور رەشوو رووتی وەک ئێمە لە دەست سەرکردەکانی ئەنفالی نوێ واتا سەدامیەکان بە ناچار دەربەدەرو وەیلان بوو بوون خوزیاری دەرکردنیان بی کە بە غەیری تەسلیم کردنیان بە دەستی فاشیست وە هەروەها گڕی ئاوری شەری ناوخویی پێ خوش کردن واتایەکی دیکەی لێ دەرناکەوێت، بە هەر میجازێک رەخنە گرتن و لە قاودانی ئەم کردارە هیچ پاساو پاکانەیەکیش بو هاوکاری ئەو حیزبەی باشوور لە گەڵ شاو خومەینی لە دژی روژهەلات ناکرێ بوی بهێنێوەههههههههههههههههههه .

لە گەرمیانیش لەوەیان باش تر نەکردووە. لە دووا قوناخەکانی ئەنفالٌ و قڕ کردن و کیمیاباران لە لایەن بەعسیەکانەوە کاتێک کە بوٌلدزێرەکانیان شارو شاروچکەکانی پشدەرو بێتوێنیان بە سەر نوێن و بانی ئەو بەلەنگازو لێقەوٌماوانەدا دەرووخاندو بە دینامیتیش دەیانتەقاندەوەو خەریکی دواهەنگاوەکانی ئەنفالٌ بوون بەتایبەت ئەو هێزە کومونیستانەی موریدو دەروێشی فەرەیدوون، نەیاندەهێشت کە توزی مالە بە کاول بووەکان بە تەواوی بنیشێتەوە لە سەر دارودیوارە رووخاوەکان ئەوەیان دەنووسی **" شەرمەزاریە بو کورد گەرناسیونالیست بێت "** . هەی گەلوٌ ناسیونالیستی چی؟!! هەر کوردێک گەرڕا نەکات و ئاور داتەوە بە بنەمالەوە دەبردرێن بو پێ دەشتەکانی عەڕعەڕو وەک نوێن و بانەکانیان هەر بە زیندوویی دارو بەردیان بە سەرا دەرێژننننننننننننننننننننننننننننننننن.

۲---لە لایەکی دیکەوە زور جاران بەلاٌی وایان بە سەر ناودارانی ئەو خەلکەیان هێناوە کەپیاو بە دەواری دوٌمێ نەدا. بونموونە حیزبیبرا، تووده چیان بە سەر **نێلٌسن مەندیلای کوردان مامەغەنی** هێناو پیان کرد. ئەو مامە غەنییە ئەگەر بە گوێ وانی نەکردبا و شوێنیان نەکەوتبایە قەت هاوولاٌتی وا بێئەمەگ نەدەبوون کەخویو ماشێنێک کە پیان لە زیندانێ هێنادەرەوە لە سەر دەستان بیگێرن و هاوار بکەن: مامە غەنی هاتەوە بلێن بەخێر بێتەوە: لە پڕرا لێوەرگەرێنەوە وپێ بلێن:مامەغەنی جاشە بو تێهەلدان باشە: تو بلەی ئەوخەلکە رەشوو رووت و هەژارە ببێت بەقەومی ئاجیلباجیل و خوخوران. مروڤ واق دەمێنێ و رەق دەبێت لە سەیری ئەم دیمەنانە. لە چەند لاوە دوای ۲۵سالی رەبەق نەشکان و کرنوٌش نەبردن بو شای ۲۵۰۰سالەی شاهان!!هێنایان و راپێچیان داو وەپێش خویان خست و کردیان بە کەواسووری بەرلەشکرێ و بردیان بو گەلیقاسملووی وەبە هەزاروا وەیلایان لەوێوە دەربازی بووو خوی گەیاندە وولاٌتی دووهەمی کوردان لە سووێدە حەیاتەکەی و گەراوەتەوە سەر بارو دوٌخی لاوێتیەی جارانی کومارو دەستی کردووە بە بلاٌوکردنەوە هاوار، هاوارەکەی خوییییییییییییی. هەی گەلوٌ.................بوت نەمێنمممممممممممممم.

۳---ئەگەرحیزبە سەرانسەریە کومونیستەکان بەوە دەنازن کە هیچ نەبێ حیزبە کوردیەکان لە بەربوونی ئەوان لێرەوە

ناچاربوون ئەوە ئەگەر بە راستیشیان نەبێت هێندێک دێموکراتترو رادیکاڵتر وەیان بەقەولی خویان گوتەنی کونەپەرستترو ناسیونالیستتر نەبن و نەتوانن بە کەیفی خویان بە مەیدانی کوردەواریدا سواری خویان لینگ بدەن.ئەوە شتێکی زور ئاسایە کە لەهەموو قوژبنێکی ئەو گوندە بچکۆلەیە ، مەگەر لە وولاتانێک کە **شا حیزب و جەمهور پاشای** هەبێ. دەنا ئەو کێبەرکێ بە قەستیەو نابەدلە بو زووتر گەیشتن و زیاتر خو هەڵاوەسین بە دێوو درنجی **دەسەلات**، لە ناو حیزبە کوردیە کانیشدا هەروەها ئەوە هەیە. هەنووکە چاو لە باشوور بکەین زور کارو پرۆژەی خزمەتگوزاری لەوانە بوو جارێ نەیکەن یان هەر نەیکەن، بەڵام دەسەڵاتی هەردووک پارچە کە بو چاونووساندنی زیاتری خەلکیش بێت لە هەمبەر یەکترا بە قازانجی خەلک و ئاوەدان کردنەوەی کوردستان تەواو بووە.

شەنگە: مامیرزا لە کوتایی لە گەڵ ماندوونەبوونت بلەی ئەو حیزبانە پێت نەلێن ئێستا سەردەمێکی ترەو وەختی ئەو قسانە نەماوەو ئەوە کای کونە بە بای دەکەی.؟

مامیرزا: شەنگە گیان منیش لە وەرامیاندا ئێژم راستە من کای کون بەبا دەکەم لەبەرئەوەی یەکەم ئێوە مێژوو شوێنەونکە نەکەن، دووهەم ئەو ئاکارو کردەوەتان چەندپات نەکەن. جا هیوادارم بەو باس و خواسانەی بوم کردی و بەو بەسەرهاتانەی بوم گێرایەوە ئەوە توانیبم کەمتا کورتێک یان وەک دەلێن بزگورو تیتۆلێکم لێ دادڕیبێت و ووڵامێکی سەر پێیانە هەرچەند ناپوخت وپاراوو پەرشووبلاو بووبێ، وڵامدەری پرسیارەکەت کەمێشک وبیرو هەست ونیستی توی هەرزەکار وکرچ وکالی داگرتووە واتە **" کوا فاشیست؟ "** دابمەوە. ڕێم بدە لە کوتایی قسەکانمدا چەند ووشەیەک بو پێزانین و رێزلێنان لە ماموستای هێژامان بلێمممممممممممممممممممممممممممممممممممممممممممممممممممممممممم:

**ماموستا لەیلا**
**زانا و شێرە**
**شێریش هەرشێرە**
**جیاوازی نیە**
**مێیە یان نێرە**

*********

کاوە سوور.................ئوتوبری ٢٠٠٥

+++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++